ناوی پەرتووک: داهاتوویەک کە بەهەمووومان دروستی دەکەین

نوسراوە لەلایەن: گروپی شاری یاخی

ناوی وەرگێڕ: زاهیر باهیر

دیزاین و ئامادەکردنی: شاخەوان عەلی

ساڵی چاپ: ٢٠٢٣

چاپکردن: چاپخانەی بینایی

شوێنی چاپ: سلێمانی

تیراژ: ٣٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠

# سوپاس و پێزانین

هەندێ هاورێی فرە ئازیزم، کە سەرباری جەنجاڵیی ژیان و کار و چالاکی خۆیان، ئامادەبوون کە وەخت بدەن بەم وەرگێڕانە و پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی.

هاوڕێ گۆران هەڵەبجەیی لە سوید و هاوڕێ سۆران موحەمەد عەزیز لە سلێمانی بە هەڵەچنی و تێبینییەکانیان کۆمەکیان کردووە، هەروەها هاوڕێ شاخەوان عەلی سەرەڕای پێداچوونەوە و پێشنیارەکانی ئەرکی دیزاینکردنی کتێبەکەشی کێشا. بۆ هەموو ئەم ماندووبوونەیان سوپاسگوزارم و ئەرک و ماندووبوونیان بەرز دەنرخێنم. هیوادارم نموونەیان زۆر بێت.

زاهیر باهیر

سلێمانی ئەیلولی ٢٠٢٣

# داهاتوویەك كە بە هەموومان دروستی دەكەین

## پرسیار و وەڵام سەبارەت بە **ئەناركیزم**




**شاری یاخی**

**REBEL CITY**

وەرگێڕانی: زاهیر باهیر

**٢٠٢٣**

# بۆچی ئەم پرۆژەیە گرنگە؟

چالاکییەکی گرنگی ' شـــاری یـاخی' پڕۆژەی قوتـابخـایە. پرۆژەیەکە زیاتر بایاخ و ســـەرنجی لەســـەر لەندەنە، ئامانجی ئەوەیە بچێتە ناو قوتابخانە و کۆلێژەکانەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران سەبارەت بە ئەنارکیزم بەشداری گفتوگۆکان بکەن.

بۆچی ئەمە گرنگە؟ ئەگەر ڕاشـــکاوانە بیلێین، پەیوەندی بە گەیاندنی پەیامەکەمانەوە هەیە. هەڵوەشـــاندنەوەی دەوڵەت نەزمێکی کۆمەڵایەتی نوێ دروســــت نـاکـات، پەروەردەی بەردەوام بەشـــێکی گرنگی دروستکردنی دەبێت و توانای دەستپێکردنی پرۆسەی شۆڕشگێڕانەی لێرەوە و لە ئێستادا هەیە.

گفتوگۆکـانـمـان لەگەڵ خـوێـنـدکـاران نەک هەر تەحەدای بەهـا ســـەرمایەدارییەکان دەکەن، وەک ســـیســـتەمی مووچە، کێبڕکێ و کێ خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە، بەڵکو ئەو بەها ئەخلاقییانە بەرەو پێش دەبەن کە بنەمای کۆمەڵگەی ئایدیاڵمان دەبن. لەڕێگەی شـــێوازە بەدیل و ناپلەبەندییەکانی پەروەردەوە ئامانجمان هاندانی بیرکردنەوەی ســـەربەخۆ و ئـازادی و هـاوکـارییە پێویســـتەکانە بۆ پێشـــخـســـتنی پەیوەستبوونەوە و هاوکاری یەکتر.

دروستكردنی كۆمەڵگەیەك لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەری و هاودەنگی و یەكسانیی، گۆڕانكاری ڕیشەیی لە پراكتیك و دامەزراوە و ڕەفتارەكانی ئێستادا دەگرێتەوە. ئێمە باوەڕمان وایە مرۆڤەكان لە ئێستاوە خاوەنی زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەن كە پێویستن بۆ دروستكردن و بەردەوامبوونی ئەم كۆمەڵگەیە كە زۆر جیاوازە و زۆرجاریش پراكتیزەی دەكەن. هاوكاتیش ئێمە لە ژێر هیچ وەهمێكدا نین سەبارەت بە بوونی ڕەفتار و هەڵوێستی خۆپەرستانە و كێبڕكێكارانەی ئەو لایەنانەی كە لەلایەن زۆرێك لە هاندەرانی سیستەمی سەرمایەدارییەوە هاندەدرێن كە لە ئێستادا بانگهێشتكراون بۆ ناو قوتابخانەكان و وەك نمونە پشتگیریان لێدەكرێت. لەوانە بازرگانی گەورە و قەبە، خاوەنكارەكان، سیاسەتمەداران، فەرمانبەرە گەورەكانی بانك، ئەوانەی لە بەشی سوپا و سەربازییدان، هەروەها بیرۆكراتەكان..تد. ئەمانە زیاتر دەستڕاگەیشتنیان بە مێشكی گەنجان پێدەدرێت و وەك نموونە و مۆدێل بۆ ناو قوتابخانە پێشوازییان لێدەكرێت، ئامانجیان ئامادەكردنی گەنجانە بۆ ژیان وەك كرێكار و بەكاربەر و لایەنگری سیستەمی سەرمایەداری.

بەداخەوە چوونە ناو قوتابخانەكان بۆ ئێمە زۆر قورسترە. ڕەنگە بە وێنەكردنی ئەناركیستەكان لە لایەن میدیاوە وەكو چەقۆكێش، بۆمبڕێژكەر، ئاژاوەگێڕ یارمەتیدەر نەبێت، هاوكاتیش دیدگای ئێمە لەگەڵ زیادبوونی بازرگانیكردنی پەروەردەشدا ناكۆكە.

ئێمە ئاشنای مەلزەمە سیاسیییەكانی ئاستی پلەی خوێندنی پۆلی دوازدەین ، كە ئەی لێڤڵە، دەتوانین دانیشتنی گونجاو گفتووگۆی كاریگەرانە لەگەڵ خولەكانی ئەو خوێندنەدا ئەنجام بدەین، لایەنە جیا جیاكانی كۆمەڵگە و دەرەوەی مەنهەج بگرێتەوە، یاخود كۆبوونەوەیەك لەسەر شێوازە ناپلەبەندییەكانی كاركردن و خوێندن و ژیان ئەنجام

بدەین، قسە لەسەر لایەنەكانی ئەناركیزم و هەروەها ئەناركیزم و ئایین بكەین.
ئێمە پێشتر چەندین دانیشتنمان لەگەڵ خوێندكارانی قۆناغی دوازدەدا لە قوتابخانەكانی لەندەن ئەنجامداوە و قسەمان بۆ گروپەكان كردووە لە سەرانسەری چەندین شوێنی جۆراوجۆردا. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ئەو پرسیارانەی كە لەم كتێبە
دا كۆكردۆتەوە لەسەر بنەمای ئەو پرسیارانەیە كە بەشداربووان لەم بارانەوە كردوویانە. هەموو ئەو پرسیارانە و وەڵامەكانیان لەم كتێبەدان، لەژێر ناوی: **'داهاتوویەک كە بە هەمووومان درووستی دەكەین'**.

## شاری یاخی
## لەندەن

# 1 پێناسەی نامیلکەکە

ئەم نامیلکەیە لەلایەن گروپێکی ئەنارکیستی بەناوی شاری یاخیەوە (Rebel City) کە لە لەندەنە، نووسراوە. ئێمە هەواڵنامە و نامیلکە لەسەر ڕێکخستنی کۆمۆنێتییەکان و ئەنارکیزم بڵاودەکەینەوە و سەردانی قوتابخانە و کۆلێژەکان دەکەین بۆ قسەکردن لەگەڵ گەنجان لەسەر بیرۆکەکانمان.

لە کاتی گفتووگۆکردن لەگەڵ خوێندکاراندا چەندین پرسیار سەریان هەڵدا، بۆیە بڕیارمان دا لە نامیلکەیەکدا و وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانە بدەینەوە. وەڵامەکان لەلایەن زۆر کەسی جیاوازەوە کە بەشدارییان کردووە دراونەتەوە. هیوادارین باسێکی ڕاست و دروست بەڵام جۆراوجۆر پێشکەش بکەین کە چۆن دەتوانین بە ڕێکخستنی خۆمان بە گوێرەی بنەما ئەنارکیستییەکان کۆمەڵگەیەکی باشتر دروست بکەین.

نامیلکەکە بەسەر سێ بەشدا دابەش بووە. یەکەمیان " ئەنارکیزم چییە؟" باس لە بیرۆکە بنەڕەتییەکانی ئەنارکیزم دەکات کە چۆن جیاوازن لە سیستەمەکانی تر. بەشی دووەم، "کۆمەڵگەی ئەنارکیستی چۆنە و چۆن دەبێت؟" لێرەدا نامیلکەکە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن دەکرێت ئەو بنەمایانە لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵدا جێبەجێ بکرێن.

بەشی سێیەم بە ناونیشانی "چۆن لێرەوە بگەینە ئەوێ؟" هەروەها چۆن لە ئێستادا دەست بكەین بە ڕێکخستنی خۆمان، بۆ ئەوەی بەڕاستی بتوانین جیهانێكی باشتر دروست بكەین، ئەمە پرسیارێكە بۆ هەموو كەسێك.

لە خوێندنەوەی نامیلكەكەدا گەلێك وشە و چەمك و دەستەواژە هەیە كە پێویستییان بە شیكردنەوەیە. هەموو ئەوانە زەقكراونەتەوە تاكو سەرنجی خۆێنەر ڕاكێشێت، بۆ ئەمەش فەرهەنگێكمان لە كۆتایی نامیلكەكەدا بۆیان داناوە تاكو خوێنەر بە ئاسانی تێبینییان بكات.

# ٢ ئەو دۆخەی کە تێیداین

پێش ئەوەی باس لە ئەنارکیزم بکەین، با بزانین ئێمە لە ئێستادا لە کوێداین و چۆن دەژین. لە بەریتانیا و زۆربەی جیهان ژمارەیەکی ئێجگار گەورەی هەژاریی هەیە. ملیۆنان کەس بە هۆی نەخۆشییەوە دەمرن کە بە دەرمانێك چارەسەر دەکرێن کە نرخی یەک فلسیان هەیە، هاوکاتیش هەندێکی تر چەندین یەخت و خانوو وماڵیان هەیە کە ئەوەندە گرانن سەرسوڕهێنەرانەن.

وێڕای ئەوەش لە سەراپای دونیادا ڕەگەزپەرستی و سێکسیزم بەربڵاوە. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بە هۆی ڕەنگی پێستیانەوە، جنس و مەیلی جنسییان یان ڕەگەزەوە دەکوژرێن یاخود هێرشیان دەکرێتە سەر. لە بەریتانیا ملیۆنان کەس ناچار بە پەنابردن بۆ سێنتەری خۆراکبەخشینەوە کراون، لە سەرانسەری جیهاندا ملیۆنان کەس بە هۆی برسێتییەوە گیان لەدەست دەدەن. لە هەمان کاتدا بڕێکی زۆر خۆراك دەمێنێتەوە و بۆگەن دەکات چونکە باشترە بۆ قازانجی بزنسە گەورەکان ڕێگەی بدەن بۆگەن بکات نەک بدرێت بەو کەسانەی کە بە هۆی کەمیی خۆراکەوە دەمرن. خەڵکی بەریتانیا لە نێوان بژاردەی خۆگەرمکردنەوە یاخود خواردندان ( هەندێك جاریش توانای هیچیانیان نییە). بە گوێرەی ئەو لینکەی خوارەوە زیاتر لە 30%ی دانیشتوانی جیهان لە ساڵی 2020 لە چێشتنی ئازاری دابیننەکردنی

خۆراكدا ژیاون و ئێستاش خراپتر بووە. (كۆڕبەندی ئابووری جیهانی (tinyurl.com/3mkenvzy

سەرەڕای ئەوانەشی كە وتران ئێمەش بە ڕۆڵی خۆمان ژینگە لەناو دەبەین، ئێمە چەندەها تەن پیسیی فڕێ دەدەینە ژینگەوە كە دەبێتە هۆی گەرمبوونی جیهان و تەندروستی منداڵەكانمان و خۆمان لەناو دەبەین. هاوكاتیش كۆمپانیا فرەنەتەوەییەكان زیاتر و زیاتر سەرچاوە سروشتییەكانمان هەڵدەكۆڵن بۆ ئەوەی بەرهەمی زیاتر و زیاتر بەرهەمبهێنن كە پێویستمان پێی نییە. لەگەڵ ئەمەشدا سیستەمی تەندروستی و پەروەردەمان بە هۆی نەبوونی پارەوە وێرانە. سوپەر دەوڵەمەندەكان ملیارەها دۆلار خەرج دەكەن بۆ هەڵدانی مووشەك بۆ بۆشایی ئاسمان تا بتوانن گەشتی [هۆڵیدەی] باشتر بەسەر بەرن.
**سەرمایەداری** و **سۆسیالیزمی دەوڵەتی**، زۆرینەی ڕەهای ئێمە شكست پێ دەهێنن تا ئاستی وێرانكردنی تەندرووستیمان و بەمە ملیۆنان كەسمان لێ دەكوژن، بە باوەڕی ئێمە ئەمە هەڵەیە، چونكە سوودی بۆ كەمینەیەكی زۆر كەم هەیە لە كاتێكدا ملیارەهامان لەگەڵ نەبوونیی ژیاندا لە دەستەویەخەداین.

چۆن دەبێت ئەمە ڕاست بێت؟ بۆچی دەبێت ئەمە قبووڵ بكەین؟ ئایا هۆكارەكە ئەوەیە كە ملیارەها لە ئێمە فێڵمان لێ كراوە و هەژاری وەك شتێك قبووڵ دەكەین كە هەست دەكەین ناتوانین بیگۆڕین؟

ئەم سیستەمەی ئێستا گەندەڵە و بۆ ساماندااران بنیات نراوە ئەمەش بە تەواوی هەڵەیە و سیستەمی باشتر هەیە، ئەو سیستەمەش لای ئێمە ئەناركیزمە.

# ئەناركیزم چییە؟



# ٣ كەواتە ئەناركیزم چییە؟

هەمووومان لە كۆمەڵگەیەكی پڕ لە بەڕێوەبەر، قازانجخواز، موڵكدار و دابەشبوو بەسەر دەوڵەمەند و هەژاردا چاومان هەڵهێناوە و پەروەردە كراوین كە ئەمەش سیستمی **سەرمایەدارییە**. ئێمە دەزانین سیستەمەكە چۆنە و چۆن كار دەكات، هەر ئاواش پێگەی خۆمان لە كۆمەڵدا دەزانین ئەوەش دەزانین كە چیمان لێ چاوەڕوان دەكرێت. بەڵام ئەی دەربارەی ئەناركیزم؟ كۆمەڵی ئەناركیستی چۆن كار دەكات؟ چۆن بەڕێوە دەچێت؟

ئەناركیستەكان باوەڕیان وایە كۆمەڵگە دەبێت لەسەر سێ پرەنسیپ بێت: **ئازادیی** و **یەكسانی** و **هاوپشتیی** ( هاوكاریی یەكدی). بۆ گەشەكردنی تەواو ئەناركیستەكان باوەڕیان وایە مرۆڤەكان دەبێت ئازاد بن. ئازادیی ڕاستەقینە تەنیا لەو كۆمەڵانەدایە كە لەسەر بنەمای یەككەوتنی خۆبەخشانەن، نەك ئەوانەی كە لەسەر بنەمای هێز و زۆرەملێ دامەزراون، واتا لەو كۆمەڵانەدا ئەمە بەدەست دێت كە هەمووان یەكسانن. بەڵكو هیچ ئازادییەكی ڕاستەقینە لەو كۆمەڵانەدا نییە كە بەسەر **چیندا** دابەش بوون و نایەكسانیی گەورەیان لە دەسەڵات و سامان و ئیمتیازدا بە جۆرێک هەیە، كە یەكسانی نەتوانێت بوونی هەبێت.

هاوپشتی و **هاوکاریی هاوبەش،** ئەو ڕێگایانەن کە لە کاتی پێویستدا پاڵپشتی یەکتری دەکەین، بەبێ ئەوەی لە بەرامبەردا داوای هیچ شتێک بکەین. ئەمەش بە واتای ئەوەی مامەڵەکردنی هەمووان یەکسانانەیە و دروستکردنی پەیوەندییەکان و دامەزراوەکان و پێکهاتەکانی پشتیوانی لە ئازادیی هەمووان دەکات.

دامەزراوە و دەزگەکان **لێپرسینەوە**یان لەگەڵ دەکرێت. ئەمەش یانی بەرپرسبوون لە کار و بڕیارەکانت لە بەرانبەر ئەوانەی کە پەیوەندییان بە تۆوە هەیە، بۆ نمونە هاوکارەکانت، دراوسێکانت...هتد.
بڕیارەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەدرێن، لێهاتوویی و سەرچاوەکان و زانیارییەکان هاوبەشیان پێدەکرێن و هەروەها ئەرکەکانیش دەگۆڕدرێن.
لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا خەڵك بە هەڕەشە و بە زۆر هیچ شتێکی بەسەردا ناسەپێنرێت یاخود ترس و برسێتی و نەبوونیی بۆ کارکردن زۆری بۆ ناهێنێت.

## ٤ بەڵام ئایا ئەنارکیزم هەمووی ئاژاوە و نائارامیی، پشێویی نییە؟

نەخێرا ئەمەش هەڵەیەکی باوە کاتێك لەگەڵ خەڵکدا باسی ئەنارکیزم دەکەین، هەروەها هۆکار و پاساوێکە کە **دەوڵەت** و میدیا بە ئەنقەست بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی ئەنارکیزم کەمتر سەرنجڕاکێش بێت بۆ خەڵك.

ئەنارکیستەکان **دەوڵەت** و دەسەڵات و باڵادەستیی، سەروەریی و **پلەبەندیی، هیرراشیی** ڕەتدەکەنەوە و جەدەلی ئەوە دەکەن جیهان لە



ئێستادا لە ئاژاوە و پشێویدایە بە هۆی ئەو سیستەمەی كە دەوڵەت و ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە دایاننناوە.

سەیری ئەم جیهانە بکە کە تێیدا دەژین، سەدان ساڵە نیوەی دانیشتووانەكەی لە هەژاریدا دەژین، وێڕای ئەوەی زیاد لە بەشی هەموو کەسێك هەیە، بەڵام مرۆڤەكان لە برسێتیدا دەمرن، بێ ماڵ و بێ سەرپانا دەكرێن، مەحرومن لەو دەرمانانەی كە ژیانیان لە مردن ڕزگار دەكات، بەرگەی ڕەگەزپەرستییان گرتووە و شەڕیان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەمەند و زلهێزەكان كردووە.
ئەمڕۆ ڕووبەڕووی لەناوچوونی گۆڕانی كەشوهەوا دەبینەوە، بە هۆی تەماح و بێتوانایی بە ناو سەركردەكانمانەوە هەڕەشەیەكی ڕاستەقینەیە و هاتۆتە ئاراوە. ئەگەر هەموو ئەمانە ئاژاوە و پشێوی نەبن، ئەی چیین؟

ئەناركیستەكان سیستەمە زیانبەخشەكانی ئەمڕۆ بە ڕێكخستنی **هەرەوەزیانە دەگۆڕن**. هەمووان دەرفەتی گفتووگۆكردنیان دەبێت و بەشێك دەبن لە پرۆسەی بڕیاردان لەسەر هەر شتێك كە بۆیان گرنگە.

ئەمە چۆن دەكرێت؟ چۆن كار دەكات؟ بەردەوام بە لە خوێندنەوە بۆ هەندێك بیرۆكە كە چۆن ئەناركیزم دەتوانێت ببێتە مایەی كۆمەڵێكی یەكسانتر، كە سامان و سەرچاوەكانی جیهان هاوبەش دەكەین بۆ ئەوەی جیهانێكی هاوسەنگتر (هارمۆنایز) دروست بكەین.

## ٥ كەواتە ئەنارکیستەکان باوەڕیان بە دیموکراتی هەیە؟

ئەگەر مەبەستت لە دیموکراسی ئەوەی ئێستایە کە هەندێك جار بە **دیموکراسیی نوێنەرایەتی** ناودەبرێت، ئەوا نەخێر. لەم دیموکراسییەدا، ڕێگەت پێ دەدرێت هەر چوار یان پێنج ساڵ جارێك دەنگ بدەیت بۆ هەڵبژاردنێکی دیاریکراو لە کاندیدەکان بەو مانایەی نوێنەرایەتی تۆ دەکەن. لە ڕاستیدا سیاسییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی نوێنەرایەتیی چینی دەسەڵاتدار دەکەن و بە تەواوی بووردراون لە **لێپێچینەوە** و لێپرسینەوە و بەردەوام لە هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنەکانیان دەشکێنن.

ئەگەر مەبەستیشت **دیموکراسی ڕاستەوخۆیە**، ئەوا بەڵێ. لێرەدا **ئەنجوومەنەکان** هەن کە هەموو کەس دەتوانن بەشداری بکەن، بڕیار لەسەر دیدی **بەکۆمەڵیان دەستجەمعیانە** دەدەن بە ئەو کار و چالاکیانەشەوە کە پێویستە ئەنجام بدرێن. ئەم **ئەنجوومەنانە** کەسانێك بە ناوی (نێردە) وە دەنێرن بۆ ئەوەی بۆچوونەکان لە ئەنجوومەنە گەورەکاندا بخاتە ڕوو.

کەواتە بڕیارەکان "لە خوارەوە بۆ سەرەوە" (لە لایەن خەڵکەوە) دەدرێن نەك "لە سەرەوە بۆ خوارەوە" (لە سیاسییە هەڵبژێردراوەکانەوە). نێردراوان لە پێگەی دەسەڵاتدا نین چونکە دەسەڵات گەندەڵی دروست دەکات. ئەگەر نێردراوێك بە ڕاستی و دروستی نوێنەرایەتی

كۆبوونەوەكەت، ئەنجوومەنەكەت نەكات، دەتوانرێت دەستبەجێ **بانگبكرێتەوە** و (دواتر كەسێكی تر لەوێ جێگەی بگرێتەوە).
لە كۆمەڵگەی ئەناركیستیدا هەموو بڕیارەكان ئەوەندەی بكرێت پەیوەندە بەوانەوە كە زۆرترین كاریگەری كێشەكانیان لەسەرە، بۆیە ئێمە ئەنجوومەنەكانی گەڕەك و شوێنی سەركار بە ئەو شوێنانە دەزانین كە بڕیارە سەرەكییەكانی تێدا دەدرێن. پاشان ئەمانە لەگەڵ دراوسێكانیان لە ناوچە و شوێنەكانی كاركردن لەسەر ئاستی ناوچەیەكی گەورەتر كۆدەبنەوە تاكو هەمووان بەڕاستی قسەیان لە بڕیاردانەكاندا هەبێت. كەواتە تۆ بە بەردەوامی دەچیتە ئەنجوومەنی لۆكاڵی كە لەوێ باسی هەموو شتێك دەكەیت لە كۆكردنەوەی پیسایی و خۆڵ و خاشاكەوە تا پرسە جیهانییە گەورەكان. هەروەها هەندێك جار دەچیتە ئەنجوومەنەكانی تر بۆ ئەوەی پێیان بڵێیت ئەنجوومەنەكەت چ بڕیارێكی داوە.

# ٦ خۆڕێکخستن ،ڕێکخستنی ناپلەبەندیی، ناهەرەمیی، ئاسۆیی چییە و بۆچی بۆ ئەنارکیزم گرنگە؟

کۆمەڵی ئێستا وا بیر دەکاتەوە ئێمە پێویستمان بە سەرکردە و ڕۆڵی سەرکردە و حوکمڕانان هەیە، بەڵام ئەمە درۆیەکە کە هەمان ئەو سەرکردە و حوکمڕانانە پەرەی پێ دەدەن.




جاران پێمانوابوو کە ئەوانە پێداویستین...

خۆڕێکخستنی **ناپلەبەندیی، ئاسۆیی** ئەو شوێنەیە کە سەرکردە، سەرۆك و جۆری بەڕێوەبەری نییە و هەر ئاواش بێ ڕۆڵ وکەمڕۆڵ-یش لەوێدا نییە. بەڵکو ئەندامانی گرووپێك، ڕێکخراوێك یان

**دەستەجەمعییەك** كە كۆمەڵێك كەسن كە پێكەوە كار دەكەن هەموویان یەكسانانە قسەیان لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی گرووپەكە و ئامانجەكانی چین و چۆنیەتی گەیشتن بەو ئامانجانە هەیە. دەتوانرێت خۆڕێكخستن بۆ هەموو جۆرە گرووپێك بەكار بهێنرێت: بۆ نموونە: هاوبەشكردنی خۆراكی لۆكاڵی كە كۆمەڵێك كەس كۆدەبنەوە و خۆراك بە كۆمەڵ دەكرن و لە نێوانیاندا دابەشی دەكەن، یاخود كرێكاران بەڕێوەبەركانیان دەردەكەن و خۆیان كارگەكانیان بەڕێوە دەبەن.

هەرچەندە ڕەنگە ڕۆڵی تایبەتی یان شارەزایی هەبێت، بەڵام ڕۆڵی كەس لە ڕۆڵی كاری كەسێكی دیكە گرنگتر نییە، چونكە هەموو كارێك جەوهەرییە و پێویستە تاكو گرووپەكە بە باشی بەڕێوە بچێت. زۆرێك لە ڕێكخراوە ناپلەبەندییەكان هەوڵدەدەن ڕۆڵەكان بگۆڕن بۆ ئەوەی كەسەكان تەنها بۆ ماوەیەكی دیاریكراو لە شوێنی خۆیان بمێننەوە پێش ئەوەی ڕۆڵەكە ڕادەستی كەسێكی تر بكەن. ئەمەش یانی زۆرینە پەرە بە لێهاتوویی و زانیاری و ئەزموون دەدەن تاكو شتەكان بە ئاسانی و ڕێكوپێكی بەڕێوە بچن. هەروەها یەكێكە لە ڕێگاكان بۆ ڕێگریكردن لە هەر كەسێك كە جێگرەوەی نەبێت. كاتێك كەسێك، یان هەندێك گرووپ، لە هەموو ئەوانی دیكە گرنگترە تۆ لە سەركردایەتییەوە بەرەو فەرمانداریی، حوكمڕانی دەڕۆیت، بەمەش دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو ستەم و چەوساندنەوەیەی كە دەمانەوێت كۆتایی پێ بهێنین.
گفتووگۆكان سەبارەت بە چۆنییەتی كاركردنەكانی گرووپەكە لە كۆبوونەوەی **ئەنجوومەنەكە** یان كۆبوونەوەی لە گرووپێكدا كە هەمووان بەشدارن پێشوازییان لێ دەكرێت و یەكسانانە قسەیان دەبێت. بڕیارەكان بە زۆری بە **كۆدەنگی** دەدرێت بۆیە هەمووان مافی

تەواوی قسەی خۆیان لەسەر چۆنیتەتی بەڕێوەبردنی شتەكان و هاوبەشكردنی بڕی كار هەیە.  هەروەها بەو مانایەیە كە ئەو كەسانەی كارەكە ئەنجام دەدەن قسەیان هەیە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ڕێكخراوەكە و هاندەری بەرپرسیارێتی بەكۆمەڵ و دەستەجەمعین، وە خاوەندارێتی لە دەرئەنجامەكە دەكەن.

لەگەڵ پرسە مشتومڕدارەكان یاخود زەرووڕەكاندا، ڕەنگە گرووپە جیاوازەكان ڕێنمایی جیاوازیان هەبێت كە ڕێگەیان پێ بدات بەبێ كۆدەنگیی تەواو بڕیار بدەن. بەڵام ئەم ڕێنماییانە لە سەرەتاوە و بە ڕێككەوتنی هەمووان دەكرێت. بەم شێوەیە هەموو كەسێك لە گرووپێك یان شوێنی كاردا قسەی هەیە لەسەر ئەوەی كە چۆن ئەم پرسانە زۆر پێش سەرهەڵدانیان بڕیاریان لەسەر دەدرێت.

بۆ زانیاری زیاتر و نموونەیەكی جیهانی ڕاستەقینە سەیری tinyurl. com/589evzyu بكە.

## ٧ ئەنارکستەکان چییان بۆ کۆمەڵ کردووە؟

لە کاتی ململانێدا ئەنارکیستەکان بیرۆکەکانیان دەخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوان بەشداری لە ڕووداو و بەرگریکردن لە خەباتی کرێکاران دەکەن کە دەستبەسەراگرتنی کارگە و زەوی لەخۆ دەگرێت. هەروەها یارمەتی دابینکردنی خۆراك، خانووبەرە، چاودێریی تەندروستی دەدەن و لە پێداویستییەکانی دیکەدا بەشداری دەکەن. ئەگەر ئاورێك لە مێژوو بدەینەوە، ئەنارکیستەکان لە ساڵی 1871دا لە ڕاپەڕینەکانی **کۆمۆنەی پاریسدا** زۆر چالاك بوون. هەر ئاواش لە شۆڕشەکانی **ڕووسیا** لە ساڵانی 1905 و 1917، **ئەڵمانیا** و **هەنگاریا** لە ساڵی 1918، **ئیسپانیا** لە ساڵی 1936 و **هەنگاریا** لە ساڵی 1956.

سێ نموونەی گرنگ لەو ڕووداوانەی کە ئەنارکیستەکان بەڕوونی ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە:

- **ئۆکرانیا لە ساڵانی 1917 تا 1921**، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی زەوی و دابەشکردنەوەی و سۆڤیەتەکان کە لەلایەن جووتیارانەوە بەڕێوە دەبران.

- **ناوچەی ,زۆنی ئەنارکیستی مانشوریا لە ساڵانی 1929**-1931، کە ئێستا باکووری ڕۆژهەڵاتی چینە، لەو دوکانانەی کە هەبوون هەموو شتێک خۆڕایی بوو، **هەرەوەزییەکانی** کرێکاران جوتیاران وجودیان

هەبوو، هەروەها لە سەراپای ناوچەكەدا لە شانی **ئەنجوومەنە** ناوچەییەكانەوە قوتابخانەیان دامەزراند.

- **ئیسپانیا ساڵی 1936**، كرێكاران كارگە و ئامرازەكانی گواستنەوە و دابەشكردنی خۆراكیان بە تایبەتی لە كەتەلۆنیا بەڕێوە برد. لە گوندەكاندا جوتیاران دەستیان بەسەر زەویدا گرت و بەڕێوەیان دەبرد و ئەوەی بەرهەمیان دەهێنا **هەرەوەزیانە** دابەشیان دەكرد و زیادەكەیان بۆ شارەكان دەگواستەوە. هەموو ئەمانە وردەكارییەك دەخەنە ڕوو كە كۆمەڵی نویێ دەتوانێت چۆن بێت.




2

لەئەمڕۆشدا مەسەلەكانی وەك خانووبەرە و هاوكارییەكانی كرێكاران نموونەی باشی دیموكراسی ڕاستەوخۆن. ئەوانەی پێكەوە دەژین یان كرێكارن لە شوێنی كاردا، ئەوانەن كە هەموو بڕیارەكان دەدەن.بڕیاردانی **ناپلەبەندیی، ئاسۆیانە** لە شێوازی ڕێكخستنە ئەناركیستەكانەوە هاتووە و ئەو شوێنەیە كە هەمووان یەكسانانە بەشدارن لە بڕیاردانەكاندا. لە ئێستاشدا پراكتیزەكردنی ئەمانە هەموویان لە بەكارهێناندا باون. هەروەها ئەناركیستەكان ئەوەیان كەشف كردووە كە چۆن و كەی باشترە تاكو **بڕیاردانی كۆدەنگی** بەكار بهێنرێت (كە پێویست دەكات

هەمووان ڕازی بن، پێش ئەوەی بڕیارێك بدرێت) نەك دەنگدانی زۆرینەی سادە.

کرێکاران لە هەر شوێنێك و هەرچۆن بۆ خۆیان خەباتیان کردبێت، ئەنارکیستەکان پشتگیرییان لێ کردون، بەبێ ئەوەی دەستیان بەسەردا بگرن یان کۆنترۆڵیان بکەن یاخود هەوڵی سەرکردایەتیکردن بدەن.



# ٨ جیاوازی نێوانی ئەنارکیزم و سۆشیالیزم چییە؟

ئەنارکیزم و **سۆسیالیزم** و **کۆمۆنیزم** لە زۆر ڕووەوە لە یەك دەچن. لە ڕاستیدا لە بنەڕەتدا هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نەبوو. هەموویان لە بزووتنەوەی كرێكارانی كۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە گەشەیان کردووە کە ئامانج دروستکردنی کۆمەڵێکی جیاواز لە **سەرمایەداریی** باو بوو. ئامانج بنیاتنانی کۆمەڵگەیەك بوو کە هەموو شتێك تێیدا هاوبەش بێت و هەمووان یەکسان بن، بەرهەمی کارەکانیان هاوبەش (شەیر) بکەن.

جیاوازییەکانیان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەرەی سەند و بووە هۆی دیدی سیاسی جیاواز. یەکێکیان **کۆمۆنیزمی دەسەڵاتخوازە/سۆسیالیزم** و ئەوی دیکەیان **کۆمۆنیزمی ئازادیخواز/ سۆسیالیزم** بوو، ئەوەی دووەمیان زۆر جار بە سادەیی بە ئەنارکیزم ناو دەبرا. ئەنارکیستەکان باوەڕیان وایە شۆڕش کاتێك ڕوودەدات کە مرۆڤەکان یەکبکەون و کۆمەڵ بۆ بەرژەوەندی هەمووان ڕێکبخەن. ئەمەش بە تەواوی کۆمەڵ دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێك کە هەمووما ئەوەی پێویستمانە هەیبێت و لە پرۆسەکەدا سەرمایەداری لەناو دەبات. خەڵك بە تەواوی بە خۆیان بەبێ سەرکردەکان توانای ڕێکخستنی کۆمەڵیان هەیە.

سۆسیالیست-کۆمۆنیستە دەسەڵاتخوازەکان باوەڕیان وایە گۆڕانکاری تەنها بە سەرکردایەتییەکی دروستەوە ، واتە خۆیان! مومکینە.

# كۆمەڵگەی ئەناركیستیی

# چۆنە و لە چی دەچێت؟

- ✓ **سەربەخۆیی و ئازادی تاكەكەس** لەبری لەخۆنامۆیی و دەستەمۆیی
- ✓ **پێكهێنانی ئەنجوومەنی خۆجێی و رێكخستنە كۆمەڵایەتییەكان** بەجێگای رێكخستنە رامیارییەكان
- ✓ **دیموكراسی راستەوخۆ** لەجیاتی دیموكراسی پارلەمانی
- ✓ **نا-ناوەندێتی خۆبەڕێوەبەری**، نەك ناوەندێتی
- ✓ **رێكخستنی ئاسۆیی خۆجێی و كۆمەڵایەتی** لە جیاتی رێكخستنی قوچەكی رامیاری و حیزبی
- ✓ **دارایی بەكۆمەڵ** وەك شوێنگرەوەی دارایی دەوڵەتی و تاكەكەسی
- ✓ **كاری هەرەوەزی و خۆكۆمەكی** وەك هەڵوەشێنەرەوەی كاری كرێگرتە
- ✓ **یەكێتی ئازادانەی گوند و شار و ناوچە و هەرێمەكان** لە دژی سنورەكان
- ✓ **خۆبەڕێوەبەری كۆمەڵایەتی** وەك جیگرەوەی فەرمانداری دەوڵەتی

## ٩ چۆن ئەنارکیستەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی، نیشتمانیی، جیهانیی خۆیان ڕێکدەخەن تاکو کارەکان بە ئەنجام بگەیەنن؟

وەك لە خاڵی شەشەمدا باسمان کرد، شێوازە پەسەندکراوەکانی ئەنارکیستەکان بۆ ڕێکخستن بریتین لە **خۆڕێکخستن** یان **ڕێکخستنی ئاسۆیی ناپلەبەندیی**. زاراوەیەکی ترکە هەندێك جار بە کاری دەهێنین **بەشداری دیموکراسیانەیە**. هەروەها پێشتر باسمان لە **بڕیاردانی کۆدەنگی** کردووە. لە هەموو ئەمانەدا هەر کەسێك کە کێشەکە دەیگرێتەوە مافی قسەی خۆی هەیە و بڕیارەکان لەلایەن هەموو بەشداربووانەوە دەدرێن.

سەبارەت بە ڕێکخستنی ڕاستەقینە، دەتوانرێت یەكێك لە ڕێگاکان بەم شێوەیە بێت: هەر شەقامێک یان بلۆکێکی[1] چەند فلاتی **ئەنجوومەنی** خۆی دەبێت کە لە شوێنی خۆیدا و بۆ خۆیان بڕیارەکان دەدەن . پاشان ژمارەیەك لەوانە کە لە یەکتر نزیکن کۆدەبنەوە و بڕیار دەربارەی فراوانکردنی ناوچەکە دەدەن. هەموو کەس ناتوانێت، یان نایەوێت

---

[1] **بلۆكێك لە فلات:** بینایەکی گەورەیە کە دابەشکراوە بەسەرچەند شوقەیەکدا، (ئەپارتمێنت)

بچێت، بۆیە هەر شەقامێك، ئیستەیتێك[2] **نێردەیەك** هەڵدەبژێرێت بۆ نوێنەرایەتیکردنیان. هەروەها هەر ناوچەیەك **نێردەیەك** هەڵدەبژێرێت بۆ كۆبوونەوەیەکی ناوچەیی گەورەتر (ئەم كۆبوونەوانە دەتوانن ئامرازەکانی پەیوەندیی ئەلەکترۆنی بەکار بهێنن ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوە پراکتیکی نەبێت)، ئیتر ئاوا تا ئەو کاتەی کە دەبینیت (ئەوەی ئێمە لە ئێستادا پێی دەڵێین) ئاستی نیشتمانی یان نێودەوڵەتی، چالاکییەکە بەردەوام دەبێت.

بە هەمان شێوە هەر شوێنێکی کارکردن، دوکان، ناوەندی کۆمۆنێتی یاخود گرووپێك، بڕیارەکان لەسەر پرسەکان کە کارایان لە سەریان هەیە دەدەن. با ناوەندێکی کۆمۆنێتی بە نموونە وەربگرین. ئا لێرەدا کرێکارەکان بڕیار دەدەن لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کار و کارگەکەیان. هەروەها لەگەڵ ناوەندەکانی دیکەی کۆمۆنیتییە لۆکاڵییەکان و لەوانەشە لەسەر ئاستی نیشتمانی و جیهانیش کۆببنەوە. هەر ئاواش لەگەڵ شوێنی کار و دوکان و ئەنجوومەنەکانی سەر شەقامەکانی دیکە کۆدەبنەوە، بۆ ئەوەی بزانن لە ناوەندی کۆمۆنێتییەکە چییان ویستووە، بە ئاراستەی پێچەوانەش هەر دروستە.

---

[2] **ئیستەیت: خانووی گەورە گەورەیە كە لە سەر** ڕووبەرێكی بەرفراوانی زەوی دروستكراون . خانووەكان لە لایەن یەك كەسەوە، یەك خێزانەوە یاخود ڕێكخراوێكەوە خاوەندارێتیان لێدەكرێت.

ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕوودەدات ئەوەیە تەنها چینی دەسەڵاتدارە ئەم بڕیارانە دەدات و ئێمە قسەیەکمان بۆ وتن نییە.

بێگومان زۆر ڕێگەی تر هەیە کە دەتوانین لە کۆمەڵگەی ئەنارکیستیدا بیگرینە بەر، ئەوانەی سەرەوە تەنها یەك نموونەی ئەگەرییە.



# ١٠ كەواتە چی تر وڵات نامێنێت؟

لە ڕاستیدا نەخێر!

سنوورەكان تەنها هێڵەكانن كە لەسەر نەخشەی جیهان كێشراون بۆ جیاكردنەوەی وڵاتان و بە درێژایی مێژوو ئەمانە دەگۆڕدرێن بە گوێرەی ئەوەی كێ لە دەسەڵاتدایە. سنوورەكان چەندین جار گۆڕانكارییان بەسەردا هاتووە كە كاتێك سەركردەیەك زەوی لە یەكێكی دیكە داگیر دەكات كە بە گشتی لە ڕێگای بەكارهێنانی هێز و زۆرەوەیە. بوونی ئەم سنوورانە زۆر جار بێبەزەیانەن، چونكە خێزانەكان و تەواوی كۆمۆنێتییەكان جیا دەبنەوە و دەبنە بەشێك لە وڵاتانی جیاواز.

سنوورەكان بۆ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان بەسوودن كە حوكمڕانە جیاوازەكان یاسا بۆ چەوساندنەوەی خەڵكی ئاسایی لە ناو "وڵاتەكەیان" دادەنێن. هەروەها سوودێكی دیكەشی بۆیان هەیە چونكە خەڵكی ئاسایی ڕازی دەكەن پشتگیرییان بكەن، بە بانگەشەكردنی ئەوەی كە هەمووومان بەشێكین لە یەك "وڵات". ئەمەش **ناسیۆنالیزم** بەرهەم دەهێنێت كە دەگەمژێنرێین تاكو باوەڕمان بەوە هەبێت كە جیاواز و باڵادەستین لە خەڵكانی وڵاتێكی تر، ئەمەش زۆر جار دەبێتە هۆی ناكۆكی و شەڕ.

ئێمە ناڵێین زمان و داب و نەریتی جیاواز نابێت هەبێت كە هەموومان پێی گەورە بووین. لە ڕاستیدا بەبێ سنوور و وڵاتانی جیاواز بڕیاردان بۆ خەڵك ئاسانتر دەبێت كە چۆن دەیەوێت تێكەڵاو ببێت و لەگەڵ كێدا بێت. هەروەها بەبێ سەركردەكان و وڵاتەكان، خەڵك دەتوانن نەریتە لۆكاڵییەكان بپارێزن، بە پێچەوانەی زۆرێك لە ناوچەكانی جیهان لە ئەمڕۆدا كە زمان و داب و نەریتە لۆكاڵییەكان قەدەغەكراون و یاساكانی نەتەوەت بەسەردا سەپێنراوە.




ئێمە یەك هەسارەمان هەیە، ئەناركیستەكان دابەشكردنی ئەم هەسارەیە بەسەر پارچە پارچەی بچووكدا و كە تەنها لەو شوێنەدا دەتوانیت ژیان بكەیت كە پێت دەوترێت، پەسەند ناكەن. ئەناركیستەكان باوەڕیان وایە دەبێت مرۆڤەكان بتوانن بە ئازادی لە سەرانسەری جیهاندا بجوڵێن و لە هەر شوێنێك بیانەوێت بەبێ بوونی وڵاتان و سنوورەكانیان بژین. پێویستیشە ئاسایی بێت و بتوانیت هەر كەسێكت خۆش بوێت و لەگەڵیدا بژیت، زۆر جار ئەمە مەحاڵە كاتێك وڵاتت هەبێت، بەو پێیەی بە گشتی دەبێت لە وڵاتی "خۆت"دا بژیت و پابەندی یاساكانی بیت.

## ١١ ئایا خەڵکی و کۆمۆنێتییەکان دەتوانن ناسنامە و داب و نەریتی نەتەوەیی یان کولتووری خۆیان بپارێزن؟

ئەنارکیستەکان لەگەڵ ناسنامە نەتەوەییەکان یان سنوورەکاندا هاوڕا نین چونکە هەست دەکەین ئەمە بەرەو بەیەکدادان و پەیوەندییەکانی دەسەڵات و هەروەها بە بەسەر گرووپ و هێڵی نادروستدا دابەشمان دەکات. لەمانەش زیاتر زۆربەی نەتەوەکان بە شەڕ و زەوتکردنی زەوی و کێشانی هێڵەکانی کە لەسەر نەخشە کێشراون و لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن ساماندااران و زلهێزەکانەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دروست بوون.

"من بەریتانیم" (بۆ نموونە) لە ڕاستیدا بۆ ئێمە مانای زۆری نییە و لە کەش وهەوای ئێستادا زۆر کەس هەست ناکەن کە ئەوان سەر بەوەن. ئیتر بۆچی کەسانێک ئەوەیان دەوێت؟
لە سای ئەنارکیزمدا، کە سنوورە نەتەوەییەکان شتێکی ڕابردوو بووە، پێشبینی ئەوە دەکەین خەڵك لە هەر شوێنێکی جیهان ئارەزوو بخوازن گەشت بکەن و لەوێ نیشتەجێ ببن. هیوا دەخوازین هەمووان خۆیان وەک بەشێك لە "ڕەگەزی مرۆیی" ببینن نەك بەریتانی، کوبی، نەیجیری یان هەر نەتەوەیەکی دیکە.

شوناس و داب و نەریتی کولتووری دەکرێت جیاواز بن. ئەمانە شتێکن کە هەموومان بە درێژایی نەوەکان لەگەڵیاندا گەورە بووین و مێژوو بە زیندوویی دەهێڵینەوە، ئەوەندەی ستەمکار نەبن و کەس نەچەوسێننەوە، هۆکارێك نابینین کە بۆچی ئەمانە بەردەوام نەبن.

کۆتا خاڵ ئەوەیە هەموو ناوچەیەك بۆی هەیە کە بڕیار بدات کە بۆ خۆیان چییان دەوێت. بەڵام ئەگەر داب و نەریتی ستەمکارانەیان سەپاند، پێشبینی ئەوە دەکەین خەڵکەکە تەنیا شوێنەکە بەجێ بهێڵن و بچنە ناوچەیەك کە هەست دەکەن کە بۆ خۆیان باشترە لە شوێنێکی دیکە، یاخود بمێننەوە و جەدەلی ئەوە بکەن کە بۆچی داب و نەریتە ستەمکارەکان پێویستە بووەستن.

## ١٢ چۆن پیشەسازییە گەورەكانی وەك كارەبا و دابەشكردنی خۆراك بەبێ بەڕێوەبەر بەڕێوەدەبەیت؟

هەرچەندە ئاوا دەرناكەوێت، بەڵام زۆربەی كات پیشەسازییە گەورەكان بە هەر شێوەیەك بێت لەلایەن كرێكارانەوە بەڕێوەدەبرێن، بەو جۆرە ئێمە زۆربەی كارەكان دەكەین. تەنها ئەوەیە كە لە ئێستادا كارەكانی بەڕێوەبەرەكان بە گرنگتر سەیر دەكرێن. لەگەڵ ئەوەشدا مووچەیەكی زۆر زۆر زیاتریان پێ دەدرێت. ئەوانەی لە لووتكەدان هەموو شانازیی و پێزانینەكان وەردەگرن لە كاتێكدا لە ڕاستیدا سەدان كەس وا لەو ڕێكخراوە دەكەن كە بە ئاسانی كار بكات. نەخۆشخانەكان، شارەوانییەكان، هاتووچۆ و بەشی گواستنەوە و هەروەها پیشەسازییەكانی وزە و دابەشكردنی خۆراك كاتێك كە لەژێر كۆنترۆڵی كرێكاراندان بە باشترین شێوە بەڕێوە دەچن. لە ڕاستییدا بەڕێوەبەرەكان دەتوانن شتەكان خراپتر بكەن چونكە زیاتر بیر لە قازانج بۆ خۆیان دەكەنەوە تاكو ئەوەی بۆ كۆمەڵگە باشە.

یەكێك لە ڕێگاكانی دیكە كە دەتوانرێت دەسەڵاتی بەرهەمهێنان و دابەشكردنی ڕێك بخرێت بەوەی كە هەر شوێنێكی كار لە لیژنەكانی خۆیان لە كارگە، لەگرووپەكاندا لەو شوێنەی كە هەموو كەسێك لەوێ لە بڕیاردانەكاندا بەشدارن. خەڵكی ناوچەكە كە لە كارگەكاندا كار ناكەن، لەسەر هەندێك پرس ڕەنگە بە ناوی كۆمەڵگەی ناوچەكەشەوە قسە و ڕایان هەبێت. پاشان ڕەنگە كرێكاران لەگەڵ كارگەكانی دیكە بە

قەبارەیەکی گەورەتر لە یەکدی بێنە پێشەوە، بەڵام هێشتا ئەمە تا ڕادەیەك كە ناوچەییە، لۆكاڵییە كۆببنەوە بۆ بڕیاردان لەسەر پێداویستییەکانی ئەو ناوچەیە.




پاشان ئەم گرووپە لۆكاڵییانە دەتوانن لەسەر ئاستی نیشتمانی و (جیهانیی) پێكەوە كۆببنەوە بۆ بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان، دابینكردن و دابەشكردن. ئەمەش دڵنیایی دەدات كە هەر ناوچەیەك بەشی خۆی لەو شتانە هەبێت كە پێویستییەتی.

خەڵكانێك دەبن كە لەلایەن هاوكارەكانیانەوە هەڵدەبژێردرێن و لەگەڵ كەسانی دیكە لە هەموو بوارەكانی تردا لە كارگە هاوشێوەكاندا كار دەكەن. هەروەها خەڵكانێك هەن كە لەگەڵ جۆرەكانی تری پیشەسازی و ڕێكخراوەكانی كۆمۆنێتیە لۆكاڵییەكاندا لە هەمان ناوچەدا كار دەكەن،

ئا بەو شێوەیە دەتوانرێت دابینکردن و دابەشکردن بە شێوەیەکی دروست لە ناوخۆشدا ڕێك بخرێت.
با ئەوەش لە یاد نەکەین کە لە ڕاستیدا ئێمە ئێستا هەموو ئەمانە دەکەین، تەنها پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ئەوە بکەین بەبێ ئەوەی بەڕێوەبەرەکان لووتمان بەسەردا شۆڕ بکەنەوە و چاودێری چڕمان بکەن.

# ١٣ چۆن خەڵك نیشتەجێ دەكرێن، چۆن كێشەی خانوو لابەلا دەكرێتەوە؟

لە ئێستادا زۆرێك لە ئێمە لە خانویەكدا دەژین كە زۆر بچووكن، یان لە دۆخێكی زۆر خراپدان كە چاككردنەوەیان دەوێت. زۆربەمان نیگەرانین كە چۆن كرێ یان سلفەی بانقی خانوەكەمان بدەین هەروەها نیگەرانین كە ڕەنگە خانووەكەمان لە دەست بدەین. هەزاران كەس لە ئێمە بێ ماڵ و حاڵن یان لە خانووی كاتییدا دەژین. هاوكاتیش خاوەنخانووەكان ئەمە وەك پلانێكی خێرای دەوڵەمەندبوون دەقۆزنەوە و بەكاری دەهێنن. هەندێك كەس خانووی دووەم یاخود تەنانەت سێیەمیشیان هەیە و خانووەكان وەك وەبەرهێنانێك بە بەتاڵی دەهێڵرێنەوە یان بە كرێدانی وەكو جێگەی پشووی ساڵانە (هۆڵیدەی) لە ڕێگەی ئەیربنب[3]( Airbnb ) وە بۆ قازانجی زیاتر.

---

[3] (Airbnb) ئەیربنب کۆمپانیایەکی ئەمریکییە و بنکەکەی لە سانفرانسیسکۆیە و مامەڵە و کاری ئۆنلاین بۆ مانەوە و نیشتەجێبوونی کورتخایەن و درێژخایەنی بەکرێدانی ماڵ بەڕێوەدەبات. کۆمپانیاکە وەک دەلاڵێک کاردەکات و لە هەر حجزکردنێکدا دەلاڵانە وەردەگرێت.، لە ساڵی 2008 لەلایەن برایان چێسکی-یەوە دامەزراوە.

لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا هەموو خانوویەك بۆ ماڵكردن، بۆ نیشتەجێبوون بەكاردەهێنرێت نەك بۆ پەیداكردنی پارە. هەموو كەسێك جۆرێك لە خانووی باش و گەرم و پارێزراوی دەبێت كە زەمانەتی ژیانی دەكات كە شوێنی پێویستی بۆ هەموو خێزانەكەی هەبێت.

لە ماوەیەكی كەمدا دەتوانین خانووە چۆڵەكان پڕ بكەینەوە، هەروەها دەست بەسەر خانووی دووەمدا، خانووەكانی كە بۆ پشوو وەكو ئەیربنبس بگیرێن و بیدەین بەو كەسانەی كە پێویستییان پێیانە. دەتوانین ئەو خانووە زەبەلاحانە كە هەندێك كەس هەیانە و بۆ خێزانە گەورەكان یان **هاوبەشی نیشتەجێبوون** بەكاریان بهێنین ( لەوێدا خەڵك پێداویستییەكانی نیشتەجێبوونیان بەكۆمەڵ، هەرەوەزی ڕێكدەخەن).

لە ماوەی درێژخایەندا خانووەكان خاوەندارێتی كۆمەڵایەتییان لێ دەكرێت. هەموو ئیستەیتێك یان شەقامێك دەتوانێت **ئەنجوومەنی** تایبەتی خۆی هەبێت كە هەموو ئەوانەی لەوێ دەژین قسە و بۆچوونیان دەبێت لەسەر چۆنییەتی دابەشكردنی خانووەكان یاخود شەیركردنیان. ڕەنگە هەموو شەقامەكانی ناوچەیەك كۆببنەوە بۆ هاوكاریكردنی یەكتر و پلاندانان لەسەر ئاستێكی گەورەتر بۆ چاككردنەوە و دروستكردنی خانووی نوێ. دەكرێت ماڵپەڕێك هەبێت كە خانووەكانمان بگۆڕینەوە ئەگەر بمانەوێت لە ناوچەیەكی جیاوازدا بژین یان پێویستمان بە خانوویەكی قەبارە جیاواز بێت.

ئەمانە تەنها چەند بیرۆکەیەکن. زۆر ڕێگەی باشتر هەیە بۆ ڕێکخستنی خانووبەرە لەوەی کە لەم سیستەمە گەندەڵەی ئێستا هەمانە، کە قازانج لە پێش پێداویستییەکانی خەڵکەوەیە، تاکو دڵنیا دەبینەوە کە هەموو کەسێک ماڵێکی باشی هەبێت؟

## ١٤ چۆن سیستەمێكی بەتەنگەوەبووی چاودێری تەندروستی كاریگەر لە سای ئەنارکیزمدا بەڕێوەدەچێت؟

لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا بەتەنگەوەهاتنی خۆمان و یەكتر بنەمای كۆمەڵەكەمان پێكدەهێنێت. خەڵك بەگشتی دەیانەوێت فێری سەلیقە و كارامەیی بن كە بتوانن خۆراك و داڵدەدانی خۆیان و چاودێری تەندروستی خۆیان بكەن و كۆمەڵی ئەناركیستیش ئاسانكاری بۆ ئەمە دەكات و دابینی دەكات.

كۆمۆنێتییە تەندروستییە دیموكراتیە **هەرەوەزییەكان** كە كۆمەڵێك كەسن كە پێكەوە كار دەكەن، لەوانە پزیشك و پەرستارانی ڕاهێنراو دەتوانن زانیاریی پزیشكی و لێهاتوویی پەرستاریی لە سەرانسەری كۆمۆنێتییەكەدا هاوبەش بكەن. هەموو كەسێك دەتوانێت فێری فریاگوزاری، چارەسەریی سەرەتایی و چۆنیەتی چارەسەركردنی هەندێك نەخۆشی و برینداریيەكان ببێت، و بە سەلامەتی سەرچاوە دەستراگەیشتوەكانی وەك دەرمان و دەرمانە گژوگیاییەكان بەكار بهێنێت، وەك بەشێك لە پەروەردە و ڕاهێنانی بەردەوامی شوێنی كار.

تەندروستی باشیش لەسەر بنەمای خۆراكی باش كە بەهای بژێوی تێدا بێت دامەزراوە. كۆمۆنێتییەكان خۆراك بەرهەم ناهێنن بۆ قازانج بەڵكو بۆ دابینكردنی خۆراكی تەندروست بۆ خۆیان بەردەوامی سیستەمی دایەتكردن واتە بە ئاگابوون لە خواردن. ئەمەش پێدەچێت ببێتە هۆی

كەمبوونەوەی زۆرێك لە حاڵەتەكانی ڕێگریكردن لە نەخۆشییەكانی وەك شەكرە، دڵ و كێشەكانی ددان. كە زۆرێك لەو بارودۆخانە پەیوەستن بە هەژاری و بێبەشبوون [ مەحرومبوون] كە لەو بارەشدا مەحرومبوون لە پێداویستیەكان بە زۆری دادەبەزێت.
كۆمۆنێتییەكان بڕیار دەدەن چ سەرچاوەیەك و شوێنەكانی پزیشكیی هەروەها توێژینەوە و ڕاهێنان، داهاتی تێدا بەكار بهێنرێت، ئەمەش بە گوێرەی پێداویستییە لۆكاڵییەكانیان.

كاتێک خەڵك خاوەنی زانیاری باش دەبن دەتوانن لەگەڵ كۆمەڵی پزیشكەكانیان بڕیار بدەن كە چ چارەسەرێك باشترینە بۆیان. بە ڕاهێنان و پشتیوانی كۆمۆنێتییەكە و خۆراكی باشی تەندروستییانە و باشتركردنی پەیوەندی كۆمەڵایەتی و كەمتر پیسبوونی ژینگە، تەندروستی دەروونی و جەستەیی باشتر دەبێت.

**لەپێناوی تەندروستیدا، نەک لە پێناوی**
**کەڵەکەکردنی سەرمایەی کۆمپانیاکان**

## ١٥

**بەڵام چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەیت کە لە قەیرانی تەندروستی دەروونیدان و ڕەنگە مەترسی بن بۆ سەر خۆیان یان کەسانی تر؟ ئایا چارەسەرکردن ناچارییە و بەزۆر دەبێت؟**

بەڵێ، ڕەنگە کۆمۆنێتییەکە بڕیار بدات کە چارەسەری ناچاری و بەزۆر ڕێگەپێدراو بێت، بەڵام زۆر بە جددیتر وەردەگیرێت و زۆر شەفافتریش دەبێت.

حەز دەکەیت چۆن مامەڵەت لەگەڵدا بکرێت ئەگەر قەیرانی تەندروستی دەروونیت هەبوو و خەڵکی دەوروبەرت ترسیان هەیە زیان بە خۆت یان ئەوان بگەیەنیت؟ ئایا ئامادە دەبیت بۆ ماوەیەکی کاتیی دەستبەرداری بەشێك لە ئازادیەکانت ببیت؟ تاکو ئەو پشتگیری و چاودێرییە بەدەست بهێنیت کە پێویستتە بۆ چاکبوونەوەت لەو هۆکار و پاڵنەرانە بۆئەوەی بە شێوەیەکی زیانبەخش ڕەفتار نەکەیت؟
یان دەتەوێت ڕێگەت پێ بدرێت زیان بە خۆت یان کەسانی تر بگەیەنیت؟ ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت بەرپرسیار بیت لە ڕەفتارەکانت ئەگەر کەس هەوڵ نەدات ڕێگریت لێ بکات یان پشتگیریت بکات؟

وە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتی ئازادیی کەسێکی ترت سنووردار کرد ( بە خۆگرتنی جەستەیی یان دەرمانی قورس) چۆن دەتوانیت بەرپرسیارێتی ئەمە هەڵگریت بە ڕێگایەکی هەقانی؟ چۆن دڵنیا بین لەوەی ئەم بەرتەسککردنەوەی ئازادییە خۆی لە خۆیدا نەبێتە زیانبەخش؟

ئەو کەسانەی کە زیان بە کەسانی تر یان خۆیان دەگەیەنن زۆرجار دوای ڕووداوەکە شەرمەزار دەبن. ئەم شەرمەزارییە لە ڕاستیدا دەتوانێت نیگەرانییەکانی تەندروستییە دەروونییەکەی ئێستای ئاڵۆزتر بکەن، ئەمەش بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبێتە هۆی ڕەفتاری زیانبەخشتر. لەبەر ئەمە لە بەرژەوەندی هاوبەشماندایە تا دەتوانین پشتگیری خەڵک بکەین بۆ ڕێگریکردن لە کردەوە زیانبەخشەکان و دوای چاکبوونەوەش یارمەتییان بدەین. ئەمەش واتە **هاوپشتی** کەسەکەیە لەمامەڵەکردنیا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی چی بووەتە هۆی قەیرانی تەندروستیی دەروونی و پێکەوە کارکردن بۆ دروستکردنی بارودۆخێك کە کەسەکە بتوانێت گەشە بکات. گرنگە ئەوە بزانین ئەو کەسەی ئەزموونی قەیرانەکە دەکات، ڕەنگە شتەکانمان فێر بکات دەربارەی ئەو بارودۆخەی کە ئەوان و ئێمە تێیدا دەژین، چونکە قەیرانەکانی تەندروستی دەروونیی لە شوێنێکی نادیارەوە دەرناکەون و بێهۆ و هۆکار نین.

## ١٦ چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی و کەڵەگایی و تاوان دەکەیت بۆ ئەوەی خەڵك سەلامەت بن؟

ئەگەر بە بیرت بێت ڕەفتارێکی دژە کۆمەڵایەتی کە ویستووتە بیکەیت یاخود کردووتە، چی ڕێگری لێ کردیت؟ وە ئەگەر بە بیرت بێت کە کەسێك ڕەفتارێکی دژە کۆمەڵایەتی بەرامبەرت کردبێت، چی وای لێکردیت هەست بە سەلامەتی بکەیت؟

ئیدی لەم کۆمەڵەدا بێت یان کۆمەڵی ئەنارکیستی، ئەگەر بەکۆمەڵ بڕیار بدەین کە ئاساییە ئازادی کەسێك بە شێوەیەکی کاتیی سنووردار بکەین بۆ ئەوەی نەتوانێت بەردەوام بێت لە کردنی ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی، چی **لێپرسینەوەی** لەو کەسانە مسۆگەر دەکات کە سنووردارکردنەکە دەکەن؟ ئەگەر کەسەکە تۆ بوویت کە ئازادیت سنووردار دەکرێت، چی وا دەکات هەست بکەیت کە ئاساییە و مامەڵەیەکی دروست و دادپەروەرانەیە؟ وە چ جۆرە کۆمەك و هاوکارییەك دەبێت دابین بکەین بۆ ئەو کەسەی کە ئازاری چەشتووە؟ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتیدا بیرۆکەی زۆر هەیە بۆ **جێگرەوە و دادوەرانە** لەو شوێنەی کە هەموو ئەوانەی ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتیی کاراییان لەسەر دادەنێت پێکەوە کار دەکەن بۆ باسکردنی. **بە گەڕاندنەوەی دادوەریی ،** ئەوانەی گوایە تاوانبارن دەبێت ددان بە تاوانەکەیاندا بنێن و هەوڵ بدەن قەرەبووی بکەنەوە . **گۆڕانکاری دادپەروەرانە** ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵە وەکو گشت و هەروەها تاکەکانی کە تێوە گلاون. هەوڵ دەدات بزانێت بۆچی کەسەکە بووەتە قوربانیی،

کۆمەکی پێ دەکات و داوای لێدەکات کار لەسەر گۆڕینی خۆی بکات. ئەمەش پەیوەندی بە بیرۆکەی 'بازنەی پشتیوانی'یەوە هەیە، کە ئەو کەسانەی کە بە شێوازی دژە کۆمەڵایەتی ڕەفتاریان کردووە بە ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژی، پشتگیرییەکی چڕ وەردەگرن و هەروەها پێشبینی دەکرێت پەرە بە سەلیقە و لێهاتووییەکانیان بدەن بۆ باسکردنی هەر هاندەرێك بۆ دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو جۆرە کردەوەیانە.

کۆمۆنێتییە جیاوازەکان لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا ڕەنگە بە باشی هەوڵ بدەن شێوازە جیاوازەکانی ئەمانە تاقی بکەنەوە یان هاوبەشیی ئەزموونگەریی ئەوانی دیکە بکەن!

**ئازادی تاک بەبێ ئازادی**
**کۆمەڵ فەراهەم نابێت**

# ١٧ ئەی بكوژان و دەستدرێژیكەران و منداڵبازان؟

بۆ چارەسەركردنی كێشەیەك ، زانینی هۆكارەكەی یارمەتیدەرە. هۆكاری ئەوەی خەڵكی دەبنە بكوژ، دەستدرێژی و لاقەی جنسی دەكەن، یاخود خراپ مامەڵەكردنی منداڵان، زانینیان زەروورییە.

زۆرێك لە لێكۆڵینەوەكان دەریدەخەن تا نایەكسانی ئابووری زیاتر بێت كۆمەڵ توندوتیژتر دەبێت. پشتگوێخستنی سەردەمی منداڵیی، ئازاردان، هەژاریی و مەحرومبوون دەكرێت بەشداری بكەن لە ڕەفتاری شەڕانگێزانەدا. هەروەها بەكارهێنانی مادده خراپەكان، زەبر و زەنگی جەستەیی و دەروونی و كێشەكانی تەندروستی دەروونیش دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن. بۆ زانیاری زیاتر تەماشای ئەم لینكە بكە. ( tinyurl.com/yc3bkvxs )

كۆمەڵێك كە لەسەر بنەماكانی ئەناركیستی بەڕێوە دەچێت، بەبێ نایەكسانی ئابووری، پێدەچێت ئاستی توندوتیژی زۆر كەمتر بێت.

دەستراگەیشتنی بەردەوام بە پەروەردە لەوانە بە كۆمەككردنی دەروونی و پەروەردەی سۆزداریی لە سەرەتای دەستپێكردنی تەمەنەوە، كاركردنی خۆبەخشانە بە گوێرەی ئارەزوو و توانا و بەرپرسیارێتی شایستەی بەكۆمەڵ بۆ پەروەردەكردنی سەردەمی منداڵی، چاودێریكردنی تەواو و دروست بۆ ئەو كەسانەی كە كێشەی تەندروستی دەروونییان هەیە، و پشتگیری كۆمۆنێتییەكە بۆ ئەوانەی چارەسەری كێشەكانی مادده

هۆشبەرەكان و كحول دەبنەوە. هەموو ئەمانە زۆرێك لە هۆكارەكانی تاوانی توندوتیژ دەخەنە ڕوو.
دەستدرێژی و شەڕەنگێزی سێكسی ــ لە پێویستی زاڵبوون و دەسەڵاتدارێتی بەسەر ئەوانەی لاوازترن یاخود بارخوارن سەرهەڵدەدەن. زۆر جار ئەوانەی كە ئەوە دەكەن خۆیان شایەتحاڵی ئازاردان بوون یان ئەزموونیان كردووە و خراپەكارییەكە دووبارە دەكەنەوە. یەكسانبوونی هەموو كەسێك لە قسە و بۆچوونیاندا و كۆنترۆڵی ژیانی خۆی و جەستەی خۆی بكات، دەتوانێت ڕێگری بكات لە كۆنترۆڵكردن و خراپ مامەڵەكردندا. چاكسازی (ڕیهاب) و پشتگیری دەروونی بۆ ڕەفتارخراپان و قوربانییەكان یارمەتی شكاندنی خولەكانی خراپەكاری دەدات .
تەنانەت كاتێك ئێمە قسە لەسەر چارەسەری نایەكسانی ئابووری و كۆمەڵایەتی دەكەین، ڕەنگە هێشتا كەسانێك هەبن كە مەترسی بن بۆ سەر ئەوانی تر. ئێمە هەموو وەڵامەكانمان لا نییە و لە داهاتوودا ڕەنگە كۆمۆنێتییەكان پێویستییان بە بەرخورد و ڕێبازی جیاواز هەبێت. هەندێك جار ڕەنگە كەسانی مەترسیدار پێویستیان بە كۆمەككردن هەبێت بە شێوەیەك كە نەتوانن زیان بە كەسانی دیكە بگەیەنن. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە باوەڕمان وایە زۆربەی تاوانە توندوتیژەكان هۆكارەكانیان دەگەڕێتەوە بۆ نایەكسانی، بێبەشیی، مەحرومبوون یان بابەتی كۆمەڵایەتیی، پزیشكیی یان دەروونیی.

كاتێك ئەوانە چارەسەر كران، وەك لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا دەكرێن، ئەگەری ئەوە هەیە كە كەسانی شەڕەنگێز و توندوتیژ، یاخود مەترسیدار دەگمەن بن.

# ١٨ كەواتە ئەو كاتە دەستبەرداری پۆلیس و زیندانەكان دەبیت؟ ئەوە چۆن

ئەنارکیستەکان پێیان وایە کۆمەڵی داهاتوو بێ ئەوانە زۆر باشتر دەبێت.

**باشترین شت کە پۆلیس دەیکات دەستگیرکردنی کەسەکەیە دوای ڕووداوەکە**، بە دەگمەن ڕوودانی ڕووداوەکە دەوەستێنێت. هەروەها لە چالاکییە نایاساییەکان زۆر ڕێگری ناکەن. ئێمە لەلایەن پۆلیس و دەوڵەت و کۆمپانیاکانی میدیاوە هەڵدەخەڵەتێنرێین بەوەی ئەوان بەشێکی گرنگی کۆمۆنێتییەکانمانن.

زۆر کەس لە زیندانەکاندان بە تاوانەکانی کە هەژاریی هۆکارین. لەوانە دزیکردن، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و هتد.

پۆلیس و زیندان و دادگەکان باڵەکانی دەوڵەتن بۆ ئەوەی دەوڵەت بە سەلامەتی بهێڵنەوە. بەگشتی لە دژی کەسانی ئاسایی بەکار دەهێنرێن – نەك بە خاتری ئەوان. ئەوان بە 'سوپایەکی داگیرکەر' چوێنراون. هەرچەندە وا دەردەکەوێت و پێدەچێت یارمەتیدەرمان بن وەك گرتنی بکوژ ئەویش لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەت پێویستی بەوەیە باوەڕمان پێیان هەبێت – ئەوە بۆ بەرژەوەندی ئێمە نییە.

لە كۆمەڵگەی ئەناركیستی پارە و هەژاریی بوونی نییە بۆیە هەرە زۆرینەی تاوانەكان نامێنن. لەگەڵ بوونی كۆمۆنێتییەكی بەهێز كە پشتگیری و هاوكاری یەكتر دەكەن، خەڵك هەست بە نامۆبوون ناكەن، ئەوانەی دەوروبەریان دەناسن و دەبینن، زۆر كەمتر زیان بە یەكتر دەگەیەنن و دزی لە یەكدی دەكەن. كاتێك ناكۆكییەك سەرهەڵدەدات، پێش ئەوەی خراپتر بێت،




كۆمۆنێتییە لۆكاڵییەكان دێنە ناوەوە. هەموو ئەوانەی تێوەئاڵاون و ئەندامانی كۆمۆنێتییەكە پێكەوە لێدوان لەسەر پرسەكانیان دەكەن و هەوڵ دەدەن بگەنە ڕێككەوتنێك كە هەموویان ڕازیبن. هەموو شتێك كراوە و شەفاف و لەلایەن هەمووومانەوە كۆنترۆڵ دەبێت.

ئەو كەسانەی كە ڕەنگە مەترسی بن بۆ كەسانی دیكە دەتوانرێت لە ماڵەكانی خۆیاندا یان ڕەنگە لە خانوویەكی كۆمۆنێتییەكەدا كۆمەك بكرێن. ئامانجیش لەمە ئەوەیە كە یارمەتی بدرێن و پشتگیرییان بكرێت كە پێویستیانە بۆ ئەوەی بیانگەڕێننەوە ناو تەواوی كۆمەڵ بە زووترین كاتێك كە ئەو مەترسییە نەماوە، لەگەڵ بەردەوامیدان بە هاوكارییان لە كات و شوێنی پێویستدا.

# ١٩ چۆن داهات و سەرچاوەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش دەکەین؟

لە ئێستادا لە کۆمەڵی **سەرمایەداریی** ئەمڕۆدا زۆر جار **کەمیی** [کەمیی داهات و سەرچاوەکانی ژیان] بە ئەنقەستن و بۆ سوودگەیاندنە بە **چینی دەسەڵاتدار**. هەندێك نموونە بریتین لە جێهێشتنی بەروبوومی 'زیادە' بەبێ دروێنە، یان جێهێشتنی خۆراك لە مەخزەندا، یان لە ڕاستیدا لەناوبردنیان، بۆ ئەوەی بەرزیی ڕێژەی قازانج ڕاگیرێت.
کاتێك خەڵك بیر لە بەشەخۆراك [پشك] دەکەنەوە زۆرجار بیر لەوە دەکەنەوە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا بووە ئەو کاتەی بڕی زۆرێك لە کاڵاکان بە خۆراکیشەوە سنووردار کرابوون . لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش ئەو کێشەیە هێشتا بوونی هەیە. لە ئێستادا تەنها بە نرخدانان ئەنجام دەدرێت، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ئێمە توانای کڕینی خۆراکی کافیی و خۆگەرمکردنەوە و خانووی گونجاو و شیاو و شتی ترمان نییە کە پێویستمانە. لە سای سەرمایەداریدا کەمینەیەکی زۆر کەم زۆر باش دەژین و زۆرینەی جیهان لە پلەی جیاوازی هەژاریدا دەژین.
بنەمای دابەشکردنی سەرچاوە و داهات لە کۆمەڵی ئەنارکیستی داهاتوودا "دادپەروەریانەیە، هەقانییە". ئەنارکیستەکان باوەڕیان وایە " هەرکەس بەپێی توانای و [ بۆ نموونە کارکردن]، بۆ هەر کەسیش بە گوێرەی پێویستیەکانی. " لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە هەموو کەسێك هەمان بڕی خۆراك و گەرمکردنەوەو و پێداویستی دیکەی هەبێت، بەڵکو هەموو کەسێك ئەوەی پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی لە دۆخێکی

تەندروست بمێنێتەوە و ژیانێکی خۆش و چێژداری هەبێت. ئەمەش دەگۆڕێت بەپێی ئەوەی منداڵن، گەورەن، بەساڵاچوون، کەمئەندامن، نەخۆشن، تەندروستن، دووگیانن و هتد.

بۆ نموونە کێ بڕیار دەدات کەسەکە پێویستی بە چ خواردنێکە و چەندە؟ هەریەکێك لە ئێمە وەك بەشێك لە کۆمۆنێتییەکە، یەکسانانە قسەی خۆمانمان دەبێت چی بەرهەم دەهێنرێت و چۆن.

هەروەها بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی داهاتەکان و سەرچاوەکان (کاری خەڵك و هتد) بۆ بەرهەمهێنانی ئەو خۆراکەی کە هەریەکەمان پێویستیمان پێیەتی. کاتێکیش سەرچاوەکان کەمن زۆر گرنگە هەموومان بەشێك بین لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە چۆن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، هەقیانەت پشکی خۆراکەکان دانێین. ئەمەش نارەزایی ناهێڵێت سەبارەت بەوەی بۆچی هەندێك کەس زیاتریان هەیە، چونکە هەموومان بەشێك بووین لە پرۆسەی بڕیاردان.



# ٢٠ ئایا لە كۆمەڵی ئەنركسیتیدا پارە دەبێت؟

نەخێر. پارە ڕێگە بە خەڵك دەدات سەرچاوەكان وەك سامانی تاكەكەسی لەخۆ بگرن. پاشان بۆشایی نێوان دەوڵەمەند و هەژار تا دێت فراوانتر دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی نارەزایی و دووبەرەكی لە كۆمەڵدا. دەبێتە هۆی نیگەرانی و سترێس بۆ ئەوانەی پارەیان نییە، ئەمەش بۆ خۆشگوزەرانی ئێمە باش نییە و لە هەقیقەتدا تەنها نادادپەروەرانە و ناهەقییە. پاشان خەڵك پارەی زیاتر و زیاتریان دەوێت و چەواشە دەبن لە نێوانی ئەوەی دەیانەوێت و ئەوەی كە لە ڕاستیدا پێویستیانە.

بۆ نموونە چارەسەر بۆ نەخۆشی خەوی ئەفریقییەكان [4] هەیە. هەمان دەرمان مووی دەموچاوی مێینە لادەدات. كاتێك بازاڕی سەرمایەداریی ڕووبەڕووی ڕزگاركردنی ملیۆنان ئەفریقی دەبێتەوە لە نەخۆشییەكی كوشندە یان لابردنی مووی دەموچاوی مێینە، لەو بارەدا ئەوەیان هەڵدەبژێرێت كە زۆرترین قازانج بەرهەم دەهێنێت، ئا لێرەدا لابردنی

[4] نەخۆشی خەوی ئەفریقییەكان: نەخۆشییەكە بەهۆی مێشی (تسێتسی) كە كەسەكە دەگەزێت دروست دەبێت. نیشانەكانی ئەم نەخۆشییە بریتین لە ماندوێتی، تایەكی بەرز، سەرئێشە، ئازاری ماسولكەكان. ئەگەر نەخۆشییەكە چارەسەر نەكرێت، دەبێتە هۆی مردن.

مووی دەموچاوی مێینە هەڵدەبژێرێت. بەم شێوەیە هەزاران لە پێناو قازانجدا دەمرن.

لە کۆمەڵی ئەمڕۆدا ڕێژەیەکی کەم لە خەڵك بڕێکی زۆر سامانیان هەیە لە کاتێکدا زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی جیهان لە هەژاریدا دەژین. لەم جیهانەدا سەرچاوە و داهاتی پێویستمان بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی هەمووان هەیە. بەڵام ئەوانەی پارەیان هەیە هەموو ئەو شتە کەمالیاتان [لەکشەری]انەی هەیە کە ژیان پێی داون، لە کاتێکدا لە جەمسەرەکەی دیکەدا خەڵکی لە سەرانسەری جیهاندا کە پارەیەکی کەمیان هەیە بەزەحمەت دەژین.
هەر ئاوا کە چالاکانە لە پارە ڕزگارمان دەبێت، ئیدی لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا پێویست بەوە نابێت. ئێمە بەکۆمەڵ بڕیار دەدەین کە هەموومان پێویستمان بە چییە و دواتر بە ئازادی و بە خۆڕایی لە نێوان هەمووماندا بەرهەمی دەهێنین. ئەو کاتە هەموو شتێك خۆڕایی دەبێت ئازادانە بەردەست دەبێت، بۆیە هەموومان ئەو شتانەی کە پێویستمانە بۆ ژیان دەمانبێت. ئەگەر شتێکیش بەس نەبێت ئێمە هاوبەشی دەکەین یان بڕیار دەدەین کێ زۆرترین پێویستی پێی هەیە. ئەمانە ڕێگەی زۆر دادپەروەرترن بۆ دابەشکردنی سەرچاوە و داهاتەکانمان لە چاو ئەوانەی زۆرترین پارەیان هەیە هەڵبژاردەی یەکەم بەدەست دەهێنن.
ئەنارکیستەکان باوەڕیان وایە هەر کەس" بە گوێرەی توانای خۆی و هەر کەس بە پێی پیویستییەکانی" . ئەمە لە بنەڕەتدا بەو مانایەیە کە هەموومان ئەوەی لە تواناماندایە دەیکەین و هەموومان ئەو سەرچاوە و داهاتانەی کە هەریەکەمان پێویستمانە بەکار دەهێنین.

# ٢١ بەبێ پارە چۆن بازرگانی و ئاڵوگۆڕی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دەکەین؟

كۆمەڵی سەرمایەداری ئێستا، پاڵمان پێوەدەنێت بۆ كڕینی ئەو شتانەی كە پێویستمان نین تاكو **سەرمایەداران** بتوانن پارەی زیاتریان لێمان دەست بكەوێت. بۆ نموونە ساڵانە پێویستمان بە مۆبایلێكی نوێ نییە، بەڵام زۆربەمان مۆبایلێك دەكڕین. لە سای ئەنارکیزمدا ئەوەی بەرهەمی دەهێنین، لە ڕاستیدا ئەوانەن بەكۆمەڵ، بەهەرەوەزیی پێویستمانن. ئەمە پێشنیاری ئەوە ناكات كە ژیان بنەڕەتی و بێ شتە لەكشەرییەكان بێت.

لە ئێستادا "بازرگانیی" واتە فرۆشتنی شتێك بە كەسێكی تر بۆ بەدەستهێنانی قازانج-پارەیە. بەنەبوونی پارە لە كۆمەڵی ئەنارکیستیدا، زۆرێك لە "بازرگانی"یەكان دەوەستن. شتگەلێكی وەك ناردن و فرۆشتنی بەرخی بەریتانیا بۆ ئوستراليا و پاشان فرۆشتنی بەرخ بە بەریتانیا لە لایەن ئۆستراليا‌وە لە ڕووی ژینگەیی و ئەخلاقییەوە هەڵەیە. خەڵك خۆیان بڕیار دەدەن كە پێویستیان بە چییە و ئەم شتانە لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێنن بۆیە كاڵاكان ناگوازرێنەوە بۆ سەرانسەری جیهان. لەوەش زیاتر، زۆر شت لە كۆمەڵی ئەنارکیستیدا پێویست نین، كەواتە بڕێكی زۆر لە مامەڵە و كاروباری "بازرگانی" دەوەستێت.

ئەگەر پێویستمان بە ئاڵوگۆڕی كاڵا لە نێوان ناوچە جیاوازەكاندا هەبێت، لە سای ئەنارکیزم دا زۆر ڕێگە هەیە كە ئەنجام بدرێت. چەند نموونەیەك لێرەدا ئەوە ڕوون دەكاتەوە:

- هەندێك لە كۆمۆنێتییەكان زیاتر لەوەی پێویستیانە بەرهەم دەهێنن، زیادەكەی دەدەن بەو كۆمۆنێتییانەی كە پێویستیان پێیەتی. هەر بەو شێوەیە ئەوەی پێویستیان پێیەتی لە كۆمەڵە جیاوازەكانەوە كە زیادەیان هەیە بەدەستی دەهێنن.

- لەوانەیە بڕێكی سنووردار لە "ئاڵوگۆڕكردن" هەبێت، كە تۆ شتێكمان پێ دەدەیت (با بڵێین خواردن) و ئێمەش لە بەرامبەردا شتێكت پێدەدەین (با بڵێین یارمەتی چاككردنەوەی كۆمپیوتەرەكانت ).




پارەكانت
بۆ خۆت،
من
گۆڕانكاریم
دەوێت

- دەتوانرێت بە شێوەیەكی دیموكراسی لە ئەنجوومەنە لۆكاڵییەكاندا بڕیاری لەسەر بدرێت كە هەمووان یەكسانن لە قسەكردندا تاكو هەموو یەكێك ئەوەی پێویستیانە بەدەستی بهێنن.

- ئاڵوگۆڕی كاڵا و خزمەتگوزارییەكانی وەک خۆراك، خانوو، چاودێری تەندروستی، هەموو شتێك لە نێوان كۆمۆنێتییەكاندا لەلایەن نێردەی هەموو كۆمۆنێتییە پەیوەندیدارەكانەوە كە كۆدەبنەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. ئەمەش لەسەر ئاستی لۆكاڵی و لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئەگەر پێویست بوو لەسەر ئاستی جیهانیش ڕوودەدات.

## ٢٢ بەبێ پارە، چی پاڵ بە خەڵكەوە دەنێت بۆ كاركردن، یان هاندەری داهێنان و نوێكردنەوە دەبێت؟

ئێستا بەشێكی زۆری ژیانمان تێكەڵاو و پەیوەستە بە پارەوە. تا ڕادەی هەستكردن كە بەبێ پارە چالاكییەكانی مرۆڤ بە تەواوی بوەستێت! بەڵام لە ڕاستیدا پارە تەنها یەكێكە لە ڕێگاكانی بەڕێوەبردن و كۆنترۆڵكردنی ئەو كارانەی كە ئەنجامی دەدەین.

مرۆڤەكان ماوەیەكی زۆر پێش ئەوەی تەنانەت بیر لە پارە بكرێتەوە بوونیان هەبووە، پێش پارە خەڵك هێشتا كاریان دەكرد، هونەریان دروست دەكرد، بیرۆكەی نوێیان دەهێنایە ئاراوە، خانوویان دروست دەكرد، كاڵایان دەگۆڕییەوە و ئەوەی خەڵك پێویستیان بووە بۆ ژیانیان دابینیان دەكرد. لە كۆمەڵی ئەمڕۆدا زۆرێك لە ئێمە خۆبەخشین، پشتگیری كەسانی دیكە دەكەین و كاری كۆمۆنێتییەكان دەكەین. دوو لە نموونەگەلێكی زۆری وەك كەسانێك كە خۆبەخشانە بە بەلەمێكەوە خەڵك لە خنكانی ناو دەریاكان ڕزگار دەكەن و دابەشكەرانی خۆراكن لە سێنتەری دابەشكردنی خۆراكدا. ئەناركیستەكان باوەڕیان وایە لە كۆمەڵی ئەناركیستیشدا هەمان شت دەبێت بەڵام بە قەبارەیەكی زۆر گەورەتر.
ئەناركیزم لە كارە ماندووكەرەكانی پارە پەیداكردن ڕزگاری دەبێت. ئێمە بڕیار لەسەر ئەو كارە دەدەین كە ئەنجامی دەدەین و چۆنە و لە كەیدایە. ئێمە ئازاد دەبین بۆ ئەوەی داهێنەر بین و داهێنان بكەین و پێكەوە پلان

دابنێین. بەبێ ئەوەی پێویست بکات سامان بۆ ئەوانی تر کەڵەکەبکەین و بیپارێزین، هەمیشە کاتمان دەبێت بۆ داهێنەر و دابینکردنی داهێنان. لە جیاتی ئەوەی پارە پاڵنەرمان بێت، مۆتیڤمان پشتیوانی یەکتر و زانینی ئەوەیە کە کارەکانمان سوودی بۆ هەموومان هەیە. بەدەستهێنانی هەقی خۆمان لە هەوڵەکانمان، لەبری ئەوەی کە بەڕێوەبەر هەموو قازانجەکان وەربگرێت، ئەمانە پاڵنەری خەڵك دەبن. بەبێ پارە، هەموو شتێك کە پێویستمانە خۆڕاییە ، تەنها هەمووومان پێویستمان بە کەمێك کات هەیە بۆ بەرهەمهێنانیان. بیهێنە بەرچاوت داماڵینی زنجیری مەچەکمان لە پارە پەیداکردن بۆ بەڕیوەبەران و خاوەن پشکەکان، دەتوانین چی دروست بکەین و چی دابهێنین و چی بەدەست بهێنین؟ شتگەلێکی زۆر کە ئەنجامی دەدەین خودی مرۆڤەکانن کە ڕێکخراون بەبێ ئەوەی کەس وامان لێ بکات بیانکەین یان هیچ پاڵنەرێکی دارایی ڕاستەوخۆمان هەبێت. لە کۆمەڵێکدا کە ئازادە و شت بۆ خۆشی دەکرێت، پێویستمان نە بە هاندانە و نە بە بەرتیل. تەنها ئەوەی پێویستە بیکەین دەیکەین، چونکە پێویستە بکرێت.

# ٢٣ ئایا خەڵك دەتوانێت موڵكییەتی هەبێت؟

لە كۆمەڵی ئێستادا كاتێك بیر لە موڵك دەكەینەوە بیر لە دوو جۆر موڵك دەكەینەوە. یەكێكیان شوێنی كارە كە بەڕیوەبەر خاوەندارێتی دەكات، خانووەكانی كە خاوەن خانوو خاوەندارێتی دەكەن، **ئیستەیتەكان** كە خاوەنزەوییەكان خاوەندارێتی دەكەن. جۆرەكەی تریان هەر شتێكە كە ئێمە بە تاك خاوەندارێتی دەكەین بۆ بەكارهێنانی كەسیی خۆمان - لە مۆسیقاوە تا كۆمپیوتەر و جلوبەرگ تا دەگاتە فلّچەی ددان!

لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا جۆری یەكەمیان دەبێتە هی كۆمۆنێتییەكە و بەو شێوەیەی كە كۆمۆنێتییەكە بە باشی دەزانێت بەكار بهێنرێت. بە كردەوە كۆمەڵایەتی دەكرێنەوە و لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا دەبنە موڵكی كۆمیۆن، ئیتر بە كۆمەڵ یاخود هاوبەش .

ئەی شتەكان كە بۆ بەكارهێنانی تایبەتی خۆمانە؟ هەر شتێك زیاد بو لە كۆمەڵ دەكرێت وەكو پشكی تاكەكەسی هەڵبگیرێت. شتە دەگمەنەكان دەكرێت لە شوێنە كۆمیۆنەكاندا هەڵبگیرێن یان تۆمار دەكرێت لای ئەو كەسانەی كە لایان دادەنرێت بۆ ئەوەی كەسانی دیكە بتوانن بەكاریان بهێنن.

لەو كۆمەڵەی كە خەیاڵی دەكەین، خەڵك كێبڕكێ لەسەر سەرچاوەكان و داهات (لەوانەش موڵك و شتە ماتریاڵییەكانی تر) ناكات. پێشبینی

ئەوە دەكەین خەڵك پێكەوە كاربكەن و ئەوەی پێویستیانە شەیری بكەن. (كڕین و فرۆشتن نییە!) لە ڕاستیدا ئامانج ئەوەیە بگەینە كاتێك كە هەموو كەسێك بتوانێت ئەوەی پێویستی پێیەتی بیبات یاخود هەیبێت!
ئێمە پێمان وا نییە كە خەڵك دەبێت زیاتریان هەبێت لەوەی كە بە شێوەیەكی لۆژیكی پێویستیانە. بۆ نموونە سەبارەت بە خانووبەرە، كاتێك منداڵەكان ماڵ بەجێ دەهێڵن و ئەو كەسە خانوویەكی گەورەی تەنها بۆ خۆیان هەیە، دەتوانن لەگەڵ ماڵێكدا كە ژمارەی خێزانەكانیان زۆرە كە پێویستیان بە شوێنی گەورەترە ئاڵوگۆڕ بكەن.

بەڵام ئەی ئەگەر ئەوان حەزیان لە شوێنی یان خانووی گەورە بێت و نەیانەوێت " قەبارەكەی بچووك بكەنەوە"؟ ئێمە ناڵێین لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا هیچ بەیەكدادانێكی بەرژەوەندی نابێت، بەڵام ئەمانە بە هاوكاری هەموو یەكێك لە كۆمۆنێتییەیەكە، گروپەكە یاخود ناوچەكەدا چارەسەر دەكرێت وە ڕەنگە كۆمۆنێتیی و گروپە جیاوازەكان بەكۆمەڵ ڕازی بن بۆ چارەسەری جیاواز بۆ گرفتەكان.

# ٢٤ چی وا دەكات كە تاكەكان، گرووپەكان لە هەبوونی یاخود كۆكردنەوەی داهات

خەڵك سەرچاوە و داهاتەكان كۆدەكەنەوە چونكە پێیان وایە لە كەمبوونەوەدا دەبن. شڵەژان و دڵەڕاوكێ و پەلەی خەڵك لە كڕینی شتدا لە سەرەتای ڕۆژەكانی پەتای كۆرۆنۆدا نمونەیەک بوو. هەندێك كەس پێیان وابوو پێداویستییەكان لە كەمبوونەوەدا دەبێت بۆیە بەپەلە ڕژانە سوپەر ماركێتەكانەوە بۆ كڕینی شت وەكو دەسڕی تەوالێت بۆ مانگێك. كاتێك كە خەڵك تێگەیشتن كە كەمیی شتەكان ڕوونادات ئیتر پیشەی كۆكردنەوە و خەزنكردن وەستا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی خەڵك بەم شێوەیە ڕەفتاریان نەدەكردو پێچەوانەكەیان كرد و گرووپی **پشتیوانی هاوكاری** یەكتریان دامەزراند بۆ دڵنیاییكردنەوەی ئەوانەی كەمتر تواناییان هەبوو یا نەخۆش بوون كۆمەكیان پێكرا.

كۆمەڵی ئەناركیستی لەسەر بنەماكانی **هاودەنگی و هاوكاری** یەكتر دادەمەزرێ. مەیلی سروشتیی مرۆڤەكان بریتی دەبن لە گرنگیدان بەوانی دیكە و هاوسۆزیی لەگەڵیاندا. هەروەها تاكەكانی ئەو كۆمەڵە پێویستیان بە كۆكردنەوە و خەزنكردن نابێت بەهۆی نیگەرانیی كەمی ماتریاڵەكان.

لە سای **سەرمایەداریی** دا، زۆر سەرچاوە بەكاردەهێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی ئەو شتانەی كە پێویستمان پێیان نییە وەک چەك و كۆمەڵێك كاڵای بەكاربەری ناپێویست و گاڵتەجاڕانە. لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا، سەرچاوە پێویستەكان بەگشتی لەبەردەستدا دەبێت ئەگەر ئەو شتانە بەرهەم بهێنین كە بەڕاستی پێویستمانە بۆ ئەوەی هەمووان جۆرێك ژیانی باش بژین.

## ٢٥ ئەی ئەگەر كەس نەیەوێت كار، ئیشی ناخۆش و بێزراو بكات؟

كردنی كاری ناخۆش بێزراو پێویستە و دەبێت ئەنجام بدرێت. كردنی ئەوەش لە لایەن كۆمۆنێتییەكەوە ڕێك دەخرێت، بەڵام نابێت كەس ناچار بكرێت بە كردنیان.

ڕەنگە خەڵك ئەم كارانە بكەن چونكە چێژ لە كردنیان وەردەگرن و دەیانەوێت یارمەتی كۆمۆنێتییەكە بدەن كە تێیدا دەژین. ئەمە لە ئێستادا بە شێوەیەكی سنووردار ڕوودەدات لە شوێنێكدا كە سەرمایەدارەكان ناتوانن قازانجی لێ دەستبخەن. بۆ نموونە خەڵك بەردەوام خۆبەخشانە كارە نارەحەت و ناخۆشەكان دەكات وەكو پاككردنەوەی كەناراوەكانی دەریا دوای ڕژانی نەوت لە كەشتیەكانەوە یان كارە مەترسیدارەكانی وەك هەڵگرتنەوەی مین و پاككردنەوەی لە ناوچە جەنگییەكان. هەروەها كارە ناخۆشەكان دەتوانرێت بە بەكارهێنانی سیستەمی نۆبەكاریی ( ڕۆتا) هاوبەش بكرێ، یاخود هەندێك كەس خۆبەخشانە ئەنجامی دەدەن لەبەر ئەوەی كەسانی دیكە نایانەوێت بیكەن، لەم بارەدا خۆبەخشەكان گەر بیانەوێت دەتوانن لە چالاكییەكانی تردا بەخشراو بن، یان كاتێكی زیاتریان پشوو هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە.

تەكنەلۆژیا دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت تاكو بە ئۆتۆماتیكی كارەكان بكرێن، هەر لە ئێستادا ئێمە ئەمە لە كۆمەڵی ئەمڕۆدا دەبینین. لە كۆمەڵی ئایندەدا پێچەوانەی ئەوەی كە لە كۆمەڵی سەرمایەداریدا بە ئۆتۆماتیكی دەكرێن، ئەو كارە لەسەر دەستی خودی كرێكاران خۆیاندا دەكرێت كە دەتوانن سیستەمی ئۆتۆماتیكی بەكار بهێنن بۆ هاوكاریكردنی خۆیان یاخود دەتوانن هەندێك كاری تایبەتی هەڵبژێرن و بەتەواوی ئۆتۆماتیكی بكەن.



ئەمانە تەنها چەند بیركردنەوە و بیرۆكەیەكن و زۆری تریش هەن.

## ٢٦ ئەی ئەو کەسانەی کە بە هیچ شێوەیەک نایانەوێت کار بکەن؟

کارکردن لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا خۆبەخشانەیە ، کەس ناچار ناکرێت بە کارکردن ئەگەر نەیەوێت .

زۆرێك لە ئەنارکیستەکان باوەڕیان وایە گەلێك لەو شتانەی کە ئێمە وەک تەمبەڵی دەیبینین تەنها ئەوەیە کە مرۆڤەکان ناچار دەکرێن بۆ کارێك کە لەگەڵ زەوق و بەرژەوەندییان و توانایاندا ناگونجێت و بۆ ئەوەن کە کەسانێیکی تر قازانجی لێ بکەن. ئەنارکیستەکان پێیان وایە کەسانێك کە ئامادە نین کار بکەن، یان زۆر توانایان نییە، هێشتا دەبێ دەستیان بە هەموو شتێك ڕابگات کە بۆ ژیانییان پێویستیانە. زۆربەی خەڵك دەیانەوێت هاوکار بن و جێگای ڕێز و سەرسامی کەسانی دیکە بن. هەر ئەم بنەمایانەن هانی ئەو کەسانە دەدات کە نایانەوێت کار بکەن کە دووبارە بیربکەنەوە و بە بەشداریکردنیان لەو کۆمۆنێتییە کە پشتگیرییان دەکات.
تەنانەت لە کۆمەڵانی سەرمایەدارییشدا زۆربەی خەڵک ئامادەن و لە ڕوودانی کارەساتێکدا دێنە پێشەوە و یارمەتی و هاوکاری یەکتری دەکەن. لە ساڵی 2005 دوای زریانی کاترینە لە ئەمەریکا خەڵکی ناوچەکە کلینیکی تەندروستی کۆمۆیۆنیان دامەزراند. لەوێدا چاودێری و هاوکاری تەندروستی پزیشکییان پێشکەش بە یەکدی دەکرد، ئەمە لە کاتێکدا کە حکومەتی ئەمریکا خەڵکی لە نیو ئۆرلینز ( New Orleans ) بۆ مردن بەجێ هێشت. ئەمە تەنها نموونەیەکە.

هەندێك لە ئەنارکیستەکانی دیکە لە زووەوە لە ڕەوشتی دەستەبژێری سەرمایەداری بە ئاگان کە هەر بەکاربەر بوون، نەك بەرهەمهێنەر و نایانەوێت پشتگیری لە گروپێکی دیکەی چەوسێنەران بکەن. ئەم جۆرە ئەنارکیستانە دەڵێن کە نابێت ناچارکردنێك هەبێت بۆ کارکردن، هەر ئاواش نابێت ئەرکێك هەبێت بۆ دابینکردنی ژیانی ئەو کەسانەی کە نایانەوێت بەشداری بکەن. لەم سیناریۆیەدا کۆمۆنێتییەکە بەشداری دابینکردنی خۆراك و جلوبەرگ و نیشتەجێکردنی ئەو کەسانە ناکات کە توانای بەشداریکردنیان هەیە بەڵام ڕەتی دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە کەسانە لە دەستڕاگەیشتن




بە ئامرازەکانی دابینکردنی بژێوی ژیانیان بێبەش ناکرێن، تەنها لەوانەیە لەلایەن کۆمۆنێتییەکەوە پشتگیری نەکرێن.
لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا کار خۆبەخشانەیە، لەوانەش کە زۆر زیاتر لەو سنورە تەسکەی کە وەکو نموونەیەکی ئەو مووچەخۆرانەی کە لە ئەمڕۆدا پێناسە کراون. بۆ نموونە کاریماڵەوە و چاودێری منداڵکارن.

بێگومان ئەو کەسانەی کە ناتوانن کار بکەن، وەک منداڵان، نەخۆش و بەساڵاچووان ناکرێت چاوەڕوانی کارکردنیان لێ بکرێت (بەڵام ئەگەر بیانەوێت دەتوانن) هاوکاتیش لەلایەن کۆمۆنێتییەکەوە بەهایان پێ دەدرێت و پشتگیریان لێدەکرێت.

## ٢٧ ئەی ئەوانەی كە ناتوانن بە خۆیان قسە بكەن، بەهۆی تەمەن، نەخۆشی یان كەمئەندامییەوە؟

لە ئێستادا ژمارەیەك لە خەڵك هەن كە 'ناتوانن بە خۆیان قسە بكەن' و هەمان شت لە كۆمەڵی ئەناركیستیشدا هەر ڕاستە: منداڵی زۆر بچووك، هەندێك كەسانی بەساڵاچوو، كەسانێك كە لاڵن، كەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت، كەسانی زۆر نەخۆش بەوانەشەوە كە لە حاڵەتی بێهۆشیدان ( كۆما) . بەگشتی ڕێگە هەیە كە دەتوانین هاوكاری ئەم كەسانە بكەین كە قسەی خۆیان هەبێت لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و بەڕێكردنی شتەكان پێكەوە، هەروەها لە دابینكردنی پێداویستییەكانیان.

ئەوانەی چاودێریان دەكەن (چ خێزان، پەرستیار، كارمەندی تەندروستی و كەسانی دیكە لە كۆمۆنێتییەكە) ئەو كەسە وەک تاك دەیانناسن كە پێویستی بە چییە و چونێتی پەیوەندیكردن لەگەڵیاندا. 'پلانی ئاگالێبوون و چاودێری' دەكرێت و لەلایەن هەموو ئەوانەی بەشدارن كاری لەسەر دەكرێت و چونێتی هاوكاریكردنی هەر كەسێك لەوانە ڕوون دەكاتەوە بۆ ئەوەی بۆچوونەكانی ببیسترێت و ئەمەش بە بەردەوامی پێداچوونەوەی بۆ دەكرێت و نوێ دەكرێتەوە.

لەگەڵ ئەو كەسانەی كە پەیوەندیكردن مەحاڵە یان زۆر قوورسە (بۆ نموونە كەسێك كە لە حاڵەتی بێهۆشیدایە)، خێزان و چاودێریكەرێك دەتوانن قسە لەسەر حاڵەتی كەسەكە بكەن، بە سوودوەرگرتن لە پلانی چاودێریكردنیان و زانیارییەكانیان لەسەر كەسەكە وەك تاكێك.




لە كـــۆمەڵی ئێســـتادا، چـــاودێران بە گشـــتی هەوڵـــــدەدەن و ئەمە دەكەن لە بەرامـــبەر هەمـــوو جـــۆرە بەربەســـــتێكدا. لە كـــۆمەڵی ئەناركیســـتیدا كۆمـــــۆنێتییەكە چالاكـــانە دەیەوێـــت پشـــتگیری و یـــارمەتی ئەم پرۆسانە بۆ ئەنجامدانی بكات.

هەروەها لە داهاتوودا دەكرێت پێشكەوتنی گەورە لە بواری دەرمان و تەكنەلۆژیادا هەبێت كە ئامرازی پەیوەندیكردنمان بە شێوەیەك دەبێت كە تەنانەت لە ئێستادا ناتوانین بیریان لێ بكەینەوە.

## ٢٨

**ئەی دەربارەی ناسنامەی سیاسیی، سیاسەتی ناسنامە؟ ئەی ئەگەر گروپە جیاوازەکان هەستیان بەیەکادانی مافەکانیان کرد؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ ناکۆکی و بەیەکادانەکانا دەکرێت؟**

لە ئێستادا زۆرجار مرۆڤەکان جیاکاری دەکرێن بەهۆی ناسنامەکانیانەوە (سێکسۆڵەتی، ڕەگەز، ئایین، جنس و ئەوانی تر). لە هەر کۆمەڵێکی ئایندەدا ئەگەر کەسێك ڕووبەڕووی جیاکارییەکی لەو شێوەیە ببێتەوە، پێویستە پشتگیری بکرێت و هانبدرێت بۆ ئەوەی لە پێناوی مافەکانیدا بە ڕوویاندا بووەستێتەوە و بزانێت پشتگیری هەموو کەسێکی دیکەی هەیە. کۆمەڵی ئەنارکیستیی هاندەری جیاوازییەکانە و ئاهەنگیان دەگێڕێت.

لە ئێستادا، ناسنامە یان گروپە جیاوازەکان زۆرجار دژایەتی یەکدی دەکەن زۆرجار بانگەشەی ئەوە دەکەن کە یەکێکیان گرنگترە لە ئەوی دیکە، هەرچەندە هەردووکیان جیاکارییان لەگەڵدا دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدا هەردوو گروپەکە پێویستییان بە پشتگیریی هەیە. هەر "شەڕێکی نێوانیان، نێوخۆیی" بۆ دەوڵەمەند و بەهێزەکان زۆر بەسوودە، زۆرجاریش هانی ئەم شەڕە ناوخۆییە یاخود ئەم شەڕەی نێوانیان دەدەن، ئێمەش شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەین، نەك لە تەك ئەوان.

هەندێك جاریش ململانێكانی نێوان گروپە جیاوازە چەوساوەكان ئەوەندە گەرم دەبن تا ئەو ڕادەیەی لە چارەسەرنەكردن نزیك دەبێتەوە. زۆرجاریش بە تێپەڕبوونی كات ئەم بەیەكدادانانە كەم دەبنەوە و سارد دەبنەوە و خۆشبەختانە ڕێگەمان پێ دەدەن كە لەسەر جیاوازییەكانمان كار بكەین. بە زۆریش كاتێك ئەمە دەبینین كە دوژمنێكی گەورەتر هەیە




(دەوڵەت، پۆلیس، میدیا، دادوەر و هتد). لە ئێستادا تەنانەت ئەنارکیستەکانیش هەندێك جار گیرۆدەی ئەم جیاوازییانە دەبن.

لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا هێشتا بەیەکدادانەکان ڕوو دەدەن، بۆیە پێویستە بەردەوام کار لەسەر ناسینەوە و کەمکردنەوەیان بکەین. نموونەیەك کە لە ڕاپەڕینی ئەم دواییەی (ڕۆژاڤادا) هاتووە، پراکتیزەکردنی 'تەکمیل'ە. لە پرۆسەی تەکمیل-دا ئەوانەی تەحەدا دەکرێن گوێ لە کۆمێنتەکان دەگرن بەبێ وەڵام. لە بەرامبەردا ئەم نیگەرانیانە تەنها جارێك پەخش دەکرێن یا دەردەبڕێن بۆ ئەوەی نەبنە مایەی کاردانەوەی مێگەلییانە.

وەک پێشتر لەم نامیلکەیەدا گوتمان ئێمەی ئەنارکیست هەموو وەڵامەکانمان لا نییە. بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی پێکەوەییماندا، هەم لە سەرکەوتنەکانمان و هەم لە هەڵەکانماندا فێر دەبین. شێوازی مامەڵەکردنمان لەگەڵ کێشە و ململانێکان دەگونجێنین و لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەو دۆخە سەختانەی کە سەرهەڵدەدەن باشتر دەبین .

## ٢٩ ئایا ئەنارکیستەکان باوەڕیان بە ئازادیی رادەربڕین هەیە؟

ئەناركیستەكان كار بۆ كۆمەڵێك دەكەن كە لەسەر بنەمای ئازادانە خەڵكی خۆیان رێك بخەن، كە كاركردنیان پێكەوە كلیلی ئەوەیە. بەڵام ئەمە كۆتایی هەوڵیان نییە، بەڵكو پەرەسەندنێكی بەردەوام دەبینین.. هەروەها ئێمەش پێشبینی ئەوە ناكەین كە هەموو ناكۆكییەكان سەبارەت بە بەرژەوەندییەكان یان بۆچوون لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا لەبەرچاو ون دەبن . ئەوە تەنها سەركەوتوو دەبێت گەر بە بەردەوامی ئازادی ئاڵوگۆڕی راو بۆچوون و بیرۆكەكان و هەروەها ئارەزوو ئامادەیی بۆ فێربوون لە هەڵە جەماعییەكانەوە .

كەواتە بە شێوەیەكی ئایدیاڵ دەبێت قسەكردن ئازاد بێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە كۆمەڵی ئێستاماندا دەنگی باڵادەستمان هەیە كە زۆرجار دەیانەوێت ئازادیی قسەكردنیان بۆ خراپكاری و سووكایەتیكردن بە كەسانێك یان گروپێك كە دەرفەتی وەڵامدانەوەیان زۆر كەمترە، بەكار بهێنن.

ئێمە باوەڕمان وایە تا هەموو كەسێك دەرفەتی یەكسانیان بۆ بیستنیان نەبێت، قسەكردن یەكسان نییە و تا یەكسانیش نەبێت ناتوانێت ئازاد بێت.

هەندێك هێشتا بەرگری لە ئازادیی قسەكردن دەكەن لە ئێرە و ئێستادا چونكە "ڕەنگە دار و بەرد ئێسكەكانم بشكێنێت، بەڵام وشەكان هەرگیز ناتوانن ئازارم بدەن!" هەروەها ئەوان جەدەلی ئەوە دەكەن ئەگەر ڕێگری لە خەڵك بكرێت لە دەربڕینی بۆچوونەكانیاندا، ئەوا گفتوگۆی كراوە مەحاڵە. بەڵام زۆربەی ئەناركیستەكان لەگەڵ ئەوەدا كۆك نین. لە حاڵەتە توندەكاندا، وەك فاشیستەكانی ئێستا كە پەرە بە قسەی ڕقاوی و توندوتیژی ڕەگەزیی دەدەن، زۆربەی ئەناركیستەكان هاوڕان لەسەر ئەوەی كە ئەمە پێویستی بە بەرپەرچدانەوە هەیە، و ئەگەر پێویست بوو بە چالاكی ڕاستەوخۆ-ش وەڵام بدرێنەوە.

بەڵام كاتێك كە ئەم بڕیارە دەدەیت قورسە، هەروەها وتووێژێكی گرانیشە لەگەڵ ئەوەشدا باسوخواسێكە كە ئەناركیستەكان شەرمی لێ ناكەن و جەدەلێكی بەردەوام دەبێت و ڕەنگە بۆچوونەكانیش جیاواز بن. ئەوە چۆنێتی مامەڵەكردنمانە لەگەڵ ئەم بۆچوونە جیاوازانەدا كە گرنگە. لەم بارەشدا كۆمۆنێتییەكان پێویستیان بەوە هەیە كە بە بەردەوامی سەیری بەرخورد و ڕووبەڕووبونەوەیان بۆ ئەمە بكەن.
بە كورتی ئازادی قسەكردن دید و بۆچوونێكی بەرفراوانە، بەڵام شتێك كە هەموو ئەناركیستەكان لەگەڵیدا هاوڕان ئەوەیە كە هەرگیز داوا لە دەوڵەت نەكرێت كە قسەكردن كۆنترۆڵ بكات یان قەدەغە بكات پێویستمانە لە خوارەوە بۆ سەرەوە مامەڵەی لەگەڵدا بكەین.

# ٣٠ پێگەی ئایین لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا چۆنە؟

زۆربەی ئەنارکیستەکان باوەڕی ئایینیان نییە. لەڕاستیدا، خودی بیرۆکەی خودایەك وەك دەسەڵاتی کۆتایی و باڵادەستیی، بە تەواوی ناکۆکە بە باوەڕی زۆربەی ئەنارکیستەکان. ئەنارکیزم بریتییە لە هەنگاونان و خۆڕێکخستنی مرۆڤەکان بەرەو ئازادیی و پێکەوە ڕێکخستن. ئایین بریتییە لە ملکەچبوون بۆ ویستی خوداوەندی پەیوەندیدار – ئەوە بکە کە پێت دەوترێت.




هەرگیز هێندە گچکەش نیت کە خەونی گەورەت نەبێت

ئەنارکیستەکان پلایان نییە بۆ قوفڵکردنی ئەو کەسانەی کە باوەڕی دینیان هەیە، یان کۆیان بکەنەوە بۆ ئەوەی "پەروەردە بکرێنەوە". هاوکاتیش پلانیان نییە مافی تایبەتی و دەسەڵاتی تایبەت بە ئایینەکان بدەن. ئایین وەك بابەتی تاك سەیر دەکرێت.

لە ئێستادا زۆربەی کەنیسەکان یان ئایینەکان خۆیان"سەرکردەی" خۆیان داناوە و هەیە و بە ناوی هەموو کۆمۆنێتییەکەوە یاخود

ئایینەكەیانەوە بانگەشە دەكەن. ئەم سەركردە ئاینیانە هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ ئەوەی ئەندامەكانیان ناچار بكەن ئەو كارە بكەن كە بانگەشەی دەكەن كە ئەوەی خودا تایبەتەكەیان، قەشەكەیان یاخود سەروەرەكەیان دەیڵێت ڕاستە، بەبێ ئەوەی پرسیار بكەن. ئەوەندەی ئەمە ڕوونەدات – و هەموو كەسێك ئازادە لە پەرستنی (یان نەپەرستنی) هەر خودایەك كە بیەوێت – ئەناركیستەكان دەڵێن پێویستە هەریەكەمان ئەو شتە هەڵبژێرین كە دەیكەین یان باوەڕمان پێی نییە و نایكەین.

لەگەڵ ئەوەشدا لای ئێمە سەیرە گەر كەسێك بیەوێت و ڕێگە بدات خودایەك یان خوداوەندێك، قەشەیەك، سەروەرێك یان هەر كەسێكی تر پێیان بڵێت چی بكەن یان چۆن بیر بكەنەوە كە لە كاتێكدا خودی كەسەكە ئازادە لە هەڵبژاردەكانی خۆی.

## ٣١ ئایا منداڵان و گەنجان قسەیان دەبێت لە بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە؟

بە کورتی بەڵێ . لە کۆمەڵگەی ئەنارکیستیدا، منداڵان و گەنجان بە ڕەهایی قسەیان دەبێت لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ، بە بەشداریکردنیان لە کۆمەڵدا ڕاو قسەکانیان بەهای خۆی هەیە و بە هەند وەردەگیرێت لای هەموو کەسێکی دیکە .

لە ئێستادا دەکرێت جەدەلی ئەوە بکەین کە قوتابخانەکان بەشێکی وەزیفەیان کارکردنە بۆ فێرکردنی باڵادەستیی "یاساکانی" کۆمەڵ، بە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی و پاراستنی **پلەبەندییەکانی** هەنووکە، بۆ نموونە لە ڕێگەی بە ستانداردکردنی تاقیکردنەوە کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە بەرژەوەندی ئەو کەسانەدایە کە لە ئێستادا ئیمتیازیان هەیە. بەڕاستی پەروەردە بەشێکی گرنگە بۆ بەردەوامبوونی سیستەمی هەنووکە بە فێرکردنی نەوەی نوێ هەموو پێشبینییەکان و بیرۆکەکانی کە پێویستن بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە دروستکردنی نەوەی نوێ لە **سەرمایەداری** بچووکی باش. وێڕای ئەم سیستەمە پەروەردەییە **پاوانخوازە** زۆرێك لە گەنجانی هەژدە ساڵ و خوارتر لە مێژوودا بە هەڵبڕینی دەنگی نارەزایی و بەرگریی و بەرەنگاربوونەوەی سیستەمەکە لە ڕێگەی چەندین شێوەی نارەزایەتییەوە بەشدارییان لە کۆمەڵدا کردووە.

لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا، دیدی ئەندامە گەنجەکان بە هەمان شێوەی بۆچوونی گەورەکان یەکسانانە گرنگ دەبێت. هەمووان پێکەوە کار دەکەن بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵێك کە تێیدا هەموو دید و بۆچوونەکان لەبەرچاو بگیرێن و کاریان لەسەر بکرێت. بۆ نموونە دەتوانین فۆرمەکانی پەروەردەی کۆمۆنویانە، کۆمۆنوێڵ، پەرە پێ بدەین کە هەوڵی تەلقینکردنی منداڵ و گەنجانی هەژدە ساڵ و خوارتر نەدەن. لەبری ئەوە پەروەردە وەك پرۆسەیەکی **ناپلەبەندی** بوونی دەبێت کە منداڵان و گەنجان خۆبەخشانە وەک بیرمەندی ئازاد بەشداری تێدا دەکەن، لەگەڵ بیرۆکەکانیان سەبارەت بە چۆنیەتی دووبارە بیرکردنەوە لە کۆمەڵ کە بە جددی وەربگیرێت. لەم کۆمەڵەدا چیتر زانین لەلایەن گەنجانەوە لە گەورەکانەوە وەرناگیرێت، بەڵکو لە نێوان هەردووکیاندا ئاڵوگۆڕی یەکتر دەکرێت و لە پرۆسەکەدا زانیاری نوێ ئاشکرا دەکرێت. ئەمەش بە واتای مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان و گەنجانی هەژدە ساڵ و خوار هەژردە ساڵ نەك وەك گەورەساڵان ( چاوەڕوانیکردن لەوەی کە هەموو ئەو بەرپرسیارێتیانە لە ئەستۆ بگرن کە لەسەرو ئەو تەمەنەوە دەیکەن )، بەڵکو وەك ئەندامانی یەکسان لە کۆمەڵدا کە بەشداریکردن و دیدگاکانیان بەهایەکی تایبەتیان پێ دەدرێت چونکە گەنجن. ئەمە تەنها یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە دەتوانین بڵێین منداڵان و گەنجان لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا قسەیان هەبێت.

# ٣٢ پەروەردە چۆن دەبێت و چۆن بەڕێوەدەچێت؟

ئێمە ئەو جۆرە پەروەردە دەسەڵاتخوازییەی ئێستامان نابێت کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئامادەمان دەکات بۆ ئەوەی کرێکاری باش بین بۆ بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان و سەرمایەداریی.




ئـــیمە وا پێشـــبینی دەکەیـــن خەڵــــــــــك بەقەدەر وانەی لاتیـنی، زانســـت یــان جەبــر بیانەوێـــت فـــێری کـــارامەیی پـــــراکتیکی، بیرکـــــــردنەوەی ڕەخنەگـــرانە، چارەســـەرکردنی کێشـــــــەکان و کـــــــارامەیی کۆمەڵایەتی ببن.

پەروەردە هەندێك ڕێنمایی گشتی دەبێت، پێویستە فراوان و درێژخایەن و ناپلەبەندی و هەمەچەشن و خودی کەسەکان سێنتەری بێت (کەسایەتی) و خۆبەخشانە بێت. خەڵك لە ئاستی جیاوازدا فێر دەبن، بۆیە پێناچێت هەموو کەسێك لە پۆلێکدا تەمەنیان یەکسان بێت.

ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ نەهێڵانی دابەشبوونی نەوەکان هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین هەر شتێك لە هەر کاتێکی ژیانماندا بکرێت فێربین.

ئەو بیرۆکەیەی کە لە تەمەنی "y"دا فێری "x" دەبیت بۆ ئەوەی دوای ساڵانێك کاری "z" بکەیت، بۆ ئێمە نامۆ دەردەکەوێت. ئەنارکیستەکان پێیان وایە زۆر کەس بە درێژایی ژیانیان لە خوێندندا نوقم بوون و تەواویان کردووە ( هەروەها کار دەکەن). ئەمە لە کاتێکدا ڕەنگە هەندێکی تر ئارەزووی تایبەتیان هەبێت و بڕیار بدەن کە دەیانەوێت ساڵانێك زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بزانن، ئەمەش شتێکی باشە.
ئێمە لەگەڵ پلەبەندییکردنی بابەتەکاندا هاوڕا نین. بیرکاری گرنگتر نییە (با بڵێین) لە هونەر یان زانستە مرۆییەکان یان خشت دانان. ڕەنگە تاقیکردنەوەیەکی سنوردارانە، پشکنین یان بڕوانامە هەبن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانە تەنها لە شوێنی پێویستدا. بەڵام، ئەم بڕوانامانە هەرگیز کۆتایی فێربوون نابن - تەنها دەستکەوتێکە، هەنگاوێکە لە گەشتێکدا.

پێدەچێت هەندێك پەروەردە و ڕاهێنانی تایبەتی هێشتا پێویست بێت بۆ هەندێك کەس، بۆ نموونە، پزیشکانی نەشتەرگەریی، ئەوانەی کە کەرەسە و ئامێرەکانی غاز و بۆیلەر دادەنێن.....تد. بەڵام ئەم ڕاهێنان و پەروەردەیە بۆ هەموو کەسێك کراوە دەبێت. ڕەنگە هەندێك وانەی پەروەردەیی پێویستیان بە بینا و ئامراز و ئامێری تایبەت هەبێت. بەڵام بەگشتی ئەنارکیستەکان وا هەست دەکەن کە مەرج نییە پەروەردە لە بینایەکدا بێت کە بە تایبەتی بۆ "فێربوون" تەرخان کراوە. بەڵام ئەگەر کۆمۆنێتیەکە بڕیاری ئەوەی دا ئەوە ئاساییە، هەروەها کێ بەشداری


دەكات و كەی بڕیار دەدرێت ئەوە لە نێوان ئەوانەی وانەكان دەڵێنەوە بەڕێوەدەبەن و ئەوانەی كە بەشداری دەكەن. ئەوانەی كە بەڕێوەی دەبەن پابەند دەبن و لەوێ دەبن، بەڵام هەموو كەسێك دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی بەشداری لە دانیشتنەكاندا چەندێكی بوێت بكات.

## ٣٣ چۆن مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکانی کەشوهەوا و ژینگەدا دەکەیت؟

کۆمەڵی ئەنارکیستی مەیلی دروستکردنی ئابوورییەکی دەبێت کە شوێنی کارکردنی بچووك و مامناوەندی زیاتری هەبێت، کە زیاتر پەیوەست دەبێت بە کۆمۆنێتییە لۆکاڵییەکان و و ئیکۆسیستەمەکانەوە. ئێمە وای دەبینین کە شوێنی کار و ماڵ و شوێنە کۆمۆێنییەکان زۆر خێراتر لە ئێستا دەگۆڕێنە سەر سەرچاوە سەوزەکانی وزە.

**ئۆتۆنۆمیی یا نامەرکەزیی** (ئەنجامدانی شتەکان لە ناوخۆدا) بەو مانایە دەبێت کە خەڵك دەتوانن بە ئاسانی شتەکان ببینن و تێبگەن و بەم شێوەیە بەدروستیی تەکنەلۆژیا کۆنترۆڵ بکەن. چی تر پێویستی بە کەم بەرهەمهێنان یان زیادە بەرهەمهێنان نەبیت، هەروەها بەرهەمهێنان بۆ پێداویستییەکانی خەڵك دەبێت نەك تەماحی کۆمپانیاکان. شانبەشانی ئەمەش، **بڕیاردانی بەکۆمەڵ** لەناو کۆمۆنێتییەکاندا دەبێت ببێتە پێشەنگی هەڵبژاردنی چارەسەری ئیکۆلۆژی باشتر.

كۆتاییهاتنی سیستەمی بەكاربەریی و پارە بە مانای نەمانی هەموو ئەو پیشەسازیانەی وەك ڕێكلامكردن دەبێت كە بەشدارن لە وێرانكردنی ژینگە و هەوڵدەدەن وامان لێبكەن شتگەلێكی زیاتر بكڕین كە پێویستمان پێی نییە. لە سای ئەناركیزمدا ئەمە بەرەو كۆتایی هاتنی زیادە بەرهەمهێنان و لابردنی بەرهەمی ناپێویست دەڕوات(وەك پەنجا جۆری جیاوازی هاڕاوەی جل و حاجەت شۆردن).




سیستەم گۆڕین، نەک ژینگە گۆڕین

هەروەها شتەكانمان دروست دەكەین بۆ ئەوەی بەردەوام بن و درێژخایەن بن. كۆمەڵی ئێستا شتگەلێك دروست دەكات بە مەبەست كە شكاندنی ئاسان بێت، هەر زوو بەسەر دەچن یان ناتوانرێت چاك بكرێنەوە. كۆمپیوتەر و مۆبایل نموونەی ئاشكران (بەڵام بە هیچ شێوەیەك هەر ئەمانە نموونە نین زۆری دیكەش هەن). ئەمەش بۆ ئەوە دەكرێت كە سەرمایەداری بتوانێت شتی زیاترمان پێ بفرۆشێت و قازانجی زیاتریان لێمان دەست بكەوێت. ئەمەش واتای بەفیڕۆدانی گەورەی سەرچاوە سروشتییەكان و كاڵاكانە كە فڕێدەدرێن، زائیدەن هەموو ئەو هێزەی كە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانیان و ژمارە زۆری كاتژمێرەكانی كە لە بەرهەمهێنانیاندا بەكارهێنراوە، لە ڕاستیدا دەتوانین ئەو كاتژمێرانە بەكاربهێنین بۆ ئەنجامدانی كاری بەرهەمدار، یان هەر بۆ پشوودان.

كۆمەڵی ئێستا زۆر پشت بە ئۆتۆمبێلی تایبەت و ئەوانی دیكە لە بەكارهێنانی گواستنەوەی ڕێگاوبان و دەریایی و ئاسمانی دەبەستێت بۆ گواستنەوەی كاڵاكان لە سەرانسەری جیهاندا. لە سای ئەناركیزمدا ئامرازەكانی گواستنەوەی گشتی و ڕێگاكانی ژینگەیی بەردەوام بۆ گەیاندنی خەڵك و كاڵاكانمان زۆر زیاد دەكەین. هاوكاتیش زیاتر لە ناوخۆدا واتە لۆكاڵیی كاڵاكانمان بەرهەمدەهێنین. هاوكاتیش هەموو ماڵەكان بە شێوەیەكی كاریگەر لە سەرما و گەرما دەپارێزرێن و لە بەكارهێنانی سووتەمەنی بەردینیەوە دەگوێزینەوە بۆ وزەی ژینگەیی زیاتر وەك وزەی خۆر و ئاو.

## سەرمایەداری وێرانكاری ئاوەز و هەسارەكەشمانە

# ٣٤ ئایا ئەنلركیستەكان توێژینەوەی زانستی و پەرەپێدانی تەكنەلۆژیا قەدەغە دەكەن؟

زانینی زانستی بریتییە لە زانینی جیهانی فیزیكیی، جیهانی واقیعیی لەسەر بنەمای بەڵگەی چاودێری نەك لەسەر ڕا و بۆچوون، ئیمان یاخود بیركردنەوەی نییەتباشانە. پێویستە لەوە تێبگەین كە چۆن پرۆسە فیزیكییەكان كاردەكەن بۆ ئەوەی بتوانین خۆراك و داڵدەدانی خۆمان زامن بكەین و ڕێگریی لە دەردەكان و چارەسەری گۆڕانی كەشوهەوا بكەین.

كاتێك زانیاری زانستی بە نهێنی پەرەی پێدەدرێت، بۆ مەبەستی قازانج یان بەدەستهێنانی دەسەڵات، زۆرجار تەكنەلۆژیاكان زیانمان پێدەگەیەنن نەك ژیانمان باشتر دەكەن. بۆ نموونە هاندان بۆ قازانج و كۆنترۆڵكردن بەو مانایەیە كە زیرەكی دەستكرد لەلایەن حكومەت و سەربازی و كۆمپانیا تایبەتەكانەوە پەرەی پێدەدرێت بۆ چەك و چاودێری یاخود بۆ هەڵخەڵەتاندنمان بۆ كڕینی بەرهەم یان پاڵپشتكردنی هەندێك هۆكار.

ئامێر و ناسنامە و داتاكانمان بەكاردەهێنرێن بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندیمان و ئێمە كەمتر و كەمتر كۆنترۆڵكردنی ئەو تەكنەلۆژیانەمان هەیە كە كاریگەری لەسەرمان هەیە.




لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا، زانست وەك هەموو شتێكی تر، بە ڕەزامەندی هەموو كۆمۆنێتییەكە پشـــتگیری دەكرێت، ئەویش لەســـەر بنەمای ســـوودگەیاندنی گشـتیی. سـەرچاوەكەی كراوە دەبێت (بەبێ نهێنی یان خاوەندارێتی بیرۆكەكان، بە ئازادیی لەبەردەسـتی هەموواندایە) كە ڕێگە بە كۆمۆنێتییەكە دەدات چاودێری ئەخلاقی و مەترسی و ســـوودەكانی بكات. زانست چالاكیەك دەبێت كە لە شوێنی كار و پەروەردەدا ئەنجام دەدریت. تاقیگە تایبەتەكان كە لە كێبڕكێی یەكدیدان بوونیان نابێت. بەبێ هەوڵی هاندانی قازانج، كۆمەڵی زانستی دەتوانێت سەرنجی لەسەر

بەرهەمهێنانی بەردەوامی خۆراك، وزە و گواستنەوە، چاودێری تەندروستی و زۆر شتی تر بێت.
دەكرێت پێشكەوتنەكان هاوبەش بكرێن بۆ چارەسەركردنی كێشە جیهانییەكان. بۆ نموونە ڕێنماییەكانی بەرهەمهێنانی ڤاكسینێكی نوێ بەردەست دەبێت تاكو ڤاكسینەكە لە هەر شوێنێك دروست بكرێت، نەك وەك ئێستا كە تەنها لەلایەن كۆمپانیایەكەوە كە بە نرخێكی گران بیفرۆشێت، كە بۆ كۆمۆنێتییە هەژارەكان ناكرِدرێن.

تەماشا بكە و بیهێنە بەرچاوت كە چەند هەنگاوی زیاتر دەتوانین بنێین بە بەكارهێنانی سەرچاوەی زانستیی لە كۆمۆنێتییەكانماندا. دەتوانین سیستەمێك بۆ بڕیاردانی دیموكراسی كارامە و كافیی، بۆ دابەشكردنی دادپەروەرانەی سەرچاوە و داهاتەكان دابڕێژین و بەجددی پێكەوە دەست بكەین بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە جیهانییەكان.

# ٣٥ ئایا لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا هێشتا یەکەی خێزانیی دەمێنێت؟

وەڵامی سادە "بەڵێ، ئەگەر مرۆڤەکان بیانەوێت بەو شێوەیە بژین." **یەکەی خێزانی** بە شێوەیەکی نەریتی ئاماژەیە بۆ ژن و مێرد و منداڵ. بنەمایەك کە ئەنارکیستەکان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە پێویستە ڕێگە بە هەموو کەسێك بدرێت ئەوەی دەیەوێت بیکات، ئەوەندەی زیان بە کەسانی دیکە نەگەیەنێت.

دەبیت هەموو کەسێك بتوانێت بەو شێوەیە بژی کە باشترینە و بۆی دەگونجێت، لەگەڵ "خێزان"دا و کە خێزانی گەورەتری لێ دەبیتەوە و پێکەوە دەژین، کۆمەڵێك کەس کە منداڵان پێکەوە پەروەردە دەکەن؛ خەڵکانێك کە بڕیار دەدەن منداڵیان ناوێت؛ دوو کەسی سەر بە هەمان ڕەگەز بە منداڵەوە یاخود بێ منداڵ. یان هەر پێکەوەبوون و ئاوێتەبوونێکی تر کە بۆ ئەو تاکانە گونجاو بێت – لەنێویشیاندا دروستکردنی یەکەی خێزانی.
بەڵام پێویستە ئەو ژیانە بۆ هەموان لە ناو ئەو "خێزانە"دەستبدات لە کۆمەڵی ئێستادا زۆرجار خێزان بۆ باوك گونجاوە بەڵام ڕەنگە بۆ دایك یان منداڵەکان باش نەبێت. ئەگەر بە باشی گونجاوبێت بۆ هەموو ئەوانەی بەشدارن، ئەوا بابیکەن. ئەگەر نەگونجاو بوو، هەموو ئەوانەی بەشدارن دەتوانن قسە لەسەر ئەو ڕێگایانە بکەن تاکو ببێتە شێوازێکی ژیانی چێژبەخش بۆ هەموویان. کۆمەڵ پشتگیریان دەکات بۆ

ئەوەی هەوڵ بدەن باشتر سەربگرێت یاخود بگونجێت. ئەگەر هێشتا هەر سەری نەگرت، پێویستە ئەوانەی بەشدارن بە متمانەوە سەیری شێوازە جیاوازەكانی ژیان بكەن.
بێگومان بە هەمان شێوە، ئەگەر ویسترا هەر "خێزانێك" پێكبهێنرێت و پێویستی بە پشتگیری هەبوو ئەوا پێویستە بەدەستی بهێنێت. ئەگەر شێوازی ژیانیان بۆ هەموویان نەگونجا، دەبێت هەموویان توانای ئەوەیان هەبێت ڕێگەی جیاواز تاقیبكەنەوە.

مرۆڤەكان بە هەر شێوەیەك بیانەوێت دەژین، بۆ ئەوەی سەلامەت و دڵخۆش بن و هاندەدرێن بۆ خۆیان بیربكەنەوە. هیچ كام لە ئێمە نابێت حوكم بدەین كە مرۆڤەكانی تر چۆن دەژین، یان حوكمیان لەسەر بدەین ئەگەر بارگرانییەك لە شێوازی ژیانی جیاواز تاقی بكەنەوە.

ئومێدەوارین لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا هەمووومان تێكەڵ بە كۆمەڵە كەسانی دیكە بین، ئەزموون و زانیاری لە كۆمەڵێك شوێنەوە بەدەست بهێنین، نەك تەنها لە چوارچێوەی یەك ئامادەكاری ( تەرتیبی) تایبەتەوە

# ٣٦ ئایا ڕێگە بە مادده هۆشبەرەكان دەدرێت؟ ئەی مەی و تووتن؟

لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا پێشبینی ئەوە دەكەین ژمارەیەك لە خەڵك كە مادە هۆشبەرەكان بەكاردەهێنن و لەوانەش مەی و تووتن لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا كەمدەبنەوە، چونكە مرۆڤەكان ژیانێكی وا سەختیان نابێت. هەروەها هۆكار كەمتر دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە خوو. بۆیە بە شێوەیەكی سەرەكی بۆ حەوانەوە دەبن.

تەنانەت بەو شێوەیەش، مادە هۆشبەرەكان ڕەنگە كاریگەرییان لەسەر تەندروستی بەكارهێنەر هەبێت، و دەتوانێت كاراییی لەسەر ئەندامانی دیكەی كۆمەڵ دانێت. ئایا ئەوە ئەو مافە دەدات بە "كۆمۆنێتییەكە " قەدەغەیان بكات؟ زۆربەی ئەناركیستەكان جەخت لەسەر خاوەندارێتی تاك لە جەستەی خۆیان دەكەنەوە. دیكتاتۆرییەتی بیروڕای گشتی هێشتا هەر دیكتاتۆریەتە. ئەمە بۆ خودی هەر كۆمۆنێتییەكە لێدوانی لەسەر بكات و ڕێكبكەون لە سنورێكی فراوانتر لەسەر هاوسەنگی نێوان مافی تاك و كۆمۆنێتییەكە .
لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا دەپرسین كێ ئەمانە بەرهەم دەهێنێت؟ كۆكاین لە ئەمریكای لاتین بەرهەمدەهێنرێت، تریاك لە ئەفغانستان و

مۆنکەکان شەرابی باکفاست[5] کە زۆرێک لە کەسانی مەیخۆر حەزیان لێیە، ئەو کارە دەکەن چونکە باشترین داهات دەدنە دەست. ئا لەو ڕووەوە هێرۆین و کۆکاین جیاوازییان نییە لەگەڵ ماسیی بچووکدا، هەمبەرگری نەباتی - یان چەکەکان . بەرهەمهێنەرانی قاوە لە کینیا کاتێك لە بازاڕدا نرخی قاوە دابەزی قاوەیان گۆڕی بە بەرهەمهێنانی دانەوێڵە کە دەتوانن بیخۆن ئەمەش زۆر تەندروستتر بوو! باوەڕمان وایە کۆمۆنێتییەکان دەستیان کردبا بە گەشەپێدان و بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی بەسوودتر بۆ خۆیان، ئەگەر قاوە لەوێ زۆر کەمتر بەرهەم بهێنرایە .

لەگەڵ وتنی ئەوەی سەرەوەشدا ڕەنگە تاکەکان ئەوانەی کە دڵیان دەیخوازێت بیچێنن و بەرهەمی بهێنن. ڕەنگە کۆمەڵی فراوانتر بڕیار بدات بەکۆمەڵ ئەو کارە بکات؟ ئەمەش بەشێك دەبێت لە پرسێکی فراوانتر کە لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا بڕیار دەدەین چی بەرهەم بهێنین.

---

[5] باکفاست: شەرابی باکفاست تۆنیك جۆرێکە لە خواردنەوە کحولییە کافاینییەکان کە پێکهاتووە لە شەرابێکی بەهێز بە بەکارهێنانی کافاینی زیادە. لە بنەڕەتدا لەلایەن مۆنکەکانەوە لە باکفاست ئەبی لە دێڤن، ئینگلتەرە دروستکراوە. لە ئێستادا دروستکردنی پێویستی بە مۆڵەت و چاودێریی هەیە.

# ٣٧ ئایا میدیا، سۆشیال میدیا ڕێکدەخرێن، کۆنترۆڵدەکرێن؟

لە ئێستادا زۆربەی کۆمپانیا گەورەکانی میدیا دەیانەوێت پارە پەیدا بکەن (لە ڕێگەی داهاتی ڕیکلامەوە یان فرۆشتنی داتای بەکارهێنەر). هەروەها دەیانەوێت بیرۆکەکان بڵاوبکەنەوە (زۆرجار بۆ ئەوەی هەندێك كاریگەری سیاسی بەدەستبهێنن) بە ڕاکێشانی خەڵکی زیاتر و زیاتر. هاوکاتیش ئەوەندەشی شت هەبێت کە ڕق و تووڕەییمان دروست بکەن، دەزگەکانی ڕاگەیاندن ( میدیا) وەڵامە سۆزدارییەکانمان دەقۆزنەوە . کەواتە پێویستە بەئاگا بین لەوەی بەکارمان نەهێنن و نەمان قۆزنەوە.
کۆمەڵی سەرمایەداریی لەسەر بنەمای کێبڕکێ و ڕوواڵەت و خۆپەرستی دامەزراوە. سۆشیال میدیا ئامرازێکی زیادەڕەویە لەوەدا.

ئێمە باوەڕمان وایە لە کۆمەڵی ئەنارکیستی داهاتوودا مرۆڤەکان ڕێز لە کەسانی دیکە دەگرن و ڕێنماییەکان بەکۆمەڵ لەلایەن هەر کۆمۆنێتییەکەوە دادەنرێت و لەسەری ڕێکدەکەون ئەو کاتە هەمووومان دەزانین چی گونجاوە و چی نەگونجاوە.

سەبارەت بە خودی تەکنەلۆژیاش خۆی، ئەستەمە بزانین لە داهاتوودا ئەوە چۆن دەگۆڕێت. هاوکاتیش پێمان خۆشە وا بیر بکەینەوە کە توانای خەڵك بۆ پەیوەستبوونەوە لەسەر ئاستی جیهان و لە کۆتا خاڵیشدا

بەڵێنەكەی وەك هێزێك بۆ چاكە بەجێبهێنێت و هانی خەڵكی دیكە دەدات كە فۆرمێكی جیاوازی كۆمەڵ لەبەرچاو بگرن.




دژ بە دەسەڵات بجەنگە

## ٣٨ مۆدە، هونەر، مۆسیقا، کولتوور، کات بەسەربردن، خۆشیی. ئەمانە چییان بەسەر دێت؟

"ئەگەر نەتوانم سەما بکەم، ئەوە شۆڕشی من نییە" ئێما گۆڵدمانی ئەنارکیست، 1869 - 1940

ئەمانە وەك هەمیشە بەردەوام دەبن، لەگەڵ سەردەم و سەلیقەی ئەو کەسانەی کە دروستی دەکەن پەرە دەستێنێت. لەو کۆمەڵەدا خەڵك کاتێکی زیاتریان دەبێت بۆ کەشفکردنی لایەنی داهێنەرانەیان و بەرهەمهێنانی هەر کارێکی سەیر و نایاب کە خەیاڵیان، بیرکردنەوەیان ڕێگەی پێ دەدات.

وەك ئەوە نابێت لە کۆمەڵی سەرمایەداریی ئەمڕۆدا کە بەرهەمی هونەرمەندان لەلایەن کەسانی دیکەوە هاندەدرێین کە لە ڕووی داراییەوە سوودمەند دەبن لە سەرکەوتنەکەیان.

ئەمڕۆ زۆر کەسی بەتوانا هەن کە هەرگیز کارەکانیان تەقدیر ناکرێت و بەو هۆیەوە زۆرجار لە ئەنجامدا لەدەست دەچن. زۆرێك بەردەوام دەبن چونکە خولیای ئەوەیان هەیە کە دروستی دەکەن و چێژی لێ وەردەگرن، هەرچەندە ناتوانن بژێوی ژیانیان لێی دابین بکەن.

مرۆڤەکان دەیانەوێت کاتی خۆش بەسەربەرن و کاتی خۆشیش بەدەوروبەر بدەن. هەموومان حەزمان لە شتی جیاوازە و ئەمەش ژیان

زیاتر دەوڵەمەند دەکات. هەرگیز لە هونەری سەرسوڕهێنەر کەممان نابێت.




ئێمە پێمان وایە کۆمەڵی ئەنارکیستی وا لە تاکەکان دەکات زیاتر چێژ لە داهێنان بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر وەربگرن. ئایا ئەمە ئامانج، مەبەست لە هەموو شتێك نییە؟ ژیان و ئەنجامدانی ئەوەی کە پێت خۆشە، کە بۆ زۆرێك ئەوە جۆرێکە لە چالاکیی داهێنەرانە.

# چۆن لێرەوە دەگەینە ئەوێ؟



## ٣٩ بەڵام ئایا پێویستمان بە حزب و سەركردەی سیاسی نییە بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕانكارییەكان بكەین؟

پێویستمان بە حزب و سەرکردەی سیاسی نییە بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی باشتر دروست بکەین - ئەوان ڕێگرن لە ڕێگاماندا.

شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵی ئێستا وا دەکات بە ئاسانی پێمان وا بێت کە ناتوانین گۆڕانکاری بکەین بەبێ ئەوەی حکومەتەکان یاسا دەربکەن یان پارە دابین بکرێت بۆ ئەوەی شتێك بکرێت. بۆ نموونە ئەوکەسانەی کە بانگەشە دژی یاساکانی قەدەغەکردنی لەباربردنی منداڵ یان هاوڕەگەزخوازیی دەکەن، بڕیار دەدەن چەقی هەوڵیان لەسەر ئەوە بێت کە پارتە سیاسییەکان بگەیەننە دەسەڵات، حوکمدارێی بۆ گۆڕینی یاساکان . لەبری ئەوە دەکرا کار لەسەر ئەوە بکەین کە قەدەغەکردنەکان سەرناگرێت، وەك چۆن کەسانی هاوڕەگەزخواز و ترانسەکان لە داستانی ئەفسانەیی ستۆنوۆڵ (**Stonewall riot** ) لە ئەمریکادا کردیان.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کرێکاران بێ ئەوەی چاوەڕێی سیاسەتمەداران بکەن هەنگاویان بۆ پاراستنی خۆیان نا. بە خێرایی بڵاوبوونەوەی دامەزراندنی گروپەکانی پشتیوانی هاوکاری یەکتر لە سەرانسەری وڵاتدا دەریخست کە خەڵك بۆ پاراستنی خۆیان خۆیان ڕێکدەخەن. خەڵکی ئاسایی زۆر پێش سیاسەتمەداران کاردانەوەیان هەبوو. کاتێك کۆمەڵ بە شێوەیەکی ئەنارکیستیانە ڕێك دەخرێت خۆمان ڕاستەوخۆ ئەو گۆڕانکاریانە دەکەین کە پێویستمانە.

هاوكاتیش نموونەی زۆر هەیە كە مرۆڤەكان كۆنترۆڵی ڕاستەوخۆیان بەكار هێناوە و گۆڕانكارییان كردووە. دوو لەوانە بریتین لە: دوای پشێوییەكەی تۆتنهام[6] (2011 ) لە لەندەن، و ئاگركەوتنەوە لە تاوەری گرێنفیڵ[7] ( 2017 ) لە هەردوو حاڵەتەكەدا خەڵكە لۆكاڵییەكە **خۆیان ڕێكخست** بۆ ئەوەی هاودەنگی و پشتیوانی و هاوكاری خۆیان پێشكەش بەو كەسانە بكەن كە پێویستیان پێیەتی. چەندین نموونەی هاوشێوەی دیكەش هەن كە دەتوانین بیخەینە پێش چاو.

بزووتنەوەی گەشەپێدانی خۆراك لە نێو كۆمۆنێتییەكان لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەكی بەرفراوان زیادی كردووە، وەك ئەوەی خەڵك دەستیان بەسەر زەویدا گرتووە بۆ ئەوەی ئەو شتانە دابین بكەن كە پێویستیانە. هەروەها خۆڕێكخستنی كرێكاران زۆر جار ڕاستەوخۆ گۆڕانكاری كردووە. كارمەندانی، ستافی بەشی تەندروستی بریتانیا، ئەوان

---

[6] پشێویی تۆتنهام ساڵی 2011 : لە ڕێپێوانێكی ئاشتیانە سەری هەڵدا بۆ داوای زانیاری سەبارەت بە كوژرانی مارك دوگان، پیاوێكی ڕەشپێستی خەڵكی تۆتنهام لە باكووری لەندەن، كە لە 4ی ئاب لەلایەن پۆلیسەوە تەقەی لێكراو كوژرا. باسی جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی كە بە وردی چی بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕووداوەكە كە لە چەند شارەوانییەكی دیكەی لەندەن دەستی پێكرد.

[7] گرێیننفیڵ تاوەر: لە 14ی حوزەیرانی 2017، ئاگرێكی گەورە لە بلۆكی فلاتەكانی گرێنفێڵ تاوەری 24 نهۆمی لە باكووری كێنسگستن لە ڕۆژئاوای لەندەن لە بەرەبەیاندا كەوتەوە و بۆ ماوەی 60 كاتژمێر ئاگرەكە بەردەوام بوو. حەفتا و دوو كەس گیانیان لەدەستدا، دواتر دوو كەسی تریش كە لە نەخۆشخانە بوون مردن ، هاوكاتیش زیاتر لە 70 كەسیش بریندار بوون و 223 كەسیش ڕزگاریان بوو.

بوون کە ڕووبەڕووی پەتای کۆرۆنا بوونەوە و پەرەیان دا بە ڤاکسینێکی دروست و کوتانی خەڵکی سەرەڕای بەخراپی بەڕێوەبردنی لەلایەن حکومەتەوە. دوای جەنگی جیهانی دووەم **چالاکی ڕاستەوخۆی** گەورە و فراوان لەلایەن ئەوانەی کە قوربانییەکی زۆریان لە شەڕەکەدا دابوو بارودۆخی ژیانی خەڵکە کارگەرەکەی باشتر کرد. نموونەیەك لەوانە گەرانەوەی ئەو سەربازانە بوو لەجەنگ کە بنکە و بارەگا چۆڵەکانی سوپایان بۆ شوێنی نیشتەجێبوون داگیرکرد. ئەم جۆرە کارانە بەشێك بوون لە بزووتنەوەی گشتی کە بووە هۆی نیشتەجێبوون و خانووبەرەی سۆشیال و باشترکردنی ژیان.

## ٤٠ ئایا نابێت وردە وردە چاكسازی بكەین لەوەی كە هەمانە لەبری گۆڕینی هەموو شتێك؟

هەمووی پەیوەستە بەوەی كە لە ڕاستیدا دەتەوێت چی بگۆڕیت!
ئەگەر تەنها كار و پێگەی كەسانی چینی ناونجیت دەوێت و ئەو شتانەی كە دەتوانیت بۆ خۆت بیانكڕیت ئەوا شۆڕشت ناوێت. تۆ دەتەوێت بەختی ئەوەت هەبێت كە لە زۆربەی خەڵكی جیهان باشتر بیت، بۆ ئەوەی بچیتە ڕیزی ئەو كەسانەی كە بەكارت دەهێنن، دەتچەوسێننەوە، ئا لێرەدا لە خاڵێكی دیاریكراودا بە هیواین بزانیت و تێبگەیت كە تۆ گرەوەكەت دۆڕاندووە. سیستەمێك كە لەسەر دەوڵەمەندبوونی هەندێك كەس لەسەر حیسابی زۆرینە بنیات نراوە، ناتوانرێت بە ئاسانی بكرێتە سیستەمێك كە هەموومان ئامانجمان هاوكاریكردن بێت و هەمووان بتوانن ئەوەی پێویستمانە بەدەستی بهێنین.
لای ئەناركیستەكان پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە "كێ دەسەڵاتی هەیە؟". سیستەمێك كە لە لایەن و لەسەر چەند كەسێك بنیات نراوە كە دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان هەبێت، بە نەرمی ناگۆڕێت بۆ سیستەمێك كە هی هەموو كەسێك بێت. چونكە ئەوانەی سامان و دەسەڵاتیان هەیە هەر ئاوا دەستبەرداری نابن. لەوانەیە ناچار ببن بە كردنی هەندێك چاكسازیی، ئەویش ئەگەر هەست بە مەترسی بكەن، بەڵام ئەمە پێچەوانەی دەستبەرداربوونی دەسەڵاتە. ئەوان ئەو كەسانەن كە ئەو

هێزە بەكار دەهێنن بۆ مانەوەیان لە لووتكەی هەرەمەكە. خەڵك كرۆكی خۆی ناگۆڕێت.




ئێمەی ئەنارکیست دەمانەوێت خەڵکی خۆیان ژیانی خۆیان بەڕێوەببەن، هاوکاری یەکتر بکەن نەك تەنها لە گەڕەکی خۆیاندا، بەڵکو لە دوا پێگەدا لە سەرانسەری جیهاندا. لە کۆتاییدا ئێمە داوا لە **دەوڵەت** و حکومەت، یاخود دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران ناکەین هیچمان بۆ بکەن، چونکە هەمیشە لە بەرژەوەندی چینی حوکمڕان مامەڵە دەکەن کە بەشێکن لێی. ئێمە دەمانەوێت هەموو یەکبکەوین و بە خۆمان ئەوە ئەنجام بدەین.

**دەنگدان تەنها یاریچییەکان دەگۆڕێت، نەک یارییەکە**

## ٤١ ئەم چالاكی ڕاستەوخۆیە چییە كە زۆر باسی دەكەن؟

پێناسەكانی چالاكی ڕاستەوخۆ بریتین لە "شتێك، كردارێك كە وەک دەستبەجێترین ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجێك ئەنجام بدرێت" و "فۆرمێكە لە چالاكیی سیاسی، كە تێیدا بەشداربووان ڕاستەوخۆ پێی هەڵدەستن بە پشتگوێخستنی ڕێكارە سیاسییەكانی دامەزراوەكان و ( ڕێكار و ڕێنماییە پیشەسازییەكان).

نموونەكان لەوانە گرافیتی سیاسی، مانگرتن، داگیركردنی یاخود دەستبەسەراگرتنی شوێنی كار، خۆپیشاندان، ڕێپرینەوە بە دانیشتن، تێكدان، داگیركردنی خانووی چۆڵ یان شەڕی گەریلای شۆڕشگێڕانە. لای زۆربەی ئەناركیستەكان چالاكی ڕاستەوخۆ خۆپیشاندان ناگرێتەوە.

تێکدان کاتێکە کە مرۆڤەکان بە ئەنقەست ڕێگری لە شتێك دەکەن، زیانیان پێ دەگەیەنن، یان لەناوی دەبەن بۆ قازانجی سیاسی. لەمانەش چالاکییەکە کە خەڵك دەستبەسەر شوێنێکدا دەگرێت یا تێکی دەدات وەکو کارگەیەکی بەرهەمهێنانی چەك و تەقەمەنی، یان وەستانی، داگیرکردنی، لەکارخستنی وێستگەیەکی کارەبای خەڵوز سووتێنەر.



کرێکارێك کە بێزارە لە کارەکەی هەر زۆر بە سادەیی دەتوانێت " بورغویەك، ئامرازێکی بچوک لە کارەکەیدا بەکاربێنیت " بۆ وەستانی بەرهەمهێنان.

هەندێک کەس زاراوەی چالاکی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن، کە لای ئەنارکیستەکان بە کەمێك زیاتر لە لۆبیکردنێکی ڕادیکاڵ پێناسە دەکرێت. لێرەدا کردارەکە داخوازییە لە حکومەتێك بۆ گۆڕینی سیاسەتێکی دیاریکراو، نەك بەشداربوونی کەسەکان لە چالاکییەکەدا، کە لە ڕاستیدا بە خۆیان شتێك بگۆڕن.

زۆرجار ئەوانەی لۆبیکردنی ڕادیکال دەکەن دەستگیر دەکرێن و دۆسیەکەیان دەچیتە دادگادا. ئەمەش هەندێک جار پێی دەوترێت "

ڕاستی وتن بە دەسەڵات". زۆربەی ئەنارکیستەکان پێیان وایە ئەوانەی لە دەسەڵاتدان پێشتر ڕاستییەکان دەزانن.

لای ئەنارکیستەکان پرسێکی بنەڕەتی لە کردنی چالاکی ڕاستەوخۆ زیادکردنی متمانە بەخۆیە لای هەموو ئەوانەی ئەنجامی دەدەن. ئەوەش تەنها کاتێك دەکرێت کە هەمووان بەڕاستی یەکسانی قسەکردنیان هەبێت.

لای ئێمە کە پابەندی خەباتی چینایەتین، هەر شۆڕشێك دروست دەبێت بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن خەڵکی هەژار و چینی کرێکارەوە ڕێکبخرێت. کەواتە هەر چالاکییەکی ڕاستەوخۆ تەنها لەو کاتەدا پاساو دەدرێت کە هێز و هەستی بوونی دەسەڵات بدات پێیان – تەنانەت ئەگەر ڕاستەوخۆش بەشدار نەبن تێیدا.

## ٤٢ ئایا شۆڕش توندوتیژ دەبێت؟ ئایا حکومەتەکان بە بەکارهێنانی هێز هەر هەوڵێك بۆ گۆڕانکاری ڕاستەقینە سەرکوت ناکەن؟

میدیاکان بەزۆری ئەنارکیستەکان بە کەسانی توندوتیژ و وێرانکەر نیشان دەدەن و زۆربەی خەڵك وا بیردەکەنەوە کە شۆڕشێکی ئەنارکیستیش هەمان شت دەبێت. ئەمە خراپ تێگەیشتنە لە ئەنارکیزم.

شۆڕشی ئەنارکیستی شۆڕشێك نییە کە گرووپێکی حوکمڕان بڕوخێنێت تاکو بە گرووپێکی دیکە شوێنی بگرێتەوە – ئەم جۆرە شۆڕشانە زۆرجار توندوتیژن بەڵام لە ڕاستیشدا شتەکان ناگۆڕن. شۆڕشی ئەنارکیستی لە ڕێگای چۆنێتی بڕیاردانەکانەوەیە کە چۆن کۆمەڵ کاردەکات، بەڕێوەدەچێت گۆڕانکارییەکان دەکات. ئەمەش یەك ڕووداو نیە و نابێت، بەڵکو پرۆسەیەك دەبێت کاتێك کە خەڵك زیاتر تێدەگەن کە پێویست ناکات چی تر لەگەڵ شتەکاندا هەڵبکەن بەو شێوەیەی کە هەن، خۆیان دەتوانن کۆمەڵ بە شێوەیەکی ئازادتر و دادپەروەرانەتر ڕێکبخەن.

پرۆسەیەکی لەو جۆرە ڕەنگە بە ڕێکخستنی خەڵك لە ناوخۆدا، واتە لۆکاڵی، دەست پێبکات بە دەستبەسەراگرتنی شوێنەکانی کارەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و کۆمۆنێتییەکەیان بەڕێوەی بەرن، نەك لە سوودی بەریوەبەرەکان و خاوەن پشکەکان. لەوانەشە دەستبکەن بە

دەستبەسەراگرتنی دەزگە و دامەزراوەکان کە خزمەتگوزاریی پێشکەش بە کۆمۆنێتییەکان دەکات.

نموونەی زۆر هەبووە کە کرێکاران کارگەکانی خۆیان بەڕێوەبردووە و خەڵك خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ خۆیان ڕێکخستووە. لەو نموونانە 800 ناوەندی تەندروستی کۆمۆنێتی، کلینیکەکانی شارەوانی و نەخۆشخانەکان کە لەلایەن بزووتنەوەی **زاپاتیستی** خەڵکی ناوچەکە لە مەکسیك دامەزراون کە تا ئەمڕۆش بەردەوامن. هەر ئاواش کرێکارە ئەرجەنتینیەکان کە بە هەزارانیان لە سەرەتای ساڵانی 2000ەوە کارگەکانیان کە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە داخرابوون کردنیانەوە و بەکۆمەڵ بەڕێوەیان دەبردن.
بێگومان ئەگەر ئەم جۆرە چالاکییانە دەست بکەن بە پەرەسەندن، ئەگەری زۆرە لەلایەن دەوڵەتەوە، یان لەلایەن تاکەکانەوە کە ئارەزووی مانەوەی یاخود گۆڕینی دۆخەکان دەکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، دژایەتی بکرێت. ئا لەم حاڵەتانەدا خەڵك بەرگریی دەکەن لەوەی کە بەدەستیان هێناوە، لە هەر شوێنێکیش زۆر پێویست بکات بەکاردەهێنرێت.

بیرۆکەی ئەنارکیستی لەلایەن ئەو کەسانەی کە سوودمەندن لە سیستەمی مەوجود وەك مەترسی سەیر دەکرێن و ئەگەری ئەوە هەیە هەوڵی توندوتیژانە هەبێت بۆ سەرکوتکردنییان ئەگەر ببینرێت کە خەریکە زەمینەسازی دەکەن و خۆیان دەگرن. بەڵام تا ڕێژەی ئەو کەسانەی کە قبوڵی بەکارهێنان و چەوساندنەوە ناکەن زیاتر بێت،

شانسی ئەوە زیاترە كە ئەو نەزمەی ئێستا بتوانرێت بە شتێكی زۆر باشتر بگۆڕدرێت و بە خوێنڕشتنی كەمتریش.




لە چ بەرەیەكیت؟

# ٤٣ چۆن بزانین شۆڕشێك بە ئاژاوە و وێرانكاریی كۆتایی نایەت؟

سیستەمی ئێستا لە زۆر ڕووەوە کەموکوڕییەکی جددی هەیە، ئەگەر مرۆڤایەتی بەردەوام بێت لە ژیاندا ئەم سیستەمە دەبێت بگۆڕرێت. کاتێکیش چینی دەسەڵاتداری سەرمایەداریی ئارەزوومەندانە دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی خۆیان نابن، ئەوا شۆڕش زەرووری دەبێت و هەموو شۆڕشەکانیش سەرکەوتوو نین، شۆڕشی ڕووسیا نموونەیەکی سەرەکییە.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شت هەیە کە دەتوانین بیکەین بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە شۆڕش بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵیکی زۆر باشتر مل دەنێت نەك بەرەو ئاژاوە و وێرانکاریی. یەکەم: دەست دەکەین بە دروستکردنی کۆمەڵی نوێ لە قاوغی، توێکڵی کۆمەڵە کۆنەکەدا. بە واتایەکی تر، ئێمە لە ئێستادا دەست دەکەین بە پرۆسەی پەرەپێدانی پێکهاتە و دامەزراوەکان و پراکتیکەکانی خۆرێکخستنی ناپلەبەندیی. مالاتێستا، ئەنارکیستێکی ئیتاڵی (1853 - 1932)، لەم بارەوە قسەی زۆری سەبارەت بە گرنگی ڕێکخستن هەبووە. ئەو پێکهاتە و دامەزراوانە ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆمان بێت، گرووپی هاوکاری نیشتەجێبوون، سەندیکا، یان باخچە و کێڵگەی کۆمۆنێتی و هەر کام لەمانە بێت دەتوانین ئەزموون لە بەڕێوەبردنی شتەکان بۆ خۆمان بە شێوەیەکی کاریگەر و بەبێ پلەبەندیی بەدەستبهێنین.

دووەم: پێویستە دەست بكەین بە گردكردنەوەی خەڵك لەسەر كۆمەڵێك ئاستی جیا - لە ئاستی ناوخۆیی (لۆكاڵیی)، نەتەوەیی و نێونەتەوەیی. تا خەڵك زیاتر ڕابێت لەسەر كاركردن و ڕێكخستنی پێكەوەیی ئێمە لە دۆخێكی باشتردا دەبین بۆ دروستكردنی كۆمەڵێكی نوێی ڕێكخراو كە جیهانی بێت.

لەوەش زیاتر تا شۆڕش توندوتیژی كەمتر بێت باشترە. هەروەها مالاتێستا شتی لەو بارەیەوە هەیە، ئەو جەدەلی ئەوەی دەكرد كە تا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی گەورەتر بێت و خەڵك زیاتر بەشداربن، پێویست بە توندوتیژی كەمتر دەبێت. ئەمەش ئاسانكاریمان بۆ دەكات كە بەردەوام بین لە پرۆسەی كردنی دید و ڕوانگەمانا بە واقیع.

## ٤٤ بۆچی کەسێك پشتگیری جۆرێك لە شۆڕش بکات لە کاتێکدا دەرئەنجامەکەی نادیارە؟

شۆڕش ڕووداوێك نییە كە یەك جار (یەك كەڕەت) ڕوودات و كۆمەڵ بە تەواوی لە شێوازێكی كاركردنەوە بۆ شێوازێكی دیكە بگۆڕێت. گۆڕانكاریی دەرئەنجامی پرۆسەیەك دەبێت كە ساڵانێكی زۆرە بەردەوامە و هەمووما لەخۆدەگرێت كە دیدگایەك و زەمینەسازی بۆ كۆمەڵی نوێ دروست بكەین.




شۆرش لەسەردەمی ئێمەدایە

ئەوەی ئێستا دەیكەین ئەو چالاكییانەن كە ئەنجامیان دەدەین و ئەو پێكهاتانەی، دامەزراوانەن كە دروستیان دەكەین، ئەو جۆرە كۆمەڵە وێنە دەكات، لە قاڵب دەدات كە كۆتایی پێدەهێنین. ئەگەر چی فۆرماتێكی وردمان نییە بۆ كۆمەڵی نوێ، بەڵام دەرئەنجامەكەی بە تەواوی نادیار نابێت.

هەرچۆنێك بێت گرنگە بزانین كە ناتوانین بە تەواوی پێشبینی ئەوە بكەین كە چی ڕوودەدات، بەڕاستیش هەندێك مەترسی هەیە كە

شۆڕشەکە ئەو کۆمەڵە دروست نەکات کە ئێمە دەمانەوێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە گرنگە پەرە بە دیدگایەك بدەین و دەست بکەین بە دروستکردنی "کۆمەڵی نوێ لە قاوغی کۆمەڵی کۆندا." ئێمە پێشبینی دەکەین و هانی بیرۆکە نوێیەکان دەدەین وەك بەرەنجامی پرۆسەی شۆڕشگێڕانە سەرهەڵبدەن، کە لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە.

کاتێك مرۆڤەکان لە بەربەستەکانی کۆمەڵی ئێستا ڕزگاریان بوو، دەتوانن شێوازی نوێی ئەنجامدانی کارەکان کە پێشتر بیریان لێنەکراونەتەوە، خەیاڵ بکەن و بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. توخمێکی نەزانراو هەیە، بەڵام ئەوە ئێمەین کە ڕووداوی شتە نوێیەکان دروستدەکەین، بەسەرماندا ناسەپێنرێن.

شۆڕشیش پێویستە. لەوانەیە ئێمە بە تەواوی نەزانین چی ڕوودەدات بەڵام دەزانین کە ئەوەی لە ئێستادا هەمانە ناتوانێت بەردەوام بێت. پرسەکانی وەك گۆڕانی کەشوهەوا و نادادپەروەریی زۆری سەرمایەداریی (و پلەبەندییەکانی دیکە) ئاوامان لێدەکەن کە هەست بکەین هیچ بژاردەیەکمان نییە جگە لە کارکردنی بەرەوپێشەوە بۆ پچڕاندنی ( لێکجیابوونەوە) تەواو لەگەڵ کۆمەڵی ئێستادا.

# ٤٥ چی بەسەر ئەو کەسانە دێت کە دژایەتی شۆڕشی ئەنارکیستی دەکەن؟

کاتێك خەڵك ئەم پرسیارە دەکەن زۆرجار پێدەچێت وا بیربکەنەوە کە ئەنارکیستەکان تەقە لە هەموو ئەو کەسانە دەکەن کە دژایەتیمان دەکەن؛ هەروەك چۆن حوکمڕانان لە دەوڵەتە بەناو کۆمۆنیستەکاندا کردیان یان وەك دیکتاتۆرەکانی ئێستا و هەندێک لە سەرکردە سەرمایەدارەکان دەیکەن. بە دڵنیاییەوە ئەوە شێوازی کارکردنی ئەنارکیستەکان نییە!




هیچ جەنگێک، جگە لە جەنگی چینایەتی

هەروەها، ئێمە "شۆڕش" وەك شتێكی گەورەی یەکجارەکی، واتە کە لەیەك جاردا ڕوودات نابینین، پرۆسەیەکی درێژی چەندین ساڵەیە کە هێدی هێدی ڕوودەدات. بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، بەڕاستی ئەوە بەندە بەوەوە کە چۆن دژایەتی شۆڕش دەکرێت. ئەگەر ئەوانەی

بیرۆکەکانی ئێمەیان بەدڵ نەبوو و دەستیان کرد بە بەکارهێنانی توندوتیژی سەرکوتکەرانە، ئەوا بە سروشتیی ئەنارکیستەکان و ئەوانەی لەگەڵیان هاوڕان بەرەو سەرکەوتن شەڕ دەکەن.

بەڵام، ئەگەر ئەو کەسانەی کە شۆڕشیان بەدڵ نییە و بە شێوازی دیکە دژایەتی دەکەن: بڵێین بە باسکردن و لێدوانی ئەوەی کە وەك ڕێگەیەکی باشتر بۆ پێشەوە دەیبینن یاخود دابەشکردنی بەیان و ڕاگەیاندن کە ڕێگەیەکی جیاوازە پێشنیاری دەکەن، ئەوا ئەوە بە تەواوی لە چوارچێوەی مافەکانیاندایە و پێویستە بەبێ ئەوەی ترسێکیان هەبێت ئەو کارە بکەن . ئێمە پێمان وایە دید و بۆچوونەکانمان باشترینن کە لە ئێستادا هەن، بەڵام ئێمە کۆمەڵێکی باشترمان دەوێت بە قەناعەت پێکردنی ئەوانی دیکە کە بەشێک بن لێی، نەك بە ناچارکردنیان بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن کە ئێمە دەڵێین باشترینە.
ئێمە دەمانەوێت خەڵك بەشداربن تاکو پێیان وابێت باشترین ڕێگایە بۆ ژیان. هەڵوێستی ئێمە ئاساییە لەگەڵ خەڵکانێك کە تەحەدامان دەکەن و ڕێگەی جیاواز پێشنیار دەکەن- تەنانەت ڕێگەی **پلەبەندیش!** وێڕای ئەوەی کە ئێمە هیچ لۆژیکێك لە بوونی کۆمەڵێکدا کە کەمینەیەکی بچووك سەرۆکایەتی ڕەهای زۆرینەی ئێمە بکات نابینین. بۆچی کەسێك ئەوەی دەوێت؟!

## ٤٦

## ئایا "سروشتی مرۆڤ" نییە کە کێبڕکێ لەگەڵ ئەوانی تردا بکات بۆ ئەوەی بۆ خۆمان و خێزانەکانمان باشترین بەدەست بهێنین؟

زۆر ناوازە دەبێت ئەگەر باشترینمان بۆ خۆمان و خێزانەکانمان و برادەرەکانمان و ئەوانەی کە ئێمە بە شێوەیەکی شەخسی گرنگییان پێدەدەین نەوێت. ئەنارکیستەکان تەنیا نین کە پێیان وابێت پێویست نەکات "کێبڕکێ لەگەڵ" کەسانی دیکەدا، بۆ نموونە ملشکاندن و خراپبەکارهێنانی خەڵك لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی تایبەتدا بکەین.

بەڵگەکان لە زیادبووندان، خەڵکی زیاتر ئەو پرسیارە دەکەن کە ئایا سروشتی مرۆڤ لە ڕاستیدا هەمیشە کێبڕکێکار بووە یان خۆپەرست بووە. کاتێك مرۆڤەکان بۆ یەکەمجار پەرەیان سەند ژمارەیەکی کەم هەبوون و سەرچاوەکان زۆر بوون، بۆیە پێویست نەبوو مرۆڤەکان خۆپەرست بن. ئەمەش هێشتا لەو گروپانەدا دەبینرێت کە بەردەوامن لە ژیان وەك ئەوەی لەو سەردەمانەی ڕاوکردن و بەروبووم کۆکردنەوەدا هەیانبوو. کەواتە ئەگەر خۆپەرست بین، ئەوە گەشەکردنی سەردەمە و بە دڵنیاییەوە ‘سروشتی مرۆڤ’ نییە.

ئەنارکیستەکان باوەڕیان وایە زۆرینەی ڕەهای ئێمە باشتر دەبن ئەگەر هەموومان لە نێوانی خۆماندا هاوکاری بکەین. کێبڕکێکردنی هەموو کەسێك لەگەڵ ئەوی تر، بە دابەشبوویی دەمێنینەوە و تەنها سوود بە ساماندااران دەگەیەنێت. تەنانەت لە کۆمەڵی سەرمایەداریی ئێستاشدا کاتێك کرێکاران پێکەوە ڕادەوەستن و لە شانی یەکەوە شەڕ دەکەن، دۆخیان زۆر باشتر دەبێت لەوەی کە تاکەکان گۆشەگیر بن بە زەلیلی

دەچنەوە بەردەم بەڕیوەبەرەکانیان بۆ چەند تیکە نانێکی زیاد. ئەمە سوودبەخش دەبێت بە کارکردنی پێکەوەیی زۆر گەورەتر دەبێت بە بڵاوبوونەوەی ئەو هاوکارییە.
پێش ئەوەی بەریتانیا دەزگەی ئاسوودەژیانیی بخاتە کار کە لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە بەڕێوە دەچوو، کرێکاران **کۆمەڵەکانی دۆستی پزیشکیی** خۆیان بەڕێوەدەبرد (پزیشکەکانیان دامەزراند**!**). تەنانەت لە شیلی-یش لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەربازیدا، کرێکاران پڕۆژەی هاوکاری بە یەکدی-یان پێکهێنا ، هەروەها لە زۆر شوێنی دونیادا کارگە و زەوییەکان دەستیان بەسەردا گیرا.
چالەنجی ئەنارکیستەکان کارکردنە لەسەر بەردەوامبونی ئەو پڕۆژانەی کە لە نێوانی خەڵکە ئاساییەکەدا کە لە ئێستادا هەن و هاوکاریکردنییانە و ڕێگری بکەن لە بەکەمگرتنیان یاخود لە جێگرتنەوەیان لە لایەن دەوڵەتەوە و کارکردن بۆ زیادکردنی ژمارەیان. هەروەها بەرەنگاری زیادە هێرشەکانی ئەو کەسانە ببنەوە کە لە گۆڕانکاری ڕاستەقینەدا زۆرترین شت لەدەست دەدەن .

## ٤٧ ئایا زۆربەی خەڵک ژیانێکی ئاسانیان ناوێت و دڵخۆش نین بەوەی کە ئەوانی تر بڕیار بدەن؟

ڕەنگە خەڵکێکی زۆر تەنها ژیانێکی ئاسانیان بوێت، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوەیە کە مرۆڤەکان لەناو ژینگەی دەوروبەریاندا دەژین و کاردانەوەیان دەبێت. زۆربەی ئەو کەسانەی دەیانناسین لە جیهانێکدا گەورە بوون کە توانای بڕیاردانیان بۆ خۆیان لێ زەوت کراوە. لە قوتابخانەکانەوە کە داوای ڕێزگرتنی دەسەڵاتیان لێدەکەن بەبێ پرسیار، تا دەگاتە حکومەتەکان کە بڕیارەکان دەدەن کە لەگەڵ خۆیان بگونجێت بەبێ گوێدانە ئەوەی خەڵك چەندێك نارەزایەتی دەردەبڕن. فێردەکرێین کە بۆچوونەکانمان گرنگ نین، و نابێت پرسیار بکەین کە جیهان چۆنە، دەڵێن ئەوە جیهانە و ئاوایە ، بەردەوام بە و چێژ لە هەموو ئەو دەرفەت و خۆشیانە وەربگرە کە ژیان بۆی دابین کردوویت.



ئەمە ئەو جیهانەیە کە ئێمە دەیبینین و دەکرێت بە ئاسانی ئەو ئەنجامە دەرك بکەین کە مرۆڤەکان ئەمەیان دەوێت. بەڵام ئەمە تاکە ڕێگە نییە کە ژیانی پێ ڕێکبخرێت. لە سەرانسەری جیهاندا کۆمەڵ هەیە کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە پرۆسەکانی بڕیاردانەدا دەکەن وەك بەشێك لە ژیانی ڕۆژانە بۆ نموونە:

- کۆمۆنێتی خەڵکە ئەسڵییە نیشتەجێبووەکان .
- ناوچە ئازادیخوازە جۆراوجۆرەکانی ڕابردوو، بۆ نموونە لە **ئیسپانیا 1936** یان **مانچوریای** 1930 .
- **زاپاتیستەکان،** یان **ڕۆژاڤا،** لە سەردەمی خۆماندا.

لێرەش لە بەریتانیا ئەوە ڕوودەدات، دەبینین جار دوای جار خەڵك بەکۆمەڵ پێکەوە خۆیان ڕێکدەخەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، دابەشکردنی کۆمەکەکان لە لایەن گروپەکانی **پاڵپشتی و هاوکاریی** لە سەردەمی قەیرانی کۆرۆنادا، هەروەها و **دەستە و جەمعییەی دۆستانەوە** لە ڕۆژانی ڕابردوودا، ئەمانە نموونەی باشن. ئێمە دەزانین کە خەڵکێکی زۆر ماکی ئەمەیان تێدایە کە گریمانی جیهانێکە کە هەمووومان بەرپرسیارێتی تێدا هەڵدەگرین کە دەتوانرێت بوونی هەبێت.

## ٤٨
## چۆن وا لە دەوڵەمەندەكان دەكەین كە دەستبەرداری سامانەكانیان بن؟

لە ئێستادا ئەستەمە كەسێك وا لێ بكرێت ئاستی ستاندەری ژیانی خۆی بێنێتە خوارەوە كە لە بەرژەوەندی دابەشكردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەكان بێت، بە تایبەت ئەگەر لە داهاتوو دڵنیا نەبێت. زۆرێك لە وتار و كتێب و سۆشیال میدیا و هتد بە ڕوونی باسی خراپییەكانی نایەكسانییان كردووە. بەڵام هێشتا دەوڵەمەندەكان دەوڵەمەندتر و دەسەڵاتدارتر دەبن.

وەك پێشتر وترا كۆمەڵی ئەناركیستی لەپڕ ڕوو نادات. لەگەڵ گۆڕانی بیرۆكەكانی كۆمەڵدا هەندێك لە تاكە هەرە دەوڵەمەندەكان دەبینن كە ژیان زیاتر لە زیادكردنی سامانەكانیانایە. بنیاتنانی كۆمۆنێتییەكان، ڕزگاربوون لە چاوچنۆكیی تاكەكەسی، هاوبەشكردنی هەموو سەرچاوەكان و بینینی سوودەكانی بۆ هەمووان بۆ كۆمەڵێكی دادپەروەرتر، وردە وردە زۆرێك لە خەڵكی دەوڵەمەند قەناعەت پێ دەكات كە پێویستیان بە بڕێكی زۆر گەورەی شت و سامان نییە.
لەگەڵ نزیكبوونەوەمان لە كۆمەڵی ئەناركیستی، دەوڵەت وردە وردە نامێنێت، كۆكردنەوەی پارە بێ مانا دەبێت، هەروەها هەموو سەرچاوەكانی وەك كەرەستەی خاو و شوێنی كار و زەویش. ئەمانە هەموو كۆمۆنێتییەكە خاوەندارێتی لێدەكات . هەمووان یەكسانی قسەكردنیان دەبێت لە بڕیاردان و دەستڕاگەیشتنی خۆڕایی و ئازادانە بە هەموو شتێك كە كۆمەڵ بەرهەمی دەهێنێت.

ڕەنگە هەندێك هەوڵ بدەن و بە سامانەكەیانەوە بلكێن. بەڵام لەسای ئەناركیزمدا ئەم خەڵكە چیتر خاوەنی ئەو سەرچاوانە نابن كە ئەو سامانەیان بۆ دابین دەكات كە لە سای سەرمایەداریدا هەیانە یاخود هەیان بووە. بەبێ پارە و كاری ئێمە چیتر ساماندارێتی خۆیان زیاد ناكەن لە ڕێگای وەبەرهێنانەوە. بەبێ دەوڵەت هیچ پلانێك نابێت بۆ ئەوەی پارە لە ڕێگەی جزدانی گشتیەوە لە هەژارەوە بۆ دەوڵەمەند، واتە لە خوارەوە بەرەوە سەرەوە بگوازرێتەوە. بەبێ سیاسییەكان و پۆلیس و دادوەر و سوپا كەس سەروەت و سامانیان ناپارێزێت.

بەڵام دوای هەموو ئەمانەش ئەگەر هێشتا هەوڵ بدەن سامان كۆبكەنەوە لە كاتێكدا ئەوانی تر كەمتریان هەیە، ئەوا هەر كۆمۆنێتییەك بڕیار دەدات كە چۆن هەست بە هەقی خۆیان دەكەن چۆن مامەڵەی دەكەن. لەوانەیە كۆمۆنێتییەكان ڕێگەیان پێ بدەن زیاتریان هەبێت، یاخود ڕەنگە كۆمۆنێتییەكان ڕازییان بكەن كە دەستبەرداری زیادەڕەویەكانیان بن. یان كۆمۆنێتییەكان ڕەنگە بڕیار بدەن ئەوەی دەوڵەمەندەكان لە دەستیاندایە دابەشی بكەنەوە، ئەگەر پێویستیشی كرد بە بەكارهێنانی چەك.

## ٤٩ ئەی دەسەڵات؟ چۆن وایان لێ دەكەین ئەوە هاوبەش بكەن؟

ئەنارکیستەکان باوەڕیان وایە دوو جۆر دەسەڵات هەیە. یەکێکیان دەسەڵاتە بەسەر مرۆڤەکانی تردا، ئەوی تریان دەسەڵاتی تاکەکەسی و دەستەجەمعی خۆمانە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆمان. لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا کەس دەسەڵاتی بەسەر ئەوانی تردا نابێت.

لەگەڵ پێشەوەچونمان بەرەو کۆمەڵی ئەنارکیستی، دەتوانین هیوای ئەوەمان هەبێت کە مرۆڤە بەدەسەڵاتەکان سوودەکانی ژیانێکی ئازاد و پڕ لە هاوکاری وپێکەوەیی ژیان ببینن. بەڵام بەگومانین، زۆرێك لەوانەیە نەیکەن.

لە حاڵەتێکدا بە دیکتاتۆرێتی بێت یان کەسێك کە توندوتیژی دروست دەکات، کە توانای ناچارکردنی کەسانی تری هەیە بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن کە دەیەوێت، دەکرێت هۆکارەکەی زۆربەی ئالودەبوون بێت. پرۆسەی شۆڕش ئەو دەسەڵاتە دەپوکێنێتەوە، بەو پێیەی مرۆڤەکان ئەزموونی کۆنترۆڵکردنی ژیانی خۆیان دەکەن، بەڵام زۆرێک لە ئالوودەبووانی دەسەڵات لە پێناوی نەدۆڕانیدا پەنا بۆ هەموو توندوتیژییەك دەبەن.

لە کۆمەڵی ئەنارکیستیدا ئەوە نییە کە هەر شتێك حەزت لێیە بتوانیت بیکەیت، بۆیە هەرکەسێك دەستبەرداربوونی دەسەڵاتەکەی

ڕەتبكاتەوە، ڕەنگە پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی باقی کۆمۆنێتییەکە بێت. چۆن هەر کۆمۆنێتییەك ئەم کارە دەکات، وەک پێشتر گوتمان بەندە بە تایبەتمەندیی بارودۆخەکانەوە. ئێمە هەندێك نموونەمان هێناوەتەوە کە چۆن ئەوە دەکرێت یاخود ڕوودەدات، بەڵام کۆمۆنێتییەکان پەرە بە ئەوانی دیکەش دەدەن.

بەڵام لە کۆتا ماوەدا دەسەڵات ناتوانێت لە دەستی کەمینەیەکی بچووکدا بێت، دەبێت لە نێوان هەمووماندا هاوبەش بێت، شەیر بکرێت.

**دەسەڵات گەندەڵە، دەسەڵاتی ڕەها بە ڕەهایی گەندەڵە.**

## ٥٠ ئایا پێویستە شۆڕش لەسەر ئاستی جیهانی ڕووبدات یان بە قەبارەیەکی بچووکتر ڕووبدات؟

بە شێوەیەکی ئایدیالیستیانە شۆڕشی ئەنارکیستی لەسەر ئاستی جیهانیی ڕوودەدات. ئاشکرایە هاوکاری نێوان بەشە جیاوازەکانی جیهان ئاسانتر دەبێت بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو سنوورە نیشتمانییەکان.




بەڵام ئێمە واقیعیین و دەزانین ڕەنگە ئەمە لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی جیهانیدا ڕوونەدات، چونکە ئەگەری ئەوە زیاترە کە سەرەتا بە قەبارەیەکی بچووکتر دەست پێ بکات.

لە ئێستادا ئەنارکیست و هاوسۆزانی لە سەرانسەری جیهاندا هەن. یەکێك لە ڕێگاکان کە لەوانەیە ڕووبدات ئەوەیە کە ئەگەر چالاکی و کاری ئەنارکیستی لە ناوچەیەکدا باڵادەست بێت. ئەمەش هیوای ئەوەی لێ دەکرێت کە ئەنارکیزم و بیرۆکەکانی ئەنارکیستیی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر ڕەگ داکوتێت، هەر ئاواش دواتر دەتوانێت لە زۆربەی وڵاتانی دیکەدا دەست بە گەشەکردن بکات، چونکە ئەنارکیستەکانی ئەوێ بە بینینی ئەوە هەست بە بەهێزبوونی زیاتر دەکەن و بۆ ئەوانی دیکە هاندەر دەبێت تاکو بەرەو ئەنارکیزم بڕۆن.

هەندێك دەوڵەت لە هەندێکی تریان ستەمکارترن، هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە، هەر ئاواش لە بڕ و جۆری کولتووری سیاسیشدا جیاوازن. واتە ئەگەری ئەوە هەیە شۆڕشەکە بە خێرایی جیاواز پەرە بسێنێت.

ئەنارکیستەکان باوەڕیان بە پارە نییە کەواتە ئەگەر ئەنارکیزم تەنها لە ناوچەیەك یان دوو ناوچەدا دەستی پێ کرد چۆن مامەڵە و بازرگانی دەکەن؟ ئەمە لە کاتی خۆیدا بڕیاری لەسەر دەدرێت، بەڵام لێرەدا چەند بیرۆکەیەك دەخەینە ڕوو. ڕەنگە شۆڕش قەبارەیەکی ئەوەندە فراوان بگرێتەوە کە هەموو شتێك کە پێویستمانە لە ناوچەکانی کە شۆڕش تێیدا ڕووی داوە دەستمان بکەوێت. لەوانەیە بڕیار بدەین بە بێ بوونی شتێك بتوانین بژین کە لە ڕاستیدا پێویستمان پێی نییە. ڕەنگیشە لەگەڵ ناوچەکانی کەمتر شۆڕش گرتویەتییەوە ئاڵوگۆڕ بکەین، ڕەنگیشە سازش بکەین و ئەو شتانەی بەرهەمی دەهێنین بیفرۆشین بە شوێنەکانی تر و ئەو پارەیە بەکاربهێنین بۆ کڕینی ئەو شتانەی کە پێویستمانە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، یاخود پارەی دەستبەسەرداگیراوی بانکەکان بەکار بهێنین.


ناتوانین بە دڵنیاییەوە قسە لەسەر چۆنێتی کردنی بازرگانی و ئەگەری ڕوودانی بکەین، لە ئێستادا ئەمە ئەستەمە، چونکە زۆر هۆکار دێنە گۆڕێ و ڕۆڵی خۆیان دەبێت کە تەنانەت لێرەدا ناتوانین پێشبینییان بکەین. بەڵام بەڵێ، ئێمە پێمان وایە شۆڕشێکی ئەنارکیستی دەتوانێت لەسەر ئاستێکی بچووکتر دەست پێ بکات و دواتر گەشە بکات، ڕووداوێکی گەورەش دەبێت ئەگەر لە جیهاندا لە هەمان کاتدا ڕوو بدات.

# ٥١ بەڕاستی ئایا دەتوانین شتەكان بگۆڕین؟

وەڵامی سادە 'بەڵێ دەتوانین' ئەگەر نەمانتوانیایە کۆمەڵ ئاوا دەبوو کە هەمیشە بووە، بە دڵنیاییەوە دەتوانین شتەکان بگۆڕین. ئێمە لە مافی ئیلاهی پاشاکان ڕزگارمان بوو، دەسەڵاتی کڵێسا زۆر کەم بووەتەوە، زۆر دابونەریتی بەربەری ڕۆیشتوون. ئەو شتانەی کە ئێمە بە شتێکی ئاسایی دەزانین، وەك مووچەی پشوو یان ڕۆژانی کۆتایی هەفتە، لەلایەن خاوەنکارە بەخشندەکانەوە پێمان نەدراوە بەڵکو لەلایەن نەوەکانی پێشووەوە شەڕیان بۆ کردووە. ئەوانەی بەدەستهاتوون لەم ساڵانەی ڕابوردوودا کەمبوونەتەوە و یاساکان مانگرتن سنووردار دەکەن و دەسەڵاتی زیاتریان بە خاوەنکارەکان داوە. بەڵام کرێکارانی سەندیکا نوێیە سەربەخۆکان کە جیاوازن لە سەندیکا فەرمییەکان بەرپەرچی دەدەنەوە و سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنن.

نموونە لە بوارەکانی تریشدا هەیە، ژنان پێشکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە بەرەو مامەڵەی یەکسان لە کۆمەڵدا (بەڵام ئەمە کافی نییە). کەمئەندامان خەباتیان کردووە و سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. ئەم چاکسازییانە زۆر کەمترن لەوەی کە ئەنارکیستەکان دەیانەوێت. ئەوەش پێویستی بەوەیە کە سەرمایەداری و دەوڵەت بە کۆمەڵگەیەك لەسەر بنەما ئەنارکیستییەکان جێگەیان بگیرێتەوە.

دوو نموونە کە زۆرێك لە ئەنارکیستەکان لەم بارەیەوە دەیبینن. یەکێکیان ئیسپانیایە لە کاتی شەڕی ناوخۆ و ئەوی تریان خۆبەڕێوەبەری خەڵکە ئەسڵییەکانی کۆمۆنێتی Cheran, Michoacan ، لە مەکسیك.




لە ساڵی 2011 بە ڕابەرایەتی ژنانی لۆکاڵی ئەو شوێنە، Cheran, Michoacan بۆ بەرگریکردن لە دارستانەکەیان لە داربڕە چەکدارەکان هەستان هاوکاتیش و پۆلیس و سیاسەتمەدارانی گەندەڵیشیان دەرپەڕاند، پارتە سیاسییەکان قەدەغە کران. بە بەکارهێنانی **دیموکراسی ڕاستەوخۆ** هەموو کەسێك قسەی خۆی هەیە و بڕیارەکان بە **کۆدەنگی** لەسەر کارەکان دەدرێت، لە هەر کارێکی ناوخۆیی لە بواری بیناسازییەوە تا دەگاتە کاری خزمەتگوزارییە گشتیەکان.

لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا لە ساڵی 1936دا، گروپەکانی کە بە گوێرەی پرنسیپە ئەنارکیستییەکان ڕێکخرابوون لەبەڕێوەبردنی کارگەکان ، ئاشەکان ، بەندەرەکان، ئامرازەکانی گواستنەوە، دوکان و شۆپەکان و خزمەتگوزارییەکانی ( ئاو و کارەبا و غاز و ..تد) دیکە بەبێ بەڕێوەبەر و دەوڵەت بەڕێوەدەچوون. جوتیاران بەکۆمەڵ کۆنترۆڵی زەویەکەیان گرتە دەست. لە زۆر ناوچەدا سیستەمی پارە هەڵوەشایەوە. ئەم گروپانە لەسەر بنەمای پێویستی و توانا یەکسانی ئابوورییان دروست کرد. ئەمانە نموونەیەکی درەوشاوە بوون کە چۆن دەتوانن ڕوو بدەن و بکرێن.

## ٥٢ کەواتە لە خۆت بپرسە؛ دەتەوێت چ جۆرە ئایندەیەك بۆ خۆت و جیهان ببینیت؟

کۆمەڵی ئەنارکیستیی کۆمەڵێکی دادپەروەرانەتر، یەکسانتر، دیموکراتتر دەبێت. سیستەمێکی **ناپلەبەندییە،** کە هەموو کەسێک قسەی خۆی دەبێت لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ. لەو شوێنانەی بڕیارەکان دەدرێت سوود بە کۆمۆنێتی لۆکاڵی و کۆمەڵی فراوانتر دەگەیەنێت، بێ ئەوەی پێویست بکات ڕەچاوی قازانجی کۆمپانیاکان یان بەرژەوەندی خۆپەرستی گەندەڵ لە سیاسییەکان و کەسانی دەوڵەمەند بکرێت. ملیۆنان کەس لەو کارانە ئازاد دەبن کە هیچ سوودێکیان بۆ کۆمەڵ نییە، وەك کەرتی دارایی.

کۆمەڵێك کە کەس برسی نابێت و هەمووان دەستیان بەو دەرمانانە دەگات کە پێویستیانە هەروەها باشترین چاودێری تەندروستیش. ئەو کۆمەڵەیە کە مرۆڤەکان بتوانن دووی خەونەکانیان بکەون، ئەو پەروەردەیە بەدەست بهێنن کە دەیانەوێت، کارێکی مانادار و سەرنجڕاکێش بدۆزنەوە و گەشت بکەن یان لە هەر شوێنێك کە حەزیان لێیە نیشتەجێ بن بەبێ سنووردارکردنێك و بەربەستێك.
کاتێك دەسەڵات لە هەرە کەمایەتییەکە وەرگیرا، دەتوانین پێکەوە کار بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە کۆمۆنێتییەکانا و لەسەر ئاستی جیهانیدا هەن بەبێ ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگری لە گۆڕانکاری ڕاستەقینە دەکەن.

# فەرهەنگی وشە و چەمكەكان

- **لێپرسینەوە، لێپێچینەوە:** واتە بەرپرسێتی لەو كار و بڕیارانەی كە دەیكەیت و دەیدەت لە بەرانبەر كەسانی دیكە كە پەیوەندییان بە تۆوە هەیە وەك هاوكارەكانت، دراوسێكانت و هتد. لەو بارەدا دەكرێت لێتبپرسرێتەوە.
- **ئەناركی:** بە واتای وشەیی بە مانای ‘نەبوونی دەسەڵات ’ دێت - لە یۆنانییەوە وەرگیراوە. An) -ئەن) یانی بەبێ، وشەی ( ئاركی، ئارشی) یانی دەسەڵات. ئەناركیزم ئەو باوەڕەیە كە هەموو كەسێك بژی بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێكی بەسەر ئەوانی تردا هەبێت.
- **ئەنجوومەنەكان:** بە ئەنجوومەنی گەلییش ناسراون، ئەمانە ئاستی بنەڕەتی ڕێكخستنن لە سیستەمێكی ناپلەبەندیدا، ئاسۆییدا. ئەنجوومەنەكان كراوەن بۆ هەمووان و ئەو گروپەن كە بڕیارەكان دەدەن. گفتوگۆكان سەبارەت بە چۆنیەتی كاركردنی گروپەكەن لە كۆبوونەوەی گروپ یان ئەنجوومەنەكەدا بڕیار دەدرێت (دەكرێت ڕووبەڕوو یان بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا بێت). هەموو كەسێك لەو شوێنەدا یان

شوێنی کارەکەدا بەخێرهاتن دەکرێت و یەکسانانە قسەیان دەبێت و هەیە لە بەڕێوەبردنی شتەکاندا و کارەکانیش هاوبەشە.

- **سۆسیالیست،کۆمۆنیستە دەسەڵاتخوازەکان**: بڕوانە "سۆسیالیزمی دەوڵەتیی".
- **سەرمایەداریی**: ئەو سیستەمەی ئێستایە کە لە سایەیدا دەژین. سەرمایەداریی سیستەمێکی ئابووریی، سیاسیی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییە کە تێیدا چەند کەسێك خاوەندارێتی و کۆنترۆڵی موڵك و سامان لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەن. کۆمەڵێکە لە بەڕێوەبەران و سەرۆکەکان و قازانجەکان و خاوەن خانوو و خاوەن زەوییەکان... و دابەشبوو بەسەر دەوڵەمەند و هەژاردا.
- **چین، چینی کرێکار، چینی دەسەڵاتدار، حوکمران**: زۆر پێناسەی جیاواز بۆ چین هەیە، بەڵام بە گشتی و زۆر بە فراوانی باس لە دابەشبوون دەکات بۆ دوو چین، چینی دەسەڵاتدار کە دەسەڵات و سامان و پەیوەندییان، کۆنتاکتیان هەیە و چینی کرێکار کە تەنها هێزی کاری خۆیان هەیە بۆ فرۆشتن بۆ ئەوەی بژێوی ژیان پەیدا بکەن. تەنها ئەو دەسەڵاتەیان هەیە کە دەتوانن لە ڕێگەی هاوکاری و کۆمەکی یەکتر و هاودەنگی لەگەڵ باقی چینەکەیان بەرهەمی بهێنن.
- **ململانێی چینایەتی**: ئاماژەیە بۆ ململانێی بەردەوام و بەرفراوان لە نێوان چینی کرێکار، چەوساوەکان و چینی دەسەڵاتدار، چەوسێنەران. گروپی یەکەم نزیکەی هەموو

کەسێك دەگرێتەوە هەرچەندە هەندێکیان کە هێشتا کار بۆ بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار دەکەن خۆیان وا دەبیننەوە کە بەرژەوەندییان لەگەڵ بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتداردایە یاخود خاوەنی بڕێکی کەم لە موڵك و ماڵ یان سامانێکن.

- **بەکۆمەڵ، بەکۆمەڵی، هەرەوەزیی، دەستەجەمعیی**: کۆمەڵێك کەسن کە پێکەوە کاردەکەن بەرەو ئامانجێکی هاوبەش و بەگشتی بڕیار دەدەن لەسەر هەندێك فۆڕمی ڕێککەوتن بەبڕیاردانی کۆدەنگی.
- **کۆمۆنیزم (کۆمۆنیست):** شێوازێکە لە ڕێکخستن کە تێیدا هەموو موڵك و سەروەت و داهات و سامانێك کۆمۆنێتییەکە خاوەندارێتی لێدەکات و هەر کەسێك بەگوێرەی توانای خۆی بەشداری دەکات و بەپێی پێویستیی خۆی وەردەگرێت. بەڵام بەتێپەڕبوونی زەمەن ماناکەی شێوێندراوە و گەندەڵ بووە و ئەوانەی لە دەسەڵاتدان یان میدیا بە مەبەست بە هەڵە بە "سۆسیالیزمی دەوڵەتی" دەیچوێنن و دەیخەنە ڕوو (بڕوانە سۆسیالیزمی دەوڵەتی) .
- **چارەسەرکردنی ناکۆکی** : بڕوانە "نێوەندگیریی"
- **کۆدەنگیی یان بڕیاردان بە کۆدەنگیی**: لێرەدا لەبری ئەوەی تەنها دەنگ بدەن، گروپێك باس لە بابەتێك دەکەن و هەوڵدەدەن هەموو کەسێك لەناو ئەو گفتوگۆیە یان گروپەدا بگەنە ڕێککەوتن. ئەمەش هەندێك جار کاتێکی زیاتری دەوێت،

لەم بارەدا خەڵك پێویستیان بە نەرمی و نیانیی دەبێت، یان بە ئامادەبوون بۆ سازشكردن یان بە گەڕان بەدوای وەڵامی جیاوازدا. ڕازیكردنی هەمووان هەمیشە ناتوانرێت یاخود عەمەلیی نییە، بۆیە بەدرێژایی ساڵانێك ڕێنماییەكان پەرەیان سەندووە بۆ ئەوەی یارمەتی گروپەكان بدەن بڕیار بدەن كە چی بكەن كاتێك بە كۆدەنگی نەگەیشتوون. سەیری - www. seedsforchange.org.uk/consensus - وەک خاڵی دەستپێك. زۆرێک لە كۆمۆنێتییەكانی جیهان بەم شێوەیە بڕیار لەسەر شتەكان دەدەن. زۆرێكیش لە ڕێككەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەكان بەم شێوەیە ڕێكدەكەون. تەنها ئەوانەی لە دەسەڵاتدان حەزدەكەن فێڵمان لێ بكەن كە دەنگدان تاكە ڕێگایە چونكە سوودی بۆ دەسەڵاتداران هەیە.

- **هەرەوەزییەكان:** (بۆ نموونە هەرەوەزییەكانی كرێكاران و خانووبەرە) كۆ-ئۆپ كە كورتكراوەی كۆئۆپەرتیڤە، ڕێكخراوێكە كە لەلایەن ئەندامەكانییەوە خاوەندارێتی دەكرێت و كۆنترۆڵ دەكرێت بۆ دابینكردنی پێداویستییە هاوبەشەكانیان، دەكرێت ئەندامەكانی كرێكار بن، دانیشتووان یان هەر كەسێك كە قسەی هەیە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی كۆ-ئۆپ. لە كۆ-ئۆپی كرێكاراندا شوێنی كار بەڕەزامەندی هەموو كەسێكەوە بەڕێوەدەبرێت (و مەبەستمان هەموو كەسێكە) كە لەوێ كاردەكات. هەروەها ئەگەر بیانەوێت دەكرێت خەڵكی ناوچەكە، لۆكاڵەكە لەخۆ بگرێت. لە كۆ-ئۆپی نیشتەجێبووندا ژمارەیەك ماڵ (بڵێین هەموو ماڵەكانی ناو شەقامێك یان

ئیستەیتێك) دیسانەوە بە یەكسانی و ڕەزامەندی هەموو ئەوانەی كە لەوێ دەژین بەڕێوەی دەبەن .

- **ئۆتۆنۆمیی، لامەركەزیی، نانێوەندیی:** دەوڵەتە سەرمایەدارییەكان ناوەندگەرایین و لێرەدا گەورەترین دەسەڵات لە دەستی ناوەنددایە، زۆرجار لەلایەن یەك كەسەوە (سەرۆك یان سەرۆكوەزیران). لە سیستەمی ناپلەبەندیدا، ئاسۆییدا دەسەڵات بە دەست ئەنجوومەنەكانەوەیە و بەڕێوەدەبرێت و بەمجۆرە ناناوەندگەراییە.
- **نێردەر، نێردراو** : ئەو كەسانەی كە لەلایەن ئەنجوومەنێكەوە دەنێردرێت بۆ كۆبوونەوە گەورەكان تاكو بەڕاستی نوێنەرایەتی خەڵك بكەن. لەلایەن ئەنجوومەنەكانی خۆیانەوە ڕێنمایی دەكرێن بۆ ئەنجامدانی كاری دیاریكراو، بۆیە ناخرێنە دۆخێكەوە كە خۆیان دەسەڵات بەكاربهێنن. دەتوانرێت دەستبەجێ نێردراوان بانگهێشت بكرێتەوە (ئەو ئەنجوومەنەی كە ناردوونی دەتوانێت بانگیان بكاتەوە بە كەسانی دیكە جێگەیان بگیرێتەوە) ئەمەش وایان لێدەكات شتێكی جیاواز لە بۆچوونی ئەنجوومەنەكان نەڵێن.
- **دیكتاتۆرییەت:** جۆرێكە لە حكومەت كە بە سەركردەیەك، یان كۆمەڵێك سەركردە تایبەتمەندە، كە دەسەڵاتە حكومییەكانیان بەدەستەوەیە و سنووردارکردنێكی كەم یان هیچ سنوورێكیان نییە.
- **دیموكراسی ڕاستەوخۆ:** هەموو كەسێك دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بەخۆیان بڕیارەكان بدەن (لە ئەنجوومەنەكاندا) نەك ئەم

دەسەڵاتە ڕووبەڕووی سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بکەنەوە (کە دیموکراسی ناڕاستەوخۆ یاخود نوێنەرایەتییە).

- **لیژنەکانی کارگە**: بڕوانە " شووراکانی کرێکاران"
- **فاشیسزم**: توندڕەو، دەسەڵاتخواز، نەتەوەپەرستی توونددڕەو، ڕەگەزپەرستی و توندوتیژی باوەڕی سیاسیانە. فاشیستەکان باوەڕیان بە یەك سەرکردەی دیکتاتۆری تەواو بەهێز هەیە، کە هێز بەکاردەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی توندی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵ.
- **کۆمەڵە دۆستخوازەکان**: ئەمانە ڕێکخراوی یارمەتیدانی یەکدی خۆبەخشی کرێکاران بوون. یەکەمیان لە دەوروبەری ساڵی 1500 دەستی پێکرد. بەتێپەربوونی کات دەسەڵاتخوازە هیرراشییەکان لە دەوڵەتدا دەستگیرۆیی حکومەتیان بۆکەسانی دەستکورت داهێنا و بەمە بە شێوەیەکی کاریگەر جێگەیان گیرایەوە. ئەو کۆمەڵانە هەموو شتێکیان لە بیمەی بێکاری کاتییەوە تا پزیشکی خێزانی و گشتی و نەخۆشخانە بۆ ئەندامەکانیان دابین دەکرد.
- **سەندیکای سەربەخۆی کرێکاران نەك سەندیکا فەرمییەکانی سەر بە حیزبەکان:** کرێکارانی نێونەتەوەیی جیهانیی، سەندیکای سەربەخۆی کرێکارانی سەربەخۆی leaners & Allied و دەنگە یەکگرتووەکانی جیهان، سیانن لەوان. ئەمانە لە لایەن کرێکارانەوە دامەزراون کە دەیانەوێت تێکۆشانەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن لەبری ئەوەی لە لایەن

سەندیكا سەرەكەییەكان، فەرمییەكانی كرێكارانەوە كۆنترۆڵ بكرێن و بفرۆشرێن

- **پلەبەندیی، هیرراشیی، هەرەمیی**: - سەیری ناپلەبەندیی بكە.
- **ناسنامەی سیاسیی، سیاسەتی ناسنامە:** بەرخوردێكی سیاسییە كە كەسانی لە جۆرێك رِەگەز، نەتەوە، ئایین، جنس، جێندەر ، ئاراستە یا مەیلی سێكسی، یان فاكتەری ناسێنەری دیكە ئەجێندەكانی سیاسی پەرەپێدەدەن كە لەسەر بنەمای ئەم ناسنامانە دادەمەزرێن. ناسنامەی سیاسی پەیوەستە بەو بیرۆكەیەی كە هەندێك گروپ لە كۆمەڵدا ستەمیان لێدەكرێت و بە شیكردنەوەی ئەو چەوساندنەوە دەست پێدەكات.
- **دادپەروەری – قەرەبووكردنەوە:** لێرەدا "خراپەكار" قەرەبووی قوربانییەكەی دەكاتەوە بە دانی زیانەكانی لە ئەنجامی تاوانەكەوە، یان بە پارە یاخود كردنی خزمەتگوزارییەك بۆ ماوەیەك.
- **دادپەروەری – چارەسەر**: لێرەدا هەردوولا هەوڵدەدات قوربانی و كۆمۆنێتییەكە بگەرِێنێتەوە بۆ بارودۆخی پێش تاوانەكە، بەڵام هەنگاوێک زیاتر دەروات. كەسانی تاوانباركراو هاندەدرێن دان بە تاوانەكانیاندا بنێن و هەوڵبدەن بگۆرِرین و چاكی بكەن .
- **دادپەروەری – گۆرِانكاری**: ئامانجێتی ئەوانەی بەشدارن بۆ باشتر بگۆرِرێن. هەوڵ دەدات كۆمەڵ بە گشتی و هەروەها تاكی

بەشداربوو بگۆڕێت. هەوڵ دەدات وەڵام بە قوربانییەکان بداتەوە کە بۆچی بوونەتە قوربانی. هەروەها داوا لە خراپەکاران دەکات کار لە سەر گۆڕینی خۆیان بکەن بەزۆری بە هاوکاری کەسانی دیکە.

- **ئازادیخواز، ئازادیخوازان:** پێچەوانەی دەسەڵاتخوازانە. ئەو پێناسەیەی لێرەدا بەکاری دەهێنین مانای ئەوە نییە مرۆڤەکان دەتوانن هەرچییەکیان بوێت بیکەن، بەڵام کەس ناچار ناکرێت کە شتێك بکات، هەموو بڕیارەکان لەلایەن هەمووانەوە دەدرێت کە یەکسانییان لە قسەکردندا هەیە. کەسانی دیکە پێناسەی جیاواز بەکاردەهێنن.
- **ناوچەی، زۆنی ئەنارکیستی مانچوریا (مەنشوریا):** ئەمە ناوچەیەك بوو کە ئێستا باکووری ڕۆژهەڵاتی چینە، کە لە ساڵی 1929 تا 1931ی خایاند، زۆنەکە ئەو دوکانانەی لەخۆگرتبوو کە هەموو شتێک بەخۆڕایی بوو. هەرەوەزییە جوتیاری و کرێکارییەکان و پەروەردەی بێ بەرامبەر لە سەرانسەری زۆنەکەدا لەشانی ئەنجوومەنەکانی هەرێمەوە دامەزرا.
- **نێوەندگیریی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان:** ئەمەیە کە کەسانی ڕاهێنراو هەوڵدەدەن و یارمەتی ئەوانی دیکە بدەن کە ناتوانن لەسەر شتێك ڕێکبکەون تا بگەنە ڕێکەوتنێك کە هەموان دڵخۆش بن پێی کە پێشتر لەسەری ڕێکنەکەوتوون. نێوەندگیریی زیاتر لەوەدایە کە تاکەکان یان گرووپەکان باشترین ڕێگا بۆ چوونە پێشەوە دادەڕێژن بۆ ئەوەی هەمووان دڵخۆش

بن. چارەسەركردنی ناكۆكی كاتێك ڕوودەدات كە تاكەكان یان گروپەكان زیاتر لەگەڵ یەكتردا نیگەرانن. لە بازنەیەكی بچووكدا دەتوانێت یارمەتیدانی كەسانی نێو گروپێك بێت بۆ ئەوەی بگەنە بڕیارێك كە هەموویان لایان پەسەند بێت. لە بازنەیەكی گەورەتردا دەكرێت شەڕەكان بوەستێنێت بە نێوەندگیریی نێوان هەردوولا. هەردوو ئەمانە لە كۆمەڵی ئێستادا ڕوودەدەن. لە كۆمەڵی ئەناركیستیدا زۆربەی ئێمە دەتوانێت ئەو یارمەتییە بدات و هەروەها بۆ ئەو مەبەستە ڕاهێنان بەوانی دیكەمان دەكرێت.

- **هاوكاری یەكتر**: هاوكاری و پاڵپشتی یەكترە لەسەر بنەمای پێویستی و چاوەڕوانی هیچ لە بەرامبەردا.
- **ناسیۆنالیزم**: باوەڕێكە كە داوای وەلایی، خۆتەرخانكردن، وەلابوون، پەرۆشیی، یان بەیعەت بە نەتەوەیەک یان دەوڵەتێكی نەتەوەیی بكات. هەروەها پێی وایە ئەم جۆرە داواكاریانە لە بەرژەوەندی تاكەكەسی یان گروپییەكانی دیكەیە، بەتایبەتی چین. زۆرجار بناغەیەكە بۆ سەرهەڵدانی نەژادپەرستی یان فاشیسزم. ئەناركیستەكان كۆمەڵێكی بەدەر لە ناسیۆنالیزمیان دەوێت.
- **ناپلەبەندیی، ئاسۆیی**: ئەمە ئەو شوێنەیە كە ڕۆڵی سەركردە، سەرۆك یان ڕۆڵی جۆری بەڕێوەبەر نییە و هەر ئاواش ڕۆڵی كەمتریش نییە. لەبری ئەوە ئەندامانی گروپێك، ڕێكخراوێك یان هەرەوەزییەك هەموویان یەكسانیانە قسەیانە هەیە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی گروپەكە و ئامانجەكان چین و چۆنیەتی

گەیشتن بەو ئامانجانە. پلەبەندیی پەیوەندییەکە یەکسانی تێدا نییە و نایەکسانە. ئێمە لە زۆر بوار و لایەنی پلەبەندیدا دەژین، هەندێکیان ئاشکران وەك ئەوەی سیاسەتمەدار و بەڕیوەبەرەکانن کە بەرپرسن، هەندێکیش کەمتر ئاشکران، وەک ئەوەی هەندێك کەس متمانەیان بەخۆیانە و گوێیان لێدەگیرێت بەهۆی جێندەیانەوە یان پاشخانی چینایەتییان هەیە. ئەنارکیستەکان دژی هەموو پلەبەندییەکانن.

- **یەکەی خێزانیی**: بە شێوەیەکی نەریتی ئاماژەیە بۆ ژن و مێرد و منداڵ، کە توخمی نێر کەسی باڵادەستە.
- **دیموکراسی بەشداربووان، دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ**: بڕوانە " خۆرێکخستن."
- **کۆمۆنەی پاریس**: کۆمۆنەی پاریس بۆ دوو مانگ لە ساڵی 1871 بەردەوام بوو، دوای دەرپەڕاندنی سوپای فەرەنسا، هاوڵاتیانی پاریس پاریسیان وەك کۆمۆنێکی سەربەخۆ ڕاگەیاند. هەموو ئەوانەی لە لیژنەی ناوەندیدا هەڵبژێردرابوون، دەستبەجێ بانگهێشتکرانەوە و کرێی تێکڕای کرێکاریان هەبوو. سیاسەتەکان گوزارشتی لە پێداویستییە دەستبەجێیەکانی چینی کرێکار دەکرد. کرێکاران دەستیان بەسەر ئەو کارگانەدا گرت کە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە چۆڵکرابوون. کرێی خانوو هەڵوەشایەوە، پۆلیس و کاری منداڵان هەڵوەشانەوە و کەنیسەی کاسۆلیکی بێدەسەڵات کرا. سوپای فەرەنسا بە هێزێکی سەرسەختەوە گەڕایەوە و یاخیبوونەکە تێشکا.
- **نێردەری بانگهێشتکراو** : سەیری "نێردەرەکان" بکە.

- **دیموکراسی نوێنەرایەتی:** دەنگدان هەر چوار یان پێنج ساڵ جارێك دوای ئەوە لە هیچ بڕیارێکدا قسەیەکی ترت نییە، دواتر بەناو سەرکردە هەڵبژێردراوەکان هەرچییەکیان بوێت دەیکەن.
- **چینی دەسەڵاتدار:** بڕوانە "چین"
- **شۆڕشی ڕووسیا:** هەرچەندە ئەمە بە ڕێکخستنێکی زۆری لۆکاڵی دەستی پێکرد، هەندێک لە ئەنارکیستەکان لە ڕووسیا "سۆڤیەتەکان"یان لە ساڵی 1917 دا چۆن ئێمە ئەمڕۆ ئەنجوومەنەکان دەبینین، ئاوایان دەبینی، پارتی کۆمۆنیست، بەلشەفی، بە خێرایی ڕێبازی ناپلەبەندیی، ئاسۆیی "لە خوارەوە بۆ سەرەوە"ی لەناوبرد و شوێنی بە ڕێبازێکی توندی پلەبەندی "لە سەرەوە بۆ خوارەوە" لەوانەش توندوتیژیی زیادەڕۆیی دژی هەر کەسێك کە نارەزایەتی دەربڕیوە.
- **تێکدان،ی شکاندن:** بە ئەنقەست ڕێگریکردن، زیانگەیاندن، یان لەناوبردنی و تێکدانی شتێک، بۆ قازانجی سیاسی و ئابووری. وشەکە، **Sabotage** سابۆت، لە وشەی سابۆتاژلییەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە مانای پانیبەرزی یا پێڵاوی پیاوانە کە لە تەختە دروستکراوە کە کرێکارانی فەرەنسی لە پێیان دەکرد و وەك ئامرازێك بۆ لەناوبردنی ئامێرەکان بەکاریان دەهێنا.

- كەمیی - جیاوازی نێوانی شتێك كە پێویستە و ئەوەی كە دەكرێت بەردەست بكەوێت.
- **خۆڕێكخستن:** شێوازێكی ترە بۆ پێناسەكردنی ڕێكخستنی ناپلەبەندیی، چونكە مرۆڤەكان خۆیان بڕیار دەدەن كە چی ڕوودەدات بەبێ ئەوەی هێزی دەرەكی یان باڵاتر پێیان بڵێن چی بكەن. ئاسۆیی وشەیەكی ترە كە بۆ پێناسەی پێچەوانەی پلەبەندییەكان بەكاردێت. دەستەواژەیەكی دیكەی هاوشێوە بەشداری دیموكراستیانەیە چونكە هەمووان بە بەردەوامی بەشدارن، نەك تەنها چەند ساڵ جارێک دەنگێك بدەن وەك لە دیموكراسییە نوێنەرایەتییەكانی ئێستاماندا.
- **هاوپشتیی:** هاوكاری و پاڵپشتی یەكترە لەسەر بنەمای پێویستی و چاوەڕوانیی هیچ لە بەرامبەردا.
- **سۆڤیەتات:** بڕوانە ، " شوراكان، لیژنەكانی كرێكاران"
- **ئیسپانیا 1936:** شۆڕشێكی كرێكاری كە لە سەرەتای شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا لە ساڵی 1936 دەستی پێكرد، ڕووی دا كە بۆ ماوەی دوو بۆ سێ ساڵ بووە هۆی جێبەجێكردنی بەربڵاوی بنەماكانی ڕێكخراوەیی ئەناركیستی بە شێوەیەكی بەرفراوانتر، ئازادیخوازانەی سۆسیالیستی لە سەرانسەری ناوچە جیاوازەكانی وڵاتدا. لە بەرشەلۆنە بە تایبەتی سەندیكای كرێكاری سی ئێن تی ئەناركۆ-سندیكالیست (كە لەلایەن ئەندامەكانیەوە بەڕێوەدەبرا) دەستی بەسەردا گرت، و زۆر بە شێوەیەكی كارا هەموو شتێكی لە كارگەكانەوە تا ئامرازەكانی

گواستنەوەی گشتی و دەزگەی تەلەفۆنی بەڕێوەبرد. لە دەرەوەی شار خەڵك هەنگاوێك زیاتر ڕۆیشتن و زەویەكانیان بە هەرەوەزی كرد و پارەیان هەڵوەشاندەوە.

- **دەوڵەت**: حكومەتەكانی وڵاتێك، پەرلەمانەكان، پاشایەتییەكان و هەموو ئەو دەزگا و ئاڵا و سنوورانەی كە لەگەڵیاندا دەڕۆن زائیدەن پێشبینیكردنی هەموو شتێك كە لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەنجام بدرێت. هەروەها دەوڵەت پەروەردە، ڕۆشنبیریی، خزمەتگوزاری تەندروستیی، ڕاگەیاندن، ئایین، شارەوانی و بازاڕ بەڕێوەدەبات یان ڕێكدەخات تا ڕادەیەكی دیاریكراو. هەروەها و سەرپەرشتی و كۆنترۆڵی هێزەكانی دیكەی وەک پۆلیس، دادگا، زیندان، تۆڕی سەربازیی و تۆڕی سیخوڕی دەكات و دەیانهێڵێتەوە.
- **سۆسیالیزمی دەوڵەتی**: ئەمە پێناسەی وڵاتانی وەك چین، یەكێتی سۆڤیەت، كوبا و چەندین وڵاتی دیكە دەكات كە خۆیان بە سۆسیالیستی یان كۆمۆنیست ناودەبرد بەڵام لەگەڵ حكومەتێكی زۆر بەهێز كە هەموو لایەنەكانی ژیان و ئابووری كۆنترۆڵ دەكات و بەڕێوەی دەبات. سۆسیالیستە، كۆمۆنیستە دەسەڵاتخوازەكان ئەوانەن كە بەرگری دەكەن و بەنیازن سیستەمی هاوشێوە دروست بكەن (هەرچەندە ڕەنگە بانگەشەی ئەوە بكەن كە دەیانەوێت شتەكان بە شێوەیەكی جیاواز ئەنجام بدەن).
- **پشێوییەكانی ستۆنوال:** هەروەها پێی دەوترێت ڕاپەڕینی ستۆنوال، لە 28ی حوزەیرانی 1969 دەستپێكرد كاتێك

پۆلیسی شاری نیویۆرك هەڵیانكوتایە سەر ستۆنووڵ ئین، یانەیەكی هاورەگەزخوازانە و دەكەوێتە گوندی گرینویچ . هێرشەكە هەڵچوون و پشێوی زۆری لەنێو ئەو كەسانەدا دروستكرد كە لە بارەكە و دانیشتوانی گەرەكەكەدا بوون، لەكاتێكدا پۆلیس هێرشی كردە سەر كارمەندان و كڕیارەكان. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شەش ڕۆژ نارەزایەتی و پێكدادانی توندوتیژ لەگەڵ پۆلیس لە دەرەوەی بارەكە و لە شەقامەكانی دراوسێ و لە نزیك پاركی Christopher ڕوووبدات. پشێوی و بەگژاچوونەوەی پۆلیس لە ستۆنوال دەستپێكی بزووتنەوەی مافی هاورەگەزخوازان لە ئەمریكا و لە سەرانسەری جیهاندا بوو.

- **ئۆكرانیا 1917 -21** : ئەناركیست نێستۆر ماخنۆ و هاوڕێكانی لە ساڵی 1917 هەڵمەتی سوپای ئەناركیستیان دەستپێكرد كاتێك جوتیاران دەستیان بەسەر زەوییدا گرت. ماخنۆ و لایەنگرانی هەوڵیان دا ژیانی كۆمەڵایەتی و ئابووریی بەگوێرەی بنەما ئەناركیستییەكان ڕێكبخەنەوە، لەوانە دامەزراندنی كۆمیۆن لەسەر ئاستی ئیستەیتە تایبەتە گەورەكان، دووبارە دابەشكردنەوەی زەوی و ڕێكخستنی هەڵبژاردنی ئازاد بۆ شوورا لۆكاڵییەكان و كۆنگرە ناوچەییەكان. هاوكاتیش شەپۆلێكی خۆبەخۆی جوتیاران لە داگیركردنی زەوی لە شوباتی 1917 دواتریش لە سەرانسەری ڕووسیادا بڵاوبووەوە.
- **لیژانەكانی كرێكاران، سۆڤیەتات، لیژنەكانی گرووپەكانی كارگە**: ئەمانە هەندێك لە جۆری جیاوازی ڕێكخراون كە خەڵك لە شوێنی كار و كۆمۆنێتییەكانیان

كۆدەكەنەوە. ئەمانە هاوشێوەی "ئەنجوومەنەكانن " كە لە سەرەوە باسمان كرد.

- **چینی كرێكار:** بڕوانە "چین"
- **زاپاتیستەكان:** سوپای ڕزگاری نیشتمانی زاپاتیستەكان چەكداربوونی خۆیان لە ڕۆژی سەری ساڵی 1994 ڕاگەیاند. لە ماوەیەكی كورتدا دەستیان بەسەر 7 شار لە دەڤەری چیاپاس لە مەكسیكدا گرت، "ڕێككەوتنی بازرگانی ئازادیی ئەمریكا، مەكسیكیان ڕەتكردەوە (NAFTA)( US/Mexico Free Trade Agreement) بە دوای ئەمەدا خەڵكی ناوچەكە خاوەنزەویەكانیان لە موڵكەكانیان دەركرد و موڵك و ماڵی تایبەتییان هەڵوەشاندەوە و كۆمۆنێتی سەربەخۆیان ( كۆمۆنێتی ئۆتۆنۆمیی) دامەزراند. سەرەڕای ململانێی پچڕپچڕ لەگەڵ دەوڵەتی مەكسیك تا ئەمڕۆش ماونەتەوە. ئەوان تا ڕادەیەك ئیكتیفای زاتی خۆیان هەیە ، كۆ-ئۆپی كرێكاران بەڕیوەدەبەن هەروەها كێڵگەی خێزانیی، مەخزەنە كۆمەڵایەتییەكان بەڕیوەدەبەن و چاودێری تەندروستی هەموان بەڕێوەدەبەن، لە هەمان كاتدا زۆر بە جددی هەوڵی یەكسانی كردنی ژنان دەدەن. وەك چۆن لە ڕۆژاڤادا هەیە تێڕوانینی جیاواز لە دەوری پەیوەندی نێوان باڵی چەكدار و واقیعی كۆمۆنێتیەكان هەیە كە لە ڕاستیدا چییە و چۆنە. ئەوان بە بەردەوامی دەستیان گەیاندووەتە بزووتنەوە بنەڕەتییەكانی دیكە لەوانە ئەوانەی لە دەرەوەی مەكسیكن لەگەڵ ئەنجوومەنی "ئەنكوینترۆس" (encuentros )نێونەتەویەكان.

# بەرهەمەکانی وەرگێڕ

- شارەوانی ئازاد
- پرسیار و وەڵامی چەندبارە لەبارەی ئەنارکیزم
- گوێڕادێرە ئەی مارکسیست
- پرۆدۆن، ئازادیخوازێکی ئەهریمەنکراو
- باکور و ڕۆژئاوای کوردستان- چەند بابەتێکی ڕامیاری
- ئەلف و بێی ئەنارکیزم
- ئەنارکیزم و ڕێکخستن
- مارکس و ئەنارشیزم